حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

بەشی ڕاگەیاندن

# ڕۆڵی خوێندەواریی میدیایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە لە نێو سۆشیال میدیای هەرێمی کوردستاندا

نامەیەکە

**ئەردەلان مەحمەد ئەحمەد**

وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانیی کردووە.

سەرپەرشت

**پ.ی. د. بەناز حەمەڕەشید حەسەن**

٢٧٢٥ کوردی ٢٠٢٥ زایینی

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَنْ تُصِيبُوا قَوْمًا
بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ ﴾ سورة الحجرات آية (٦).

صدق الله العظيم

## ڕەزامەندیی سەرپەرشت

ئەم ماستەرنامەیەی خوێندکار (**ئەردەلان مەحەمەد ئەحمەد**) بە ناونیشانی (ڕۆڵی خوێندەواریی میدیایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە لە نێو سۆشیال میدیای هەرێمی کوردستاندا) بە چاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان – زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (**ڕاگەیاندن**) پێشنیازدەکەین پێشکەش بە لیژنەی تاوتوێکردن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشت: پ.ی.د بەناز حمەرشید حەسەن

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٥

بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم ماستەرنامەیە پێشکەش بە لیژنەی تاوتوێکردن دەکەم.

واژۆ:

ناو: پ.ی.د.کاوە عزالدین

سەرۆکی بەش: ڕاگەیاندن

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٥

## بڕیاری لیژنەی تاوتوێکردن

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردن، ئەم ماستەرنامەیەی خوێندکار (**ئەردەلان مەحەمەد ئەحمەد**)مان بەناونیشانی (ڕۆڵی خوێندەواریی میدیایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە لە نێو سۆشیال میدیای هەرێمی کوردستاندا) **خوێندەوەو ناوەڕۆک و لایەنەکانیمان تاوتویکرد، بڕیارماندا بە پلەی (            ) بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (ڕاگەیاندن)دا پێبدرێت.**

واژۆ:

ناو: ئازاد عبدالعزیز محمد

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت: ٢٠٢٥/١٠/٢٣

واژۆ:

ناو: کامل عمر سلێمان

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

ڕێکەوت: ٢٠٢٥/١٠/٢٣

واژۆ:

ناو: عبدالصمد قادر حسین

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

ڕێکەوت: ٢٠٢٥/١٠/٢٣

واژۆ:

ناو: بەناز حمە رشید حسن

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام و سەرپەرشت:

ڕێکەوت: ٢٠٢٥/١٠/٢٣

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان – زانکۆی سلێمانییەوە پەسەندکرا.

واژۆ:

ناو: پ.ی.د. پاڤێ جمیل احمد

ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

## پێشکەشە بە:

- ❖ مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار.
- ❖ دایک و باوک و خوشک و برا ئەزیزەکانم.
- ❖ هاوسەری خۆشەویستم و کچە جوانەکەم (تانۆ)، کە لە مافی ئەوانم زەوتکرد بۆ نووسینی ئەم ماستەرنامەیە.
- ❖ زانکۆی سلێمانی - کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی ڕاگەیاندن.
- ❖ شەهیدانی ڕۆژنامەنووس.

ئەردەلان

# سوپاس و پێزانین

سـەرەتا سـوپاس و سـتایش بۆ یەزدانی هەرە بەرز، کە ویسـتی لەسـەر بوو ئەم هەوڵە زانسـتییە بەئەنجامبگات، پاشـــان هەموو هەوڵێکی زانســـتیی کۆمەڵێک کەس لە پشـــتەوەیەتی، بۆ ئەو کارە زانستییەی منیش چەندین کەس و لایەن هاوکارم بوون، بۆیە بە پێویستی ئەزانم سوپاسی هەریەکە لەمانەی خوارەوە بکەم:

١-ســـەرپەرشـــتی توێژینەوەکەم، 'پ.ی.د.بەناز' کە هیچ کات درێغی نەکرد لە یارمەتیدان و بەدەنگەوەهاتنم.

٢-براو هاوڕێم مامۆستا 'ئەرسەلان محمد احمد' لەپای پێدانی ڕێنماییە زمانەوانییەکانی.

٣-سـوپاس بۆ ئەو پسـپۆڕە بەڕێزانەی، کە هەڵسـەنگاندنیان بۆ ئامرازەکانی توێژینەوەکە کرد و بە تێبینییەکانیان فۆڕمی ڕاپرسییەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

٤-سوپاس بۆ هەریەک لە مامۆستایان (پ.ی.د. صالح ابراهیم) و (م.دڵشاد حسن) بۆ وەرگێڕانی پوختەی توێژینەوەکە بۆ زمانی (ئینگلیزی و عەرەبی).

٥-هەموو ئەو بەڕێزانەی ناویانم بیر نییەو بە سەرە واوێکیش بێت یارمەتییانداوم.

توێژەر

## پوختە

## (ڕۆڵی خوێندەواریی میدیایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە لە نێو سۆشیال میدیای هەرێمی کوردستاندا)

ئەم توێژینەوەیە لەسەر ڕۆڵی خوێندەواریی میدیاییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە لە نێو سۆشیال میدیای هەرێمی کوردستاندا، لە گرنگترین ئامانجەکانی بریتیین لە: زانینی ئاستی بەرکەوتنی سامپلی توێژینەوەکە بە سۆشیاڵ میدیا و ئاستی متمانەی سامپڵی توێژینەوەکە بە زانیارییەکانی نێو سۆشیال میدیا، زانینی ئاستی ئاشنابوونی سامپڵی توێژینەوەکە بە خوێندەواریی میدیایی، زانینی ڕۆڵ و پەیوەندی نێوان خوێندەواریی میدیایی زانیاریی هەڵە، ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی جۆرەوە، توێژینەوەیەکی پەسنکاری (وصفی)یە، بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکان و ئامانجەکانیشی، میتۆدی (ڕووپێوکاریی) بەکارهێناوە، کۆمەڵی توێژینەوەکە خوێندکارانی زانکۆیە لە هەرێمی کوردستان و سامپڵەکەشی بریتییە لە خوێندکارانی هەر چوار زانکۆی (صلاح الدین_هەولێر، دهۆک، سلێمانی و هەڵەبجە)، ژمارەی سامپڵ لە (٣٨٥) خوێندکار پێکدێت، کە بە شێوەی هەڕەمەکیی چینی ڕێژەیی وەرگیراون بەشێوەی ڕێژە و گونجاندن (نسبة والتناسب)، لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی بریتین لە دەرئەنجامەکانی تایبەت بە تایبەتمەندی و بەرکەوتنی نموونەی توێژینەوەکە بە سۆشیال میدیا، توێژینەوەکە گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی، کە خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو و ڕۆژانە سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن، لەنێویشیدا تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، کە لە هەمانکاتدا بە سەرچاوەی سەرەکیی هەواڵ و زانیاریی دەزانن، دەرئەنجامەکان نیشانیاندا، کە بە شێوەیەکی گشتی، خوێندکاران بێلایەنن بە متمانەیان بەو هەواڵ و زانیارییانە، کە لە سۆشیال میدیادا بڵاودەبنەوە، سەبارەت بە خودی چەمکی خوێندەواریی میدیایی، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بە نزیکەیی بە شێوەیەکی یەکسان دابەشبووە، نزیکەی نیوەی خوێندکاران ئاشنایەتییان لەگەڵ چەمکەکەدا هەیە و نیوەکەی تریش ئاشنا نین، سەرەڕای جیاوازیی لە ئاستی بەرکەوتندا، دەرکەوت، کە بەرکەوتنی زیاتر نابێتەهۆی ئاستێکی بەرزتری خوێندەواریی میدیایی، ڕۆڵی خوێندەواریی میدیایی لە کارامەییەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە، توێژینەوەکە بە ڕوونی دەریخست، کە خوێندەواریی میدیایی، ڕۆڵێکی ئەرێنی و ڕاستەوخۆی هەیە لە مامەڵەکردنێکی دروست لەگەڵ زانیاریی هەڵە، لە کۆتاییدا توێژەر لەژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکاندا ژمارەیەک ڕاسپاردە و پێشنیازی پێشکەشکردووە، لەوانە: ڕاسپاردە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بۆ بڕیاردان لەسەر زیادکردنی بابەتی خوێندەواریی میدیایی و زانیاری(Media and Information Literacy) وەک بابەتێکی ناچاری (پێداویستی زانکۆ) بۆ قۆناغی یەکەمی سەرجەم بەش و کۆلێژەکان، بەبێ جیاوازی لەنێوان پسپۆڕییە زانستی و مرۆڤایەتییەکاندا. ڕاسپاردە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پلاتفۆرمەکانی پشکنینی ڕاستییەکان **بە** پەرەپێدانی بەشی تایبەت بە (پشکنینی ڕاستییەکان) لەناو دەزگا میدیاییەکاندا و کارکردن لەسەر ڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییە هەڵانەی، کە بەخێرایی لە سۆشیال میدیادا بڵاودەبنەوە، بەتایبەت ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیانەوە.

له گرنگترین پێشـنیازەکانیشـی، پێشـنیاز بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانسـتی و سـەرۆکایەتیی زانکۆکان هەروەها پێشـنیاز بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پێشنیاز بۆ توێژەرانی داهاتوو کراوە.

**کلیله وشەکان:** ڕۆڵ، خوێندەواریی میدیایی، زانیاریی هەڵە ، سۆشیال میدیا، هەرێمی کوردستان.

## لیستی بابەتەکان


| بابەت | لاپەرە |
| --- | --- |
| قورئانی پیرۆز | i |
| ڕەزامەندی سەرپەرشت | ii |
| بڕیاری لیژنەی تاوتوێکردن | iii |
| پێشکەشە بە | iv |
| سوپاس و پێزانین | v |
| پوختە | vii-vi |
| لیستی بابەتەکان | ix-viii |
| لیستی خشتەکان | x |
| لیستی شێوە و پاشکۆ | xi |
| لیستی کورتکراوەکان | xii-xi |
| پێشەکی | ٢-١ |
| بەشی یەکەم:چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە | ٣ |
| یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە | ٤ |
| دووەم: گرنگی توێژینەوەکە | ٥-٤ |
| سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە | ٥ |
| چوارەم: میتۆدی توێژینەوەکە | ٥ |
| پێنجەم: کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە | ٧-٦ |
| شەشەم: ئامرازی توێژینەوەکە | ٧ |
| حەوتەم: ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان | ٨ |
| هەشتەم: ڕاستی ڕواڵەتی و جێگیری | ١٠-٨ |
| نۆیەم: سنوری توێژینەوەکە | ١١-١٠ |
| دەیەم: ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوەکە | ١٢-١١ |
| یانزەیەم: توێژینەوەکانی پێشوو و تاوتوێکردنیان | ١٩-١٢ |
| بەشی دووەم: تیۆرینامەی توێژینەوەکە | ٢٠ |
| باسی یەکەم: خوێندەواری میدیایی | ٣٤-٢٠ |
| پێشەکی باسی یەکەم | ٢١ |
| یەکەم: خوێندەواریی | ٢٤-٢٢ |
| دووەم: چەمکی خوێندەواریی میدیایی | ٢٥-٢٤ |
| سێیەم: پێناسەی خوێندەواریی میدیایی | ٢٧-٢٥ |
| چوارەم: مێژووی سەرهەڵدانی خوێندەواریی میدیایی | ٢٨-٢٧ |
| پێنجەم: گرنگی خوێندەواریی میدیایی | ٢٩-٢٨ |

شەشەم: چەمکە سەرەکییەکانی خوێندەواریی میدیایی ٣٠-٣٢
حەوتەم: پێوەرەکانی (یونسکۆ) بۆ خوێندەواریی میدیایی و زانیاری ٣٢-٣٣
دەرئەنجامی باسی یەکەم ٣٣-٣٤
باسی دووەم: زانیاریی هەڵە ٣٥-٥٠
پێشەکی باسی دووەم ٣٦
یەکەم: چەمک و پێناسەی زانیاریی ٣٦-٣٨
دووەم: زانیاریی لەسەردەمی ئەمڕۆدا ٣٨-٤٠
سییەم: زانیاریی هەڵە ٤٠-٤٣
چوارەم: جۆرەکانی زانیاریی هەڵە و چەواشە ٤٣-٤٨
پێنجەم: پێوەرەکانی (GDI) بۆ زانیاریی هەڵە ٤٨-٤٩
دەرئەنجامی باسی دووەم ٤٩-٥٠
باسی سێهەم: سۆشیال میدیا ٥١-٦٨
پێشەکی باسی سێهەم ٥٢
یەکەم: چەمک و پێناسەی سۆشیال میدیا ٥٢-٥٤
دووەم: مێژووی سەرهەڵدانی سۆشیال میدیا ٥٥-٥٧
سێهەم: جۆرەکانی سۆشیال میدیا ٥٧-٥٨
چوارەم: تایبەتمەندییەکانی سۆشیال میدیا ٥٨-٦١
پێنجەم: خزمەتگوزارییەکانی سۆشیال میدیا ٦٢-٦٣
شەشەم: لایەنە باش و خراپەکانی سۆشیال میدیا ٦٤-٦٧
حەوتەم: بوارەکانی سۆشیال میدیا ٦٧-٦٨
دەرئەنجامی باسی سێهەم ٦٨
باسی چوارەم: ڕۆڵی خوێندەواریی میدیایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە ٦٩-٧٥
پێشەکی باسی چوارەم ٧٠
یەکەم: خوێندەواریی میدیایی و مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە ٧٠-٧٢
دووەم: ڕۆڵی خوێندەواریی میدیایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە لەژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو ٧٢-٧٣
دەرئەنجامی باسی چوارەم ٧٤-٧٥
بەشی سێهەم: کردەنیمامەی توێژینەوەکە (خستنەڕو و شیکاری ئەنجامەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە) ٧٦-٩١
دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە ٩٢
ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە ٩٣
پێشنیازەکانی توێژینەوەکە ٩٤-٩٥
لیستی سەرچاوەکان ٩٦-١٠٥
لیستی پاشکۆکان ١٠٦-١٢١

| لیستی خشتەکان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| خشتەی (1) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ٦ |
| خشتەی (2) سامپڵی توێژینەوەکە | ٧ |
| خشتەی (3) بەهای جیگیری ئەلفا کرۆنباخ | ١٠ |
| خشتەی (4) خستنەڕووی ڕەگەزی سامپڵی توێژینەوەکە | ٧٧ |
| خشتەی (5) خستنەڕووی پسپۆری خوێندنی سامپڵی توێژینەوەکە | ٧٧ |
| خشتەی (6) خستنەڕووی سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی زانکۆ | ٧٨ |
| خشتەی (7) خستنەڕووی ئاستی بەرکەوتنی سامپڵی توێژینەوەکە بە سۆشیال میدیا و جۆر و مەبەستی بەکارهێنانی | ٧٩-٨٠ |
| خشتەی (8) خستنەڕووی ئاستی متتمانەی سامپڵی توێژینەوەکە بە هەواڵ و زانیاریی نێو سۆشیال میدیا | ٨١ |
| خشتەی (9) خستنەڕووی ئاستی خوێندەواریی میدیایی سامپڵی توێژینەوەکە | ٨١-٨٢ |
| خشتەی (10) خستنەڕووی وەڵامی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ برگەکانی پێوەری خوێندەواریی میدیایی | ٨٣-٨٤ |
| خشتەی (11) خستنەڕووی وەڵامی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ برگەکانی پێوەری زانیاریی هەڵەی نێو سۆشیال میدیا | ٨٥ |
| خشتەی (12) خستنەڕووی پەیوەندی نێوان خوێندەواریی میدیایی و زانیاریی هەڵەی نێو سۆشیال میدیا | ٨٦ |
| خشتەی (13) ڕۆڵی خوێندەواری میدیایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە لەنێو سۆشیال میدیای هەرێمی کوردستاندا | ٨٨ |
| خشتەی (14) دەرخستنی جیاوازی لە ئاستی خوێندەواریی میدیایی سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی رەگەز و پسپۆری خوێندن | ٨٩ |
| خشتەی (15) خستنەڕووی ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نمرەی خوێندەواریی میدیایی بەپێی زانکۆ | ٨٩ |
| خشتەی (16) دەرخستنی جیاوازی لە ئاستی زانیاریی هەڵە بەپێی ڕەگەز و پسپۆڕی خوێندن | ٩٠ |
| خشتەی (17) خستنەڕووی ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نمرەی زانیاریی هەڵە بەپێی زانکۆ | ٩١ |

## لیستی شێوە


| ناونیشان | لاپەرە |
| --- | --- |
| شێوەی (١): هەرسێ جۆرە سەرەکیەکەی زانیاریی هەڵە. | ٤٣ |
| شێوەی (٢): ئەو بوارانەی، کە (دیپ فەیک) تێیدا بەکاردێت. | ٤٨ |


## لیستی پاشکۆ


| ناونیشان | لاپەرە |
| --- | --- |
| پاشکۆی (١): فۆڕمی هەڵسەنگاندنی هەڵسەنگێنەران | ١٠٦-١١٢ |
| پاشکۆی (٢): ناو و پلەی زانستی و شوێنی کارکردنی شارەزایان | ١١٢ |
| پاشکۆی (٣): فۆڕمی ڕاپرسی دوای ڕای شارەزایان، وێنەی کۆتایی | ١١٣-١١٧ |
| پاشکۆی (٤): دۆزینەوەی ڕاستگۆیی ڕواڵەت بۆ پێوەرەکە | ١١٨-١٢٠ |
| پاشکۆی (٥): پەسەندنامەی بڵاوکردنەوەی هەڵهێنجراو (مستل)ی ماستەرنامەکە، لە گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین | ١٢١ |


## لیستی کورتکراوەکان

| | |
| --- | --- |
| لاپەڕە | ل. |
| وەرگێڕانی | و. |
| بەرگ | ب. |
| چاپ | چ. |
| صفحة | ص. |
| ترجمة | تر. |
| الجزء | ج. |

| | |
|---|---|
| ط. | الطبعة |
| p. | Page |
| Ed. | Editor |
| Vol. | Volume |
| EFL | English as a Foreign Language |
| SPSS | Statistical Package for Social Sciences |
| APA | American Psychological Association |
| r | Pearson correlation coefficient |
| تاقیکردنەوەی تائی (T)بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ | Independent Sample T-test |
| DF | Degrees of Freedom |
| Sig | statistical significance |
| F | F-statistic |
| P | Probability |

# پێشەکی

لە سەردەمی شۆڕشی زانیاری و پەیوەندیکردندا، کە تایبەتمەندە بە لێشاوی بێ کۆتایی زانیاریی و دەستڕاگەیشتنی خێرا بە ناوەندەکانی میدیا، سێ چەمکی سەرەکی لە پەیوەندییەکی نزیکدان، (خوێندەواریی میدیایی، زانیاریی هەڵە و سۆشیال میدیا). تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان ئەم سێ چەمکە، کلیلە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵەنگارییە هاوچەرخەکانی ئەمڕۆ، پەیوەندی نێوان خوێندەواریی میدیایی، زانیاریی هەڵە و سۆشیال میدیا، پەیوەندییەکی ئاڵۆز و یەکتر تەواوکارە، لە ڕاستیدا، خوێندەواریی میدیایی وەک قەڵغانێک کاردەکات لە بەرانبەر کاریگەرییەکانی زانیاریی هەڵەدا، بەتایبەتی لە ژینگەیەکی وەک سۆشیال میدیا، کە پڕە لە زانیاریی جۆراوجۆر، وەرگرێک، کە خاوەنی ئاستێکی بەرزبێت لە خوێندەواریی میدیایی، توانای ئەوەی هەیە ڕەخنەگرانە مامەڵە لەگەڵ ناوەڕۆکی سۆشیال میدیادا بکات، سەرچاوەکان هەڵبسەنگێنێت، مەبەستەکانی پشت بڵاوکردنەوەی زانیارییەکە بدۆزێتەوە، بەم شێوەیە خۆی و کۆمەڵگەکەشی لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی زانیاریی هەڵە بپارێزێت، بە پێچەوانەوە نەبوونی خوێندەواریی میدیایی تاکەکان زیاتر لاواز دەکات بەرانبەر بە زانیاریی هەڵە، بەتایبەتی لە ژینگەی سۆشیال میدیادا، کە زانیارییەکان بە خێرایی و بەبێ فلتەری پێویست بڵاودەبنەوە.

هەموو ئەم هۆکارانە وادەکەن کە بابەتی توێژینەوە لەسەرکراو بابەتێکی گرنگ بێت و ببنە هۆکاریی هەڵبژاردنی.

توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمی ڕێبازنامەی توێژینەوە (میتۆدنامە)ەیە، پێکدێت لە (کێشەی توێژینەوەکە و پرسیارەکانی، گرنگیی توێژینەوەکە، ئامانجی توێژینەوەکە، جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە، کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە، ئامرازی توێژینەوەکە، ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان، ڕاستیی ڕواڵەتی، سنووری توێژینەوەکە، ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوە و توێژینەوەکانی پێشوو).

بەشی دووەم زانیارییینامەی توێژینەوەکەیە، چوار باسی لەخۆگرتووە، باسی یەکەم تایبەتە بە (خوێندەواریی میدیایی) لەنێویشیدا باس لە (خوێندەواریی، چەمکی خوێندەواریی میدیایی، پێناسەی خوێندەواریی میدیایی، مێژووی سەرهەڵدانی، گرنگییەکەی، چەمکە سەرەکییەکانی خوێندەواریی میدیایی و پێوەرەکانی (یونسکۆ) بۆ خوێندەواریی میدیایی و زانیاریی) کراوە.

باسی دووەم زانیاریی هەڵە، هەریەک لە (چەمک و پێناسەی زانیاریی، زانیاریی لە سەردەمی ئەمڕۆدا، زانیاریی هەڵە، جۆرەکانی زانیاریی هەڵە و پێوەرکانی ڕێکخراوی (GDI) بۆ زانیاریی هەڵە) لەخۆدەگرێت.

باســـی ســـێهەم بریتیە لە ســـۆشـــیال میدیا، لە نێویدا باس لە (چەمک و پێناســـە، مێژووی سەرهەڵدانی، جۆرەکانی، تایبەتمەندییەکانی، لایەنە باش و خراپەکانی و بوارەکانی سۆشیال میدیا) کراوە.

باسی چوارەم بریتییە لە ڕۆڵی خوێندەواریی میدیایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە.

بەشـــی ســـێهەمی توێژینەوەکە (کردەیینامە) تایبەتە بە لایەنی مەیدانی، کە لەخســـتنەڕوو و شـــیکردنەوەی زانیارییەکان پێکهاتووە، کە لە ڕێگەی فۆڕمی ڕاپرســـی ســـامپڵی توێژینەوەکەوە بەدەستهاتووە.

لە کۆتاییشـدا دەرئەنجامەکان، ڕاسـپاردەکان، پێشـنیازەکان، لیسـتی سـەرچاوە و پاشـکۆکان، ناونیشان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی (عەرەبی و ئینگلیزی) خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم

## چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە (میتۆدنامە)

یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە و پرسیارەکانی توێژینەوە

دووەم: گرنگیی توێژینەوە

سێهەم: ئامانجی توێژینەوە

چوارەم: جۆر و میتۆدی توێژینەوە

پێنجەم: کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە

شەشەم: ئامرازی توێژینەوە

حەوتەم: ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان

هەشتەم: (ڕاستیی ڕواڵەتی، جێگیری)

نۆیەم: سنووری توێژینەوە

دەیەم: ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوە

یانزەیەم: توێژینەوەکانی پێشوو و تاوتوێکردنیان

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە (ڕێبازنامە)

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە و پرسیارەکانی

لە سەردەمی ئێستادا، کە تەکنەلۆجیای پەیوەندییەکان بە خێرایی گەشە دەکات، سۆشیال میدیا بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی ڕۆژانەی تاکەکان. ئەم پلاتفۆرمانە دەروازەیەکی فراوان بۆ گۆڕینەوەی زانیاریی و بیرورا دەڕەخسێنن، بەڵام لەگەڵیدا دژواریی گەورەش دروست دەکەن، بەتایبەتی لە بواری بڵاوبوونەوەی زانیاریی هەڵە و چەواشە. ئەم دیاردەیەش بووەتە کێشەیەکی جیهانی، کە کاریگەری نەرێنی لەسەر بڕیاردانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی هەیە، تەنانەت دەتوانێت ئاشتی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی نەتەوەیش بخاتە مەترسییەوە. بەهۆی ئەو بڵاوبوونەوە خێرایەی زانیاری هەڵەوە، پێویستە لەسەر تاک (وەرگر) توانای جیاکردنەوەی ڕاستی لە هەڵە و شرۆڤەکردنی زانیارییەکان بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانەی هەبێت، ئەمەش ڕۆڵی "خوێندەواریی میدیایی" وەک میکانیزمێکی پارێزەر دەهێنێتە ئاراوە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات قووڵتر بچێتە ناو ئەم کێشەیە و لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەیەکی وردەوە، لایەنە جیاوازەکانی مامەڵەکردنی خوێندکارانی زانکۆ لەگەڵ سۆشیال میدیا و زانیاریی هەڵەدا شیبکاتەوە. لەم سۆنگەیەوە ناڕوونیی ڕۆڵی خوێندەواریی میدیایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە، کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەیە، توێژەر بۆ جەختکردنی زیاتر لەسەر کێشەی توێژینەوەکە ئەم پرسیارانە دەخاتەڕوو:

١- ئاستی بەرکەوتنی سامپڵی توێژینەوەکە بە سۆشیال میدیا چەندە؟
٢- سامپڵی توێژینەوەکە تاچەند متمانەیان بە زانیارییەکانی نێو سۆشیال میدیا هەیە؟
٣- ئایا سامپڵی توێژینەوەکە ئاشنان بە خوێندەواریی میدیایی و زانیاریی هەڵە؟
٤- ئایا پەیوەندی و ڕۆڵ هەیە لەنێوان خوێندەواری میدیایی و زانیاریی هەڵە؟
٥- ئایا جیاوازی هەیە لە ئاستی هەریەکە لە خوێندەواری میدیایی و زانیاریی هەڵە بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، پسپۆڕی و زانکۆ)؟

### دووەم: گرنگیی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لە چەند ڕوویەکەوە گرنگە، لەوانە:

١. گرنگی بۆ کۆمەڵگە: ئەم توێژینەوەیە لەسەر ڕۆڵی خوێندەواریی میدیاییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاری هەڵەی نێو سۆشیال میدیا، هەر تاکێک لە کاتی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەبێتە بەرکەوتەی زانیاریی هەڵەی نێو سۆشیال میدیا، بۆیە بوونی "خوێندەواریی میدیایی" هۆکارێکی باشە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو

لێشـاوی زانیارییە. بەرزکردنەوەی ئاسـتی هۆشـیاریی خەڵک بۆ ئەو ناوەڕۆکە میدیاییانەی لە سەکۆ جیاوازەکانی وەشان بەریان دەکەوێت.

٢. گرنگی سـیاسـی و پڕاکتیکی: ئەم توێژینەوەیە، زانیاری لەسـەر بنەمای بەڵگە دەدات، کە دەتوانێت پرۆسـەکانی بڕیاردان لە کەرتە جیاوازەکاندا ڕێنمایی بکات، لەوانە (سـیاسـەت و پەروەردە) هەروەها بۆ سـیاسـەتی گشـتی وڵات و یارمەتیدانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوە مەدەنیەکان (NGO).

٣. بۆ لایەنی ئەکادیمی و پیشـەیی: توێژینەوەکە ڕۆڵێکی گرنگ، لە بواری ئەکادیمیادا دەگێڕێت، چونکە بابەتێکی نوێیە و لەڕووی ئەکادیمیەوە کەمترین توێژینەوەی زانسـتی لەسـەرکراوە، بۆیە توێژینەوەکە دەبێتە سەرچاوەیەکی بەسوود لە بوارەکەی خۆیدا، کە بەزمانی شیرینی کوردی نووسرابێت، بۆ توێژەران و ئەوانەشی، کە گرنگی بەم بابەتە دەدەن.

## سێهەم: ئامانجی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەدایە:

١- زانینی ئاستی بەرکەوتنی سامپلی توێژینەوەکە بە سۆشیاڵ میدیا.

٢- زانینی ئاستی متمانەی سامپڵی توێژینەوەکە بە زانیارییەکانی نێو سۆشیال میدیا.

٣- زانینی ئاستی ئاشنابوونی سامپڵی توێژینەوەکە بە خوێندەواریی میدیایی و زانیاریی هەڵە.

٤- زانینی جیاوازی لە ئاسـتی هەریەکە لە خوێندەواری میدیایی و زانیاریی هەڵە بە پێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی: (ڕەگەز، پسپۆڕی، زانکۆ)

٥- زانینی پەیوەندی لەنێوان خوێندەواریی میدیایی و زانیاریی هەڵە.

٦- زانینی ڕۆڵی خوێندەواریی میدیایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە.

## چوارەم: میتۆدی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لەڕووی جۆرەوە، دەچێتەنێو چوارچێوەی توێژینەوە پەسـنکاریی (وصـفی)یەکانەوە، توێژەر بۆ گەیشـتن بە وەڵامی پرسـیارەکانی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی، میتۆدی (ڕووپێو)ی بەکارهێناوە. ئەم میتۆدە یەکێکە لە ڕێبازە بنەڕەتییەکان لە لێکۆڵینەوە پەسـنییەکاندا، گرنگی بە دۆخە کۆمەڵایەتی و سـیاسـی و ئابوورییەکان و چەند بوارێکی تریش دەدات.[١] هەروەها لەڕووی شێوازەوە چەندێتییە.

[١] - مەجزووب، تەلال،٢٠٠٧،*ڕێبازی لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی*، و.مەریون عبدول،چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی خانی، ل.١٥

## پێنجەم: کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەکە:

أ- **کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:** کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا، لە زانکۆکانی (صلاح الدین_هەولێر، دهۆک، سلێمانی و هەڵەبجە)، کە دەکەونە هەر چوار پارێزگای (سلێمانی، هەولێر، دهۆک و هەڵەبجە)، ژمارەیان (70236) حەفتا هەزار و دوو سەد و سی و شەش خوێندکارە.* وەکو لە خشتەی (1)دا خراوەتەڕوو.

ب- **سامپڵی توێژینەوەکە:** سامپڵی توێژینەوە ئاماژەیە بۆ ژێر کۆمەڵێک لە (تاکەکان، شتەکان، یان ڕووداوەکان)، کە لە دانیشتووانێکی گەورەترەوە هەڵدەبژێردرێن بۆئەوەی ببێتە بنەما بۆ خەملاندن، یان پێشبینیکردنی بڵاوبوونەوەی زانیارییەک، بارودۆخێک یان دەرئەنجامێک.[1] لەم توێژینەوەیەدا توێژەر بۆئەوەی دڵنیابێت لەوەی هەر چوار زانکۆکە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە نوێنەرایەتییان دەکرێت، سامپڵی بەشێوەی (نسبة وتناسب) ڕێژەو گونجاندن بۆ زانکۆکان وەرگرتووە، واتا لە کەم کەم و لە زۆر زۆر، لە خوێندکارانی زانکۆکانی (صلاح الدین_هەولێر، دهۆک، سلێمانی و هەڵەبجە)، بە ڕێژەی (95% ئاستی متمانە و 5% پەراوێزی هەڵە)، کە ژمارەیان دەکاتە (385) خوێندکار، ئەو ڕێژەیەش گونجاوە بۆ کۆمەڵگەیەک، کە ژمارەی ئەندامەکانی لەنێوان (10000 – 100000)دابێت.[2] دواتر خوێندکارەکان بە شێوەی هەڕەمەکیی (Random Samplin) لەنێوان کۆلێژەکاندا وەرگیراون، وەکو لە خشتەی ژمارە (٢)دا خراوەتەڕوو.

ژمارەی خوێندکارانی هەر زانکۆیەک ÷ کۆی خوێندکارانی هەر چوار زانکۆکە × ١٠٠٪ = ڕێژەی سەدیی داواکراو

ژمارەی خوێندکارانی هەر زانکۆیەک ÷ کۆی خوێندکارانی هەر چوار زانکۆکە × ٣٨٥ = ژمارەی خوێندکاری وەرگیراو

| زانکۆ | ساڵی خوێندن | ژمارەی خوێندکار |
|---|---|---|
| ز. صلاح الدین_هەولێر | 2024 - 2025 | 25081 بیست و پێنج هەزار و هەشتاو یەک |
| ز. دهۆک | 2024 - 2025 | 21755 بیست و یەک هەزار و حەوت سەدو پەنجاو پێنج |
| زانکۆی سلێمانی | 2024 - 2025 | 20306 بیست هەزار و سێ سەد و شەش |
| ز. هەڵەبجە | 2024 - 2025 | 3094 سێ هەزار و نەوەد و چوار |
| کۆی گشتیی خوێندکارانی هەر چوار زانکۆکە | | ٧٠٢٣٦ حەفتا هەزار و دوو سەد و سی و شەش خوێندکار |

خشتەی (١) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

* توێژەر ئاماری فەرمی زانکۆکانی لە وێبسایتی فەرمی زانکۆکان وەرگرتووە. بەرواری سەردان ٢٠٢٤/٤/١٩ کات AM١٢:٠٠
زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
ئامار – زانکۆی سلێمانی
داتا و راستییەکان – زانکۆی هەڵەبجە
زانکۆیا دهۆك

[1] راضي، وسام فاضل،٢٠٢٣، *العينات في البحوث الإعلام*، الطبعة الاولي، بغداد، مكتب سنتر العلوم،ص.٣.

[2] بۆکانی،٢٠٢٠، ل.١١٤

| زانکۆ | ژمارەی خوێندکار | ڕێژەی ٪ی سامپڵ | ژ. خوێندکاری وەرگیراو |
|---|---|---|---|
| صلاح الدین_هەولێر | 25081 | 35.71 | 138 |
| دهۆک | 21755 | 30.97 | 119 |
| سلێمانی | 20306 | 28.91 | 111 |
| هەڵەبجە | 3094 | 4.4 | 17 |
| کۆی گشتی | 70236 | ٪99.99 | 385 |

خشتەی (٢) سامپڵی توێژینەوەکە

## شەشەم: ئامرازی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان لە سامڵی توێژینەوەکە، بەسودوەرگرتن لە بەشی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو، توێژەر فۆرمی ڕاپرسی دروستکردووە و بەکاریهێناوە، لەبەرئەوەی لەگەڵ هێنانەدیی ئامانجەکانیدا دەگونجێت، کە لە (٣٨) برگە پێک هاتووە، بەسەر سێ تەوەردا دابەشکراوە، تەوەری یەکەم تایبەتە بەرکەوتن بە سۆشیال میدیا و ئاستی ئاشنایی سامپڵی توێژینەوەکە بە خوێندەواریی میدیایی ، تەوەری دووەم تایبەتە بە پێوانەکردنی خوێندەواریی میدیایی لە ژێرناوی خوێندەواریی میدیایی و کارامەیی (هەڵسەنگاندن، شیکاریی و شرۆڤە) بۆ زانیاریی نێو سۆشیال میدیا. تەوەری سێیەم تایبەتە بە پێوانەکردنی زانیاریی هەڵە لەژێر ناوی زانیاریی هەڵەی نێو سۆشیال میدیا و کارامەیی (دەستگەیشتن، بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە).

بۆ هەشت برگەی یەکەم بژاردەی جۆراوجۆر و بۆ برگەکانی تر بژاردەی پێنجی لیکەرت (مقایس لیکارت الخماسي)هەیە: (تەواو هاوڕام، هاوڕام، بێ لایەنم، هاوڕانیم، تەواو هاوڕانیم) بە دانانی نمرەی (٥، ٤، ٣، ٢، ١) بە شێوەیەکی زنجیرەیی بۆ برگەی ئەرێنی و بۆ برگەی نەرێنیی هەمان زنجیرە بە پێچەوانەوە. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١). خستنەبەردەستی کۆمەڵێک لە پسپۆڕان، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢) بە مەبستی هەڵسەنگاندنی ڕاپێوییینامەکە، دوای گەڕاندنەوەی فۆرمەکان، لە ژێر ڕۆشنایی تێبینیی هەڵسەنگێنەران و لابردنی برگە نەگونجاوەکان، فۆرمی ڕاپرسییەکە بۆ (٣٢) برگە کەمکراویەوە. وەک لە پاشکۆی ژمارە (٣)دا خراوەتە ڕوو. دواتر بە شێوەی ئۆنلاین، بە سود وەرگرتن لە سەکۆی (گووگڵ) و بەکارهێنانی (گووگڵ فۆرم)*، ڕاپێوییینامەکە بەسەر بەرتوێژاندا دابەشکرا لە هەر چوار زانکۆی (صلاح الدین_هەولێر، دهۆک، سلێمانی و هەڵەبجە).

---

* گووگڵ فۆرم (Google Forms): یەکێکە لەو ئامرازانەی، کە لەلایەن سەکۆی بەناوبانگی (گووگڵ) پێشکەش دەکرێت، بەشێکە لە پاکێجی خزمەتگوزارییەکانی (Google Workspace)، گووگڵ فۆرم ئامرازێکی ئۆنلاینە بۆ دروستکردنی فۆرمی ڕاپرسی (surveys )و پرسیارنامە (quizzes) و فۆرمەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بە خێرایی و بە ئاسانی.

## حەوتەم: ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە:

١. ڕێژەیی سەدی $= \frac{\text{بەش} \times ١٠٠}{\text{کۆی گشتی}}$

٢. ناوەندی ژمێرەیی (الوســـط الحســـابي – Maen) بۆ دەرهێنانی ناوەندی گۆڕاوی تەمەنی سامپڵی توێژینەوەکە لە ڕاپرسییەکەدا.

ناوەندی ژمێریاریی کیشکراو ( الوسط الحسابي الموزون ) ( Weight Mean )

$$\bar{X}_w = \frac{\sum_{i=1}^{n} x_i w_i}{\sum_{i=1}^{n} w_i}$$

٣. لادانی پێوانەیی (الانحراف المعياري – Standard Deviation) بۆ دەرهێنانی بڵاوەی بەهاییەکان لە ناوەند.

$$Stander\ deviation\ (S.D)_w = \sqrt{\frac{\sum_{i=1}^{n} w_i (x_i - \bar{x}_w)^2}{\sum_{i=1}^{n} w_i - 1}}$$

٤. هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان (Sperman -rank Correlation Coefficient) بۆ دەرهێنانی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان.وەکو گۆڕاوی (x,y)

$$Correlation\ (r) = 1 - \frac{6 \sum_{i=1}^{n} {d_i}^2}{n\ (n^2 - 1)}$$

٥. هـاوکێشـــــەی (Rnak Simple Regression Model) بۆ دەرهێنـانی پەیوەنـدی و ڕۆڵی گۆراوێکی ناسەربەحۆ بۆ گۆراوێکی سـەربەخۆ .وەکو گۆراوی (X,Y) (X) بریتیە لە گۆڕاوێکی سـەربەخۆ وە (Y) بریتیە لە گۆڕاوێکی ناسەربەخۆ

$$Y_i = \beta_o + \beta_1 x_i + e_i$$

٦. Independent Samples T-test

٧. One-way ANOVA

## هەشتەم: ڕاستیی ڕواڵەتی و جێگیری (Reliability and Validity)

### یەکەم: ڕاستیی ڕواڵەتی

ڕاســــتێتیی واتـا، ئایا ئەو پێوەرەی لەبەردەســــتە تەنها ئەو بابەتە پێوانەدەکات، کە بۆی ئامادەکراوە یان نا، هەر پێوەرێک ئەو بابەتەی بۆی داندراوە پێوانەی بکات، ئەوا پێوەرێکی ڕاستە. [1]

[1] - Field, A. (2013). *Discovering Statistics Using IBM SPSS Statistics*.5th Edition.SAGE Publications P11

پێوەری ڕاستی، لە گرنگترین ئەو کارانەیە، کە توێژەر لە کاتی هەڵبژاردنی ئامرازی توێژینەوەکەدا گرنگی پێدەدات، بۆ زانینی ڕاددەی ڕاستیی پێوەرەکە، چونکە مەبەستی توێژەر ئەوەیە زانیاریی و داتای گونجاو بەدەستبهێنێت تاوەکو یارمەتیی توێژینەوەکەی بدات، ئەمەش نایەتەدی تا ئامرازی توێژینەوە بە ڕاستی بەکارنەهێنرێت.[١]

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستێتی ڕواڵەت، توێژەر پشتی بە ڕای شارەزایان بەستووە، بۆ ئەو مەبەستە پێوەرەکەی خستووەتەبەردەست ژمارەیەک پسپۆڕ و شارەزا، کە ژمارەیان (7) پسپۆڕە، بە مەبەستی سوودبینین لە سەرنج و تێبینییەکانیان، دوای گەڕاندنەوەی فۆرمەکان لای هەڵسەنگێنەران، دەرکەوت ڕێژەی ڕاستگۆیی پێوەرەکە بریتییە لە (87.96٪)، کە ئەمەش لەڕووی زانستییەوە ڕێژەیەکی پەسەندکراوە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (4).

**دووەم: ڕاستگۆیی جیاکاری**

ڕاستگۆیی جیاکاری، ئامارێکی پێشکەوتووە، یارمەتی توێژەران دەدات تاوەکو بزانن ئەو پێوانەیەی ئامادەیکردووە ئایا جیاوازیی دەکات لەنێوان تاکەکان دا یاخود نا. بەواتایەکیتر، ئایا ئەو پێوانەی توێژەر ئامادەی کردووە، هەموو کەسەکان وەکو یەک نمرە دەهێنن، یان جیاوازن.[٢]

بۆ نموونە توێژەر، کە پێوانەیەکی وەرگرتووە بۆ پێوانەکردنی خوێندەواریی میدیایی، ئەگەر پێوانەکە ڕاستگۆیی جیاکاری هەبێت، ئەوا دەبێت ئەوانەی خوێندەواریی میدیاییان هەیە نمرەی بەرز بەدەستبهێنن و ئەوانەی خوێندەواریی میدیاییان نزمە، نمرەی نزم بەدەستبهێنن.

بۆ ئەو مەبەستە توێژەر پێوانەکەی بەسەر (١٠٠) خوێندکاردا دابەشکردووە، پاش وەرگرتنەوەی فۆڕمەکان، توێژەر هەستاوە بە وەرگرتنی (٢٧٪)ی ئەو خوێندکارانەی بەرزترین نمرەیان بەدەستهێناوە، کە (٢٧) خوێندکار بوون لەگەڵ (٢٧٪)ی ئەو خوێندکارانەی نزمترین نمرەیان بەدەستهێناوە، کە (٢٧) خوێندکار بوون بەهەردوو کۆمەڵەکە (٥٤) خوێندکار بوون، پاشان لەڕێگەی ئامرازی ئامارییی (Independent Sample T-test) لە هەگبەی ئاماریی (SPSS) توێژەر جیاوازییی بەڵگەداری ئاماریی لە نێوانیاندا دۆزیوەتەوە، لە ئەنجامدا دەرکەوت، بەهای (T= -20.11) بوو لە ئاستی بەڵگەداری ئاماریی (.001) واتا جیاوازییی بەڵگەداری ئاماریی لەنێوان کۆمەڵەکاندا بەدیدەکرێت لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی بەرز، کە ناوەندی ژمێرەیی (100.37) بە لادانی پێوەری (3.95) بەراورد بە کۆمەڵەی نزم، کە ناوەندی ژمێرەیی (56.14) و بە لادانی پێوەری (10.71).

---

[١]- عوض، عدنان،٢٠٠٨، *مناهج البحث العلمي*، الطبعه الاولى، قاهرة ،الشركة العربية المتحده للتسويق والتوريدات، ،ص.٢٤٩

[2] - Campbell, D. T., & Fiske, D. W. (1959). “Convergent and Discriminant Validation by the Multitrait-Multimethod Matrix” *Psychological Bulletin*, Doi:10.1037/Vol(56). p83

**سێهەم: جێگیری**

جێگیری پێوەر، واتا ئەگەرهاتوو هەمان پێوەر لەســەر هەمان نموونە لە بارودۆخی هاوشــێوەدا جێبەجێبکەینەوە هەمان ئەنجام یان نزیک لەو ئەنجامە بەدەستبهێنینەوە.[١]

بە مەبەستی زانینی جێگیریی پێوەرەکە، توێژەر هەستاوە بە دۆزینەوەی جێگیریی، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر ئەو جۆرانەی جێگیریی ئەنجامداوە.

**یەکەم: ناوەکی بە ڕێگەی ئەلفاکرۆنباخ،** کە بریتییە لە جۆرێکی جێگیری، ئاماژەیە بۆئەوەی، کە هەموو بڕگەکانی پێوانەیەک بەشدارن لە پێوانەکردنی ئەو بابەتەی پێوانەکەی بۆ داندراوە.[٢]

توێژەر هەستا بە دابەشکردنی پێوەرەکە بەســەر (100) خوێندکاردا، پاش وەرگرتنەوەی فۆڕمەکان، پشــــت بە ئامرازی ئاماریی(ئەلفا کرۆنباخ) بەســــترا لە هەگبەی ئاماریی (SPSS) بۆ دەرهێنانی جێگیریی ناوەکی، دەرکەوت جێگیریی ناوەکیی پێوەرەکە (0.88) بوو، ئەوەش بەهایەکی بەرزە بۆ جێگیریی پێوەرێک، وەکو لە خشتەی ژمارە (3)دا خراوەتەڕوو.

| RSB Value | Reliobilitic |
|---|---|
| **≥ 0.80** | Excellent |
| **0.70 – 0.79** | Good |
| **0.60 – 0.69** | Acceptable |
| **≤ 0.60** | Weak – needs revision |

خشتەی (٣) بەهای جێگیری ئەلفاکرۆنباخ (مقايس كرونباخ الفا)

**دووەم: جێگیریی بە ڕێگەی دابەشکردنی نیوەیی (Split-Half Reliability)**

جێگیریی پێوانە بە ڕێگەی کەرتکردنی نیوەیی (split-half) دەســتنیشــانکرا، دوای جێبەجێکردنی پێوانەکە بەســەر نموونەیەکی ســەرەتایی کە ژمارەیان (100) خوێندکار بوو، لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەگبەی ئاماریی (SPSS) توێژەر، هاوکێشـــەی پەیوەندی (Pearson Correlation)ی بەکارهێنا و پەیوەندیی نێوان هەردوو نیوەکەی دۆزییەوە، دەرکەوت بەهای پەیوەندیی نێوان نیوەی یەکەم و دووەمی پێوانەکە بریتیبوو لە (0.625)، ئەوەش بە جێگیرییەکی پەســـەند هەژمار دەکرێت، چونکە جێگیریی نیوەی پێوانەکەیە، لەبەرئەوەی بڕگەکان جووت بوون، بۆیە توێژەر لە ڕێگەی هاوکێشـەی "سپێرمان براون" بەهای پەیوەندی (Pearson)ی ڕاستکردەوە و بەهاکەی بوو بە (Value 0.845).

## نۆیەم: سنووری توێژینەوە

توێژینەوەکە لە چوار سنووری سەرەکیدا خۆیدەبینێتەوە:

١. **ســـنووری شـــوێن:** لە ڕووی شـــوێنەوە هەرێمی کوردســـتان–عێراق دەگرێتەوە (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە) .

---

[1] - Godwin, J. (2010). *Research Skills for Students.* London: Continuum International Publishing Group. P156

[2] - Kerlinger, F.N. (1986). *Foundations of Behavioral Research*. (3rd edition), Holt, Rinehart, & Winston.P429

٢. **سنووری کات:** کاتی دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسیی توێژینەوەکەیە بەسەر بەرتوێژاندا، تاوەکو کۆکردنەوە و ڕاڤەکردنیان، کە لە (٢٠٢٥/٣/١ تا ٢٠٢٥/٦/٢٤)
٣. **سنوری مرۆیی:** بریتییە لەو خوێندکارانەی، کە بە شێوەی سامپڵی هەڕەمەکیی، لە زانکۆیکانی (صلاح الدین-هەولێر، زانکۆی دهۆک، زانکۆی سلێمانی و زانکۆی هەڵەبجە) وەرگیراون.
٤. **بواری بابەت:** خوێندەواریی میدیایی، زانیاریی هەڵە، سۆشیال میدیا.

## دەیەم: پێناسەی زاراوەکانی توێژینەوە

چەمکەکانی ناو ئەم توێژینەوەیە بەم مانا و مەبەستانە بەکارهاتوون:

١. **ڕۆڵ:** چالاکییەکە لە شوێنێک، یان ئامانجێکە، کەسێک یان دامەزراوەیەک لە بارودۆخێکدا ئەنجامی دەدات، لەڕێکخراوێکدا، لەکۆمەڵدا، یان لەپەیوەندیدا دەگێڕدرێت.[١]

پێناسەی توێژەر: لەم توێژینەوەیەدا ڕۆڵ ئاماژەیە بۆ ئەو ئەرکە، یان پێگەیەی، کە خوێندەواریی میدیایی دەیگێڕێت لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە.

٢. **خوێندەواریی میدیایی:** پەیمانگای (**ئۆفکۆم**)، کە دامەزراوەیەکە لە ئینگلتەرا لە بواری ڕیساکانی خوێندەواریی میدیا کاردەکات، خوێندەواریی میدیایی بەمشێوەیە پێناسەدەکات"خوێندەواریی میدیایی بریتییە لە دەستڕاگەیشتن و تێگەیشتن و پەیوەندیکردن لە چوارچیوەی جۆراوجۆردا."[٢]

**پێناسەی توێژەر:** مەبەست لە خوێندەواریی میدیایی لەم توێژینەوەیەدا، ئاماژەیە بۆ توانای دەستڕاگەیشتن، شیکردنەوە، هەڵسەنگاندن و دروستکردنی میدیا بە شێوەی جۆراوجۆر، هەروەها تێگەیشتنێکی ڕەخنەگرانە بۆ ناوڕۆکە جۆراو جۆرەکانی میدیا.

٣. **زانیاریی هەڵە:** کۆلێژی ستاتن ئایلاند (CSI) لە زانکۆی نیۆرک بەمشێوەیە پێناسەی زانیاریی هەڵە دەکات"زانیاریی هەڵە بریتییە لە هاوبەشکردنی زانیاریی نادروست و چەواشەکارانە بە شێوەیەکی نامەبەست.[٣]

**پێناسەی توێژەر:** لەم توێژینەوەیەدا زانیاریی هەڵە ئاماژەیە بۆ زانیاریی درۆ، یان نادروست و چەواشە، کە دەبێتەهۆی سەرلێشێواوی، تێنەگەیشتن، یان فریودان. دەتوانرێت لە ڕێگەی میدیای

---

[١] ڕێشاوی، یحیا عمر، حسین، ئۆراڵ ابوبکر "ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە پێکهێنانی هۆشیاری ڕۆشنبیری لای خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا" *گۆڤاری زانکۆی گەرمیان*، ١٠(٢) ٢٠٢٣، ل.٤٣٣

[2] - Raboy, Marc. & Padovani, Claudia. (2010). "Mapping Global Media Policy: Concepts, Frameworks, Methods". *Journal of Communication, Culture & Critique International Communication Association*. 28 (6), P907-923

[3] CSI Professor Reece Peck Featured in POLITICO Article on Disinformation and Meta's Policy Shift | CSI Today

جۆراوجۆرەوە وەک (سۆشیال میدیا، دەزگاکانی هەواڵ، ماڵپەڕ، یان وشەی زارەکی) هاوبەشبکرێت بە مەبەست و بێ مەبەست..

٤. **هەرێمی کوردســــتان:** نـاوچەیەکی جوگرافیـاییە، دەکەوێتە نێو دەســـــەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردســــتان، خـاوەنی حوکمی فیـدراڵییە لە چوارچێوەی کۆمـاری عیراق و لەلایەن حکومەتی عیراقەوە بە پشتبەستن بە (دەقی دەستوری هەمیشەیی عیراق) دانی پێدانراوە.[1]

٥. **سـۆشـیال میدیا:** کۆمەڵێک وێبسـایتن لەسـەر تۆڕی ئینتەرنێت لەگەڵ نەوەی دووەمی ئینتەرنێتدا دەرکەوتوون، ڕێگە بە ئەندامانیان دەدەن پەیوەندیان بە ژینگەی کۆمەڵگەی گریمانەییەوە هەبێت، بەپێی گرنگی پێدانی هاوبەش کۆدەبنەوە و خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان بەکار دەهێنن.[2]

پێناســــەی توێژەر: مەبەســــت لەســــۆشـــیال میدیا لەم توێژینەوەیەدا: پلاتفۆرمێکی دیجیتاڵی یان تەکنەلۆژیایە، کە بەکارهێنەران دەتوانن ناوەڕۆک، بیرۆکە، زانیاریی و پەیام لەگەڵ تۆڕێکی تاک، یان گروپ دروســـتبکەن و هاوبەشـــیبکەن و ئاڵوگۆڕبکەن، نموونەی پلاتفۆرمە بەناوبانگەکانی ســــۆشـــیال میدیا بریتین لە: (تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، ئەپڵیکەیشـــنە نوێیەکان، خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیکردن) لە هەرێمی کوردستاندا.

## یانزەیەم: توێژینەوەکانی پێشوو

دوای گەڕانەکـانی توێژەر بە دوای ئەو توێژینەوانەی، کە لە پێش ئەم توێژینەوەیەدا دەربـارەی خوێنـدەواریی میـدیـایی و زانیـاریی هەڵە ئەنجـامـدراون، چەنـد توێژینەوەیەکی دەســـتکەوتووە، کە نزیـک و پەیوەنـدیـدارن بە گۆڕاوەکـانی ئەم توێژینەوەیە، لێرەدا چەنـد توێژینەوەیەک دەخەینەڕوو، کە لە ڕووی یەکێک لەگۆڕاوەکانەوە لەم توێژینەوەیە نزیکن.

**یەکەم: توێژینەوە ناوخۆییەکان:**

بەپێ گەڕانی توێژەر بۆ ئەو توێژینەوانەی پێشـــوو، کە لە هەرێمی کوردســـتاندا کراون لەســـەر خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی میدیایی تەنها یەک توێژینەوە کراوە ئەویش توێژینەوەکەی (محمد٢٠٢٣)[3]، (ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە هۆشـــیارکردنەوەی وەرگر لە ســـەردەمی میدیای دیجیتاڵیدا خوێندکارانی زانکۆ بەنموونە) توێژینەوەکە لە جۆری پەســنکاری (وصـفي)یەو میتۆدی

---

[1] - ماددەی (١١٣)ی دەستوری هەمیشەیی عیراق .

[2] - عوبەیدوڵلا، ڕەوان سوبحی،٢٠٢٣، *ڕۆڵی سۆشیال میدیا لە گەشەپێدانی هۆشیاریی سیاسی لای مامۆستایانی زانکۆلە هەرێمی کوردستاندا*، دکتۆرانامەی بلاونەکراوە، کۆلێژی ئاداب زانکۆی صلاح الدین،هەولێر، ل.١٥

[3] - محمد،شەنگ محمد دلێر،٢٠٢٣، *ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە هۆشیارکردنەوەی وەرگر لەسەردەمی میدیای دیجیتاڵیدا خوێندکارانی زانکۆ* بەنموونە،ماستەرنامەی بلاونەکراوە، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان،بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

ڕووپێوکاری بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی خوێندکارانی زانکۆیە لە شـــاری ســـلێمانی، توێژەر خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی و زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی وەک مشتی توێژینەوەکەی وەرگرتووە، کە بە شـــێوەی ســـامپڵی هەڕەمەکیی ســـادە (٦٢٠) خوێندکاری لە هەردوو زانکۆکە وەرگرتووە، توێژەر کێشەی توێژینەوەکەی بەچەند پرسیارێک خستوەتەڕوو، گرینگترینیان بریتیە لە:

١) تا چەند پەروەردەی میدیایی گرنگ و پێویستە لە سەردەمی میدیای دیجیتاڵیدا؟

٢) تا چەند خوێندکارانی زانکۆ شارەزاییان لەسەر پەروەردەی میدیایی هەیە؟

لە گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە، زانینی ئاســـتی گرنگیی پەروەردەی میدیایی لەســـەردەمی میدیای دیجیتاڵیدا و ئاشـــنابوون بە ڕۆڵی ئامرازەکانی میدیا لە هۆشـــیارکردنەوەی خوێندکارانی زانکۆ لەسەر پەروەردەی میدیایی.

لە کۆتاییدا توێژەر لە توێژینەوەکەیدا بە چەند دەرئەنجامێک گەیشتووە، گرنگترینەکانی ئەمانەن:

١) زۆرینەی وەرگرەکانی ئامرازەکانی میدیا تاڕادەیەک زانیارییان لەســەر پەروەردەی میدیایی هەیە، لەگەڵ ئەوەشــدا پێیانوایە لاوازیی ئاســتی میدیاکان یەکێکە لە هۆکارەکانی نەبوونی پەروەردەی میدیایی.

٢) زۆرینەی ســـامپڵی توێژینەوەکە پێیانوایە پەروەردەی میدیایی توانیویەتی ســـوود لە میدیای دیجیتاڵی وەربگرێت.

٣) زۆرینەی ســامپڵی توێژینەوەکە بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاریی و بابەتی زانســتی، ســوودیان لە میدیای دیجیتاڵی وەرگرتووە و هاوڕان لەســـەر ئەوەی میدیای دیجیتاڵی هەنگاوەکانی بڵاوکردنەوەی پەروەردەی میدیایی خێراتر کردووە.

**دووەم: توێژینەوە نێودەوڵەتییەکان:**

أ- توێژینەوەی (بودربالة وآخرون٢٠٢٢)[١](ضـــرورة تبني نهج محو الامية الاعلامية فى ظل الاخبار الكاذبة بين الضـرورة والحتمية)، (پێویستی گرتنەبەری ڕێبازی خوێندەواریی میدیایی لە سێبەری ساختەهەواڵدا لە نێوان پێویستی و حەتمیەتی). توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی و ئامرازی شیکاریی بەڵگەنامەکان (التحليل الوثائقي) بەکارهێناوە، کێشــەی توێژینەوەکە بریتییە لە وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێک سـەبارەت بەو ئاڵەنگارییانەی، کە دروست دەبن لە ئەنجامی تەشەنەسەندنی دیاردەی ســـاختەهەواڵ و گەشــەکردنی، بە تایبەت لەکاتی قەیرانەکاندا، هەروەها پێویســتیی خوێندەواریی میدیایی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵەنگارییەکانی ســـاختەهەواڵ. لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی،

[١] - بودربالة ، عبد القادر و آخرون ، (٢٠٢٢) "ضرورة تبني نهج محو الامية الاعلامية في ظل الاخبار الكاذبة بين الضرورة والحتمية" *مجلة الباحث في العلوم الإنسانية والاجتماعية* ، المجلد ١٤(٠٢) الجزائر، جامعة قاصدي مرباح ورقلة ، ص. ١٠٩- ١٢٤.

که توێژینەوەکە پێیگەیشـــتووە، بریتییە لە دیاردەی ســـاختەهەواڵ زۆر ئاڵۆزە بە تایبەت دوای پەیوەندییەکەی لەگەڵ کۆنتێکســـتە دیجیتاڵیەکاندا وەک ســـیســـتەمێکی تێکەڵ، یەکێکی تر لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەیە، کە پەروەردەی میدیایی و خوێندەواریی میدیایی، خوێندنیان لە پرۆگرامی قوتابخانەکاندا هێزێکی کاریگەرە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەواڵی ساختە.

ب- توێژینەوەی (آسیابی١٣٩٩)[١] (سواد رسانه ای در دانشجویان: مطالعه نظام یافته) (خوێندەواریی میدیایی لەلای خوێندکاران لێکۆڵینەوەیەکی سیستماتیک). ئەم توێژینەوەیەش لە جۆری پەسنکاریە و شیکاریی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە بۆ ئەوبابەتە میدیاییانەی، کە لەنێوان ساڵەکانی (٢٠٠٢-٢٠٢٠) لە وڵاتی ئێران لەســـەر خوێندەواریی میدیایی بڵاوکراونەوە، کێشـــەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئاســـتی خوێندەواریی میدیایی لە وڵاتی ئێران بەتایبەت لای خوێندکارانی زانکۆ و ناوەندە پەروەدەییەکان، ئامانجی ســـەرەکیی توێژینەوەکە، زانینی ئاســـتی خوێندەواریی میدیاییە بەتایبەت لای خوێندکارانی زانکۆ و ناوەندە پەروەردەییەکان، توێژینەوەکە لە دەرئەنجامدا گەیشـــتووە بەوەی، کە ئاســـتی خوێندەواریی میدیایی لای خوێندکارانی زانکۆ مامناوەندە و لە ناوەندە پەروەردەییەکاندا نزمە، چونکە گرنگیدان بەو بابەتە لە پێشینەی کارەکانیان نەبووە، یەکێکی تر لە دەرئەنجامەکان، کە توێژینەوەکە پێی گەیشـــتووە، خوێندکارانی بەشـــە زانســـتییەکان ئاســـتی خوێندەواریی میدیاییان بەرزترە.

ت- توێژینەوەی (Eva2021)[٢] The Role of Media Literacy in Teaching EFL from the Perspectives of Policy Making and Teacher Training) (ڕۆڵی خوێندەواری میدیا لە فێرکردنی EFL لە ڕوانگەی داڕشتنی سیاسەت و ڕاهێنانی مامۆستایانەوە). میتۆدی ئەم توێژینەوەیە ئەزمونییە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە خوێندکارانی قۆناغی ناوەندییە لە وڵاتی (فینلاند)، کێشـــەی توێژینەوەکە بریتییە لە وەی ئایا وڵاتی (فینلاند) پێویســـتی بەوەیە خوێندەواریی میدیایی لە (EFL) لە هەموو ئاســـتەکاندا بخوێنرێت؟ ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەیە ئەوەیە، توێژەر دەیەوێت بزانێت تا چەند ئەمە ڕاساڵە (واقع)؟ ڕاپۆرت دەکات، کە چۆن دوو داڕێژەری سیاسەت، کە بەشدارن لە نووسینی مەنهەجی نیشـــتیمانیدا، دۆخی ئێســـتای خوێندەواریی میدیا لە وانە وتنەوەکانی (EFL) دەبینن؟ جگە لەوەش توێژینەوەکە ڕۆشنایی دەخاتەســـەر ئەوەی، کە مامۆستایانی خوێندکار و ڕاهێنەرانی مامۆستایان چۆن هەست بە دۆخەکە دەکەن؟ لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەش ئەوەیە، کە هەموو

---

[١]- آسیابی، مشرگ چالشگر کرد، کیایی، زهرا اشکور،١٤٠٠، "سواد رسانهای در دانشجویان" مطالعه نظامیافته، *تعال بالینی،آموزشی – پژوهش*، دوره یازدهم.شماره٣،زمستان.

[2] - Eva-Lisa Hasan, 2021,*The Role of Media Literacy in Teaching EFL from the Perspectives of Policy Making and Teacher Training*, Finland, Faculty of Arts University of Helsinki.

وەلامدەرەوەکان لەســـەر ســـوودە بەرچاوەکانی فێرکردنی خوێندەواریی میدیا هاوڕابوون، گەورەترین بەربەست بۆ وەرگرتنی خوێندەواریی میدیا، نەبوونی سەرچاوەی پێویستە.

ث- توێژینەوەی (خنفر٢٠١٩)[١] (واقع التربية الاعلامية لدى مســتخدمي شــبكات التواصــل الاجتماعي) (واقیعی خوێندەواریی میدیا لە نێو بەکارهێنەرانی ســـۆشـــیال میدیا). توێژینەوەیەکی مەیدانییە، میتۆدی پەســـنکاری بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە خوێندکارانی زانکۆیە، مشـــتی توێژینەوەکە خوێندکارانی (كلية الاعلام والاتصـــال)ە، ڕێبازی توێژینەوەکە ڕووپێوییە، توێژەر کێشەی توێژینەوەکەی بەچەند پرسیارێک خستووەتەڕوو:

١. خو و شێوازی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لای خوێندکارانی زانکۆ چین؟
٢. ڕەهەندەکانی پەروەردەی میدیایی چین؟
٣. پەروەردەی میدیـایی چۆن لە ڕووبەڕووبوونەوەی کـاریگەرییە نەرێنییەکـانی بەکـارهێنـانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بەشدارە؟

لە گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکەش، ناســینی پەروەردەی میدیاییە لە ڕوانگەی تیۆری و پراکتیکیەوە، هەروەهـا زانینی ئەو پـاڵنەرانەی دەبێتەهۆی بەکـارهێنـانی تۆڕەکـانی پەیوەنـدیکردن لەلایەن خوێندکارانی زانکۆ، لەگەڵ ئەو پەیامانەی لەڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە بەریاندەکەوێت. لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی، کە توێژینەوەکە پێیگەیشـتووە، پەروەردەی میدیایی هاوکارە، کە مشـــتی توێژینەوەکە لە ژینگەی میدیـا تێبگەن و نـاوەڕۆکە ئەرێنییەکانی بقۆزنەوە، پەرەوردەی میدیایی لەســـەر بنەمای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و توانای گەیاندنی پەیامی میدیا لەگەڵ تۆڕەکان دامەزراوە، پەروەردەی میدیـایی ئـامـانجێکە هەموو ســـێکتەرەکـانی ســـیســـتەمی کۆمەڵایەتی هاوبەشیدەکەن، لە خێزان و دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە میدیا.

ج- توێژینەوەی (حســـن٢٠١٥)[٢] (التربية الاعلامية نحو مضـــامين مواقع الشـــبكات الاجتماعية) (خوێندەواریی میدیایی ســەبارەت بە نێوەڕۆکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان). توێژەر لە توێژینەوەکەیدا دووجۆر میتۆدی بەکارهێناوە، یەکەمیان: میتۆدی وەســفیی شــیکارییە، کە مەبەســتی توێژەر لە بەکارهێنانی ئەم میتۆدە، وەســـفکردن و شـــیکردنەوەی پەروردەی میدیایی و کارامەییەکان و پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەری ناوەڕۆکەکانیان و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لە ڕەهەندە جیاوازەکاندا بەکارهێناوە، دووەم: میتۆدی نیمچە ئەزمونگەرییە، چونکە میتۆدێکی گونجاوە لەگەڵ

---

[١] خنفر، نعيمة،٢٠١٩، *واقع التربية الاعلامية لدى مستخدمي شبكات التواصل الاجتماعي* - دراسة ميدانية على عينة من طلبة الاعلام و الاتصال، الجزائر، جامعة العربي بن مهيدي .

[٢] - حسن،احمد جمال،٢٠١٥، *التربية الاعلامية نحو مضامين مواقع الشبكات الاجتماعية: نموذج مقترح لتنمية المسؤلية الإجتماعية لدى طلاب الجامعة*،مصر، جامعة المينا.

ســـروشـــتی توێژینەوە لە زانســـتە مرۆڤایەتیەکاندا، توێژەر کێشـــەی توێژینەوەکەی لە چەند پرســـیارێکدا چڕکردووەتەوە، لەوانە: بنەما تیۆرییەکانی پەروەردەی میدیایی چین؟ کاریگەریی پەروەردەی میدیایی لەســەر بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە گەشــەپێدانی پەرپرســیارێتی کۆمەڵایەتی لای خوێنــدکـارانی زانکۆ، کە مشـــتی توێژینەوەکەیەتی، چییە؟ هەروەهـا توێژەر گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکەی بەمشێوەیە دەخاتەڕوو:

١) دەستنیشانکردنی بناغە تیۆرییەکانی پەروەردەی میدیایی.

٢) دەستنیشانکردنی چەمکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و کاریگەریی ناوەرۆکەکانیان.

٣) زانینی کاریگەریی پەروەردەی میدیایی لەسەر ناوەرۆکی پلاتفۆڕمە کۆمەڵایەتییەکان.

گرنگترین دەرئەنجامەکانیشی ئەمانەن:

١) پەروەردەی میدیایی کاریگەری بەرچاوی لە چۆنییەتی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمە کۆمەڵایەتییەکان هەیە.

٢) پەیوەندیی ئاماریی پێچەوانە هەیە، لەنێوان پەرەوەردەی میدیایی و کاریگەرییە نەرێنییەکانی ناوەرۆکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.

٣) پەروەردەی میدیایی کاریگەریی بەرچاوی لەسەر لایەنی ناسەنی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیدا هەیە.

٤) پەروەردەی میدیایی، دەبێتەهۆی هەڵبژاردنی جۆری ناوەرۆکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.

## دوانزەیەم: تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو:

### یەکەم: لایەنەکانی سوودمەندبوون لە توێژینەوەکانی پێشوو:

کۆتایی هەر هەوڵێک، ســـەرەتای هەوڵێکی تازەیە، کە هەریەکەیان تەواوکەری ئەوانەی پێش خۆیەتی، توێژینەوەکـانی پێشـــووش بەرچـاوی توێژەر بەرانبەر بە کێشـــەی توێژینەوەکەی ڕوونـدەکـاتەوە، لە ڕووی تیۆرییەوە ڕۆشـــنبیری دەکەن و ســـەرجەم لایەنە نـادیـارەکـانی ڕووناکدەکەنەوە، توێژەری ئەم توێژینەوەیەش لە چەند ڕوویەکەوە لە توێژینەوەکانی پێشـــوو، سوودمەند بووە لەوانە:

١. **لە ڕووی میتۆدی پەیڕەوکراوەوە:** میتۆدی ئەم توێژینەوەیە، کە لە جۆری پەســـنکـارییە، هـاوشـــێوەیە لەگەڵ زۆرینەی ئەو توێژینەوانەی، کە لە توێژینەوەکـانی پێشـــوودا ئاماژەیانپێکراوە، ئەمەش توێژەری لە گونجاوی میتۆدەکەی ئەرخەیانتر کردووە.

٢. **لە ڕووی ژمارەی مشـــت و ڕێگاکانی وەرگرتنی:** توێژەر ســـوودی لە قەبارە و ژمارەی بەرتوێژانی مشـــتی توێژینەوەکانی پێشـــوو وەرگرتووە، دوای تاوتوێ و بەراوردی ژمارەی

بەرتوێژان و ڕێگــای وەرگرتنیــان، توێژەر بۆی دەرکەوتووە بۆ توێژینەوەکەی خۆی، گونجاوترین ژمارە چەندە و گونجاوترین ڕێگای وەرگرتنیان کامەیە.

٣. **لە ڕووی ئـامرازی بەکـارهێنراو بۆ وەرگرتنی داتـا و زانیـارییەکـان:** توێژەر ســـوودی لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە بۆ هەڵبژاردنی ئامرازی گونجاو و لەبار بۆ توێژینەوەکەی خۆی، کە فۆڕمی ڕاپرسی و تێبینیکردنە.

٤. **لە ڕووی لایەنی تیۆری و ئەدەبیـاتی توێژینەوەکـانی پێشـــوو:** توێژەر ســـوودی لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە، وەک سەرچاوەی زانستی، هەروەها ئەو سەرچاوانەش، کە لەتوێژینەوەکانی پێشوودا بەکارهاتوون، گەڕان بە دوایاندا و وەدەستخستنیان.

٥. **ســـوودمەند بوون لە شـــێوازی داڕشـــتن و چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکانی پێشـــوو:** توێژینەوەکانی پێشـــوو بۆ توێژەر بوون بە نەخشـــەڕێگایەک بۆ دانانی چوارچێوە و پلانی توێژینەوەکەی.

**دووەم: گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو:**

ئەم توێژینەوەیە و ســـەرجەم توێژینەوەکانی پێشـــوو، لە چەند ڕوویەکەوە خاڵی هاوبەش و جیاوازییان هەیە، کە بۆ تایبەتمەندی هەریەک لە توێژینەوەکان دەگەڕێتەوە ، دەکرێت بەم شـێوەیە بخرێنەڕوو:

توێژینەوەکانی پێشوو و ئەم توێژینەوەیەش، لە دیاریکردنی کێشەی توێژینەوەکانیان جیاوازن، بۆ نموونە کێشەی توێژینەوەی (محمد٢٠٢٣) بریتییە لەوەی تا چەند خوێندکارانی زانکۆ شارەزاییان لەسەر پەروەردەی میدیایی هەیە؟ بەڵام کێشەی توێژینەوەی (بودربالة٢٠٢٢) بریتییە لە پێویستیی خوێندەواریی میدیایی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاڵەنگاریەکانی ســـاختەهەواڵ، هەروەها کێشـــەی توێژینەوەی (آسیابی١٣٩٩) بریتییە لە زانینی ئاستی خوێندەواریی میدیایی لای خوێندکارانی زانکۆ و ناوەندە پەروەردەییەکان، لە کاتێکدا کێشەی توێژینەوەی (Eva2021) بریتییە لە وەی ئایا وڵاتی (فینلاند) پێویستی بەوەیە خوێندەواریی میدیایی لە (EFL) لە هەموو ئاستەکاندا بخوێنێت؟ کێشەی توێژینەوەکەی (خنفر٢٠١٩) بریتییە لە پەروەردەی میدیایی چۆن بەشـداره لە ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمە کۆمەڵایەتییەکان، کێشەی توێژینەوەی (حسن٢٠١٥) کاریگەریی پەروەردەی میدیاییە لەســـەر بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە گەشـــەپێدانی بەرپرســـیارێتی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ، بەڵام کێشـــەی ســـەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ناڕوونیی ڕۆڵی خوێندەواریی میدیایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە لە هەرێمی کوردستاندا.

لە ڕووی ئامانجەوە، ئامانجی سـەرەکیی توێژینەوەی (محمد٢٠٢٣)، زانینی ئاسـتی گرنگی پەروەردەی میدیاییە لە سـەردەمی میدیای دیجیتاڵیدا و ئاشـنابوونە بە ڕۆڵی ئامڕازەکانی میدیا لە هۆشـیارکردنەوەی خوێندکارانی زانکۆ لەسـەر پەروەردەی میدیایی، ئامانجی توێژینەوەی (بودربالة٢٠٢٢) بریتییە لە زانینی ئاستی کاریگەریی خوێندەواریی میدیایی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی سـاختەهەواڵ، هەروەها ئامانجی توێژینەوەی (آسـیابی١٣٩٩) زانینی ئاسـتی خوێندەواریی میدیاییە لای خوێندکارانی زانکۆ و ناوەندە پەروەردەییەکان، بەڵام ئامانجی توێژینەوەکەی (Eva2021) ڕاپۆرت دەکات، کە چۆن دوو داڕێژەری سیاسەت، کە بەشدارن لە نووسینی مەنهەجی نیشتیمانیدا دۆخی ئێسـتـای خوێندەواریی میدیا لە وانەوتنەوەکانی (EFL) دەبینن؟ هەرچی توێژینەوەی (خنفر٢٠١٩)یە، ئامانجی سـەرەکی بریتییە لە ناسـینی پەروەردەی میدیایی لە ڕوانگەی تیۆری و پراکتیکییەوە، ئامانجی توێژینەوەکەی (حسن٢٠١٥) دەستنیشانکردنی بناغە تیۆرییەکانی پەروەردەی میدیایی و زانینی کاریگەریی پەرەروەردەی میدیاییە لەسەر ناوەرۆکی پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان.

سـەبارەت بە میتۆدی توێژینەوەکان، میتۆدی توێژینەوەکانی (محمد٢٠٢٣) و (بودربالة٢٠٢٢) و (آسـیابی١٣٩٩) و (خنفر٢٠١٩)ە هاوتای یەک میتۆدی پەسـنکاری (وصـفي)یان بەکارهێناوە، بەڵام توێژینەوەی (Eva2021) میتۆدی ئەزموونی بەکارهێناوە و هەرچی توێژینەوەی (حسـن٢٠١٥) هەردوو میتۆدی پەسـنکاریی شـیکاری و میتۆدی نیمچە ئەزموونی بەکارهێناوە، میتۆدی ئەم توێژینەوەیەش میتۆدی پەسـنکارییە و ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاسـتییەیە، کە جۆری میتۆدی ئەم توێژینەوەیە لەگەل سروشتی توێژینەوەکەدا گونجاوە.

هەرچی کۆمەڵگەی توێژینەوەکـانە، کۆمەڵگەی مرۆیی و بـابەتین، کۆمەڵگەی توێژینەوەی (محمد٢٠٢٣) کۆمەڵگەیەکی مرۆییە، لە خوێندکارانی زانکۆ لە شـاری سـلێمانی پێکهاتووە، بەڵام کۆمەڵگەی توێژینەوەی (بودربـالة٢٠٢٢) بـابەتییە و ئامرازی شـیکاریی بەڵگەنامەکان (التحلیل الوثائقي) بەکارهێناوە، هاوشـێوەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی (بودربالة) کۆمەڵگەی توێژینەوەی (آسـیابی ١٣٩٩) بابەتییە و هەموو ئەو بابەتانە وەرگیراوە، کە لەنێوان سـاڵانی (٢٠٠٢-٢٠٢٢) لە وڵاتی ئێران لەسـەر خوێندەواریی میدیایی بڵاوکراونەتەوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەی (Eva2019) خوێنـدکـارانی قۆنـاغی نـاوەنـدییە لە وڵاتی (فینلانـد)، کۆمەڵگەی توێژینەوەی (خنفر٢٠١٩)، کۆمەڵگەیەکی مرۆییەو خوێندکارانی زانکۆی (بن مهیدی) لە وڵاتی جەزائر وەرگرتووە، کۆمەڵگەی توێژینەوەی (حسـن٢٠١٥) بریتییە لە خوێندکارانی زانکۆی (المینا) لە (مصـر)، هەرچی کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیەش، بریتییە لە زانکۆکانی (صلاح الدین_هەولێر، دهۆک، سلێمانی و هەڵەبجە).

مشـتی توێژینەوەکانی (محمد٢٠٢٣)، (Eva2021) ، (خنفر٢٠١٩) ، (حسـن٢٠١٥) و ئەم توێژینەوەیەش، بریتییە لە خوێندکارانی زانکۆ و ناوەندە پەروەردەییەکان لە کات و شـوێن و بڕی

جیاوازدا، بەڵام توێژینەوەکانی (بودربالة٢٠٢٢) و (آسـیابی١٣٩٩) بابەتیان وەرگرتووە و شـیکاری ناوەرۆک (التحلیل المحتوی)یان بۆ کردووە.

سـەبارەت بە دەرئەنجامەکان، گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی، کە توێژینەوەکەی (محمد٢٠٢٣) پێیگەیشـتووە بریتییە لە: زۆرینەی وەرگرانی ئامرازەکانی میدیا تاڕادەیەک زانیارییان لەسـەر پەروەردەی میدیایی هەیە، دەرئەنجامی توێژینەوەی (بودربالـة٢٠٢٢) بریتییە لەوەی پەروەردەی میدیایی و خوێندەواریی میدیایی، خوێندنیان لە پرۆگرامی قوتابخانەکاندا هێزێکی کاریگەرە بۆ ڕوو بەڕووبوونەوەی دیاردەی سـاختەهەواڵ، دەرئەنجامی توێژینەوەی (آسـیابی١٣٩٩) بریتییە لە: خوێندەواریی میدیایی لای خوێندکارانی زانکۆ مامناوەندە و لای خوێندکارانی ناوەندە پەروەردەییەکان نزمە، گرنگترین دەرئەنجامی (Eva2021) ئەوەیە، کە هەموو وەڵامدەرەوەکان لەسـەر سـوودە بەرچاوەکانی فێرکردنی خوێندەواریی میدیا هاوڕابوون، دەرئەنجامی توێژینەوەی (خنفر٢٠١٩) بریتییە لەوەی، کە پەروەردەی میدیایی هاوکارە، کە مشـتی توێژینەوەکە لە ژینگەی میدیا تێبگەن و ناوەرۆکە ئەرێنییەکانی بقۆزنەوە، گرنگترین دەرئەنجامی توێژینەوەی (حسن٢٠١٥) بریتییە لە: پەروەردەی میدیایی دەبێتەهۆی هەڵبژاردنی ناوەرۆکی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، گرنگترین دەرئەنجامەکانیش، کە ئەم توێژینەوەیە پێیانگەیشـتووە، بریتیین لە: توێژینەوەکە گەیشـتووە بەو دەرئەنجامەی، کە خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو ڕۆژانە سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن، لەنێویشـیاندا بە پلەی یەکەم تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، بۆ مەبەسـتی هەواڵ و زانیاریی، هەروەها یەکێکی تر لەو دەرئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووە، لەگەڵ ئەوەی، کە خوێندکاران تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان وەک سەرچاوەی زانیاریی بەکار دەهێنن، بەڵام باوەڕیان وایە سـەرچاوەی زانیاریی هەڵەن و متمانەیەکی کەمیان بە زانیارییەکانی نێو سـۆشـیال میدیا هەیە، هەروەها لە ڕووی ئاسـتی بەرزی خوێندەواریی میدیاییەوە، توێژینەوەکە دەریدەخات، کە خوێندکارانی زانکۆی (سـلێمانی) بەرزترین ئاسـتی خوێندەواریی میدیاییان هەیە بەراورد بە زانکۆکانی (صلاح الدین_هەولێر، دهۆک و هەڵەبجە).

## بەشی دووەم: تیۆرییینامەی توێژینەوەکە (تیۆرییینامە)

### باسی یەکەم: خوێندەواریی میدیایی

یەکەم: خوێندەواریی

دووەم: چەمکی خوێندەواریی میدیایی

سێهەم: پێناسەی خوێندەواریی میدیایی

چوارەم: مێژووی سەرهەڵدانی خوێندەواریی میدیایی

پێنجەم: گرنگیی خوێندەواریی میدیایی

شەشەم: چەمکە سەرەکییەکانی خوێندەواریی میدیایی

حەوتەم: پێوەرەکانی (یونسکۆ) بۆ خوێندەواریی میدیایی و زانیاریی

## بەشی دووەم: زانیارییینامەی توێژینەوە (زانیارییینامە)

## پێشەکی باسی یەکەم:

ئەم باسە لە توێژینەوەکە بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی چەمکی خوێندەواریی میدیایی داڕێژراوە، لە سەرەتادا باس لە پێناسە گشتییەکانی خوێندەواریی دەکات و چۆن ئەم چەمکە لە ڕووی زمانەوانییەوە لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە بە درێژایی کات گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە پێناسەی سەرەتایی خوێندنەوە و نووسینەوە تا گەیشتووەتە دوانزە جۆرە جیاوازەکەی خوێندەواریی، لەوانە خوێندەواریی سۆزداری، دارایی، دیجیتاڵی، و ژیریی دەستکرد.

دواتر سەرچاوە و سەرهەڵدانی چەمکی خوێندەواریی میدیایی تاوتوێ کراوە، بە تایبەت سەرنج دەخرێتە سەر چۆنیەتی پەرەسەندنی ئەم چەمکە لە وەڵامی زیادبوونی کاریگەریی میدیادا لە سەدەی بیستەمدا و ڕۆڵی زانایانی وەک (مارشال مەکلۆهان، نیل پۆستمان و ستوارت هۆڵ) لە دانانی بناغەی ئەم بوارەدا.

لە بەشێکی تری ئەم باسەدا، چەندین پێناسەی جیاوازی خوێندەواریی میدیایی لە ڕوانگەی توێژەران و پسپۆڕانی بوارەکەوە پێشکەش کراوە، کە جەخت لەسەر خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئەم پێناسانە دەکاتەوە، وەک توانای (دەستڕاگەیشتن، شیکردنەوە، هەڵسەنگاندن و دروستکردنی پەیامی میدیایی) بە چاوێکی ڕەخنەگرانە.

هەر لەم باسەدا بە وردی باس لە مێژووی پەیدابوونی چەمکی خوێندەواریی میدیای دەکرێت، کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو و کاریگەریی زیادبوونی تەلەڤیزیۆن و میدیا جەماوەرییەکان. هەروەها نیشان دەدات، کە چۆن ئەم بوارە لە وڵاتانی جیاوازدا گەشەی پێدراوە.باسەکە تیشک دەخاتە سەر هۆکارە سەرەکییەکان بۆ پێویستیی خوێندەواریی میدیایی لە سەردەمی دیجیتاڵیدا. ئەم بەشە گرنگییەکانی وەک: بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، بەهێزکردنی تاک، پاراستن لە زانیاریی هەڵە، بەشداریکردنی مەدەنی، زیرەکیی سۆزداری و توانای دروستکردنی میدیا دەخاتە ڕوو.

هەروەک چۆن باسیش لە چەمکە بنەڕەتییەکان و بنەما سەرەتاییەکانی پەروەردەی خوێندەواریی میدیاییدەکات، بەپێی بۆچوونی ڕێکخراوە میدیایی و پەروەردەییە نێودەوڵەتییەکان. لە کۆتاییدا، پێوەرەکانی (یونسکۆ) بۆ خوێندەواریی میدیایی و زانیاریی، باس لە چوارچێوە بەرفراوانەکەی یونسکۆ دەکات، کە وەک یەکێک لە پێوەرە نێودەوڵەتییە هەرە گرنگەکان بۆ هەڵسەنگاندن و پەرەپێدانی تواناکانی تاک (وەرگر) لە بواری خوێندەواریی میدیایی و زانیاریدا دادەنرێت.

# باسی یەکەم: خوێندەواریی میدیایی

## یەکەم: خوێندەواریی (Literacy)

لە ڕووی زمانەوانییەوە هەروەک لە فەرهەنگی (Oxford English Dictionary)[1] دا هاتووە، خوێندەواریی بریتییە لە توانای نووسین و خویندنەوە، هەروەها ڕێکخراوی پەروەردەیی و زانستی و ڕۆشنبیری نەتەوەیەکگرتووەکان (UNESCO)[٢] لە مێژووی دروستبوونییەوە تا ئێستا، سێ جار پێناسەی خوێندەواریی کردووە، کە هەر جارێک بەپێی گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی بواری تەکنەلۆجیا و زانیاریی، پێناسەی (یونسکۆ)ش بۆ خوێندەواریی گۆڕاوە، بەمشێوەیەی لای خوارەوە:[٣]

توانای خوێندنەوە و نووسین، یەکەم پێناسەی خوێندەواریی بوو، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا پێشکەشکرا، تەنها لەسەر توانای خوێندنەوە و نووسینی زمانی دایک بوو. بەپێی ئەم پێناسەیە، مرۆڤی خوێندەوار بە توانای خوێندنەوە و نووسینی زمانی دایکی دەناسرایەوە. لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا (یونسکۆ) پێناسەی دووەمی بۆ خوێندەواریی پێشکەشکرد و دوو کارامەیی تری بۆزیادکرد، ئەوانیش فێربوونی کۆمپیوتەر و زمانێکی بیانی بوو، لەم پێناسە نوێیەدا، جگە لە توانای خوێندنەوە و نووسینی زمانی دایک، توانای بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و فێربوونی زمانێکی بیانی زیادکرا. بەمشێوەیە ئەو کەسانەی، کە توانای خوێندنەوە و نووسین و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و قسەکردن و تێگەیشتنیان لە زمانێکی بیانی هەبووە، پێیاندەگوترا خوێندەوار.

لە پێناسەی سێهەمدا دوانزە جۆر خوێندەواریی زیادکرد.[٤] لە دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەکەمدا، (یونسکۆ) دیسان چەمکی خوێندەواریی گۆڕی و لەم پێناسەیەدا، سروشتی خوێندەواریی بە تەواوی گۆڕدرا، چەندین جۆر کارامەیی ڕاگەیەندرا، کە هەبوونی ئەم توانا و لێهاتووییانە وەک نموونەی خوێندەواربوون هەژماردەکرا، گرنگترین جۆرەکانی خوێندەواریی بەپێی ئەم پێناسەیە، ئەمانەی لای خوارەوەن:

١. خوێندەواریی سۆزداری (emotional literacy): توانای دامەزراندنی پەیوەندیی سۆزداری لەگەڵ خێزان و هاوڕێیان.

---

[1] https://www.oed.com/search/dictionary/?scope=Entries&q=literacy 10-12-2024: 10AM

[٢] -(UNESCO) ڕێکخراوەی پەروەردەیی زانستی و کەلتووری نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئینگلیزی United Nations : Organization Educational, Scientific and Cultural یەکێکە لە بەرنامە ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. لە ١٦ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٥ دامەزراوە. لە یونێسکۆدا ١٩٣ وڵات ئەندامن. بنکەی سەرەکی ئەم ڕێکخراوە لە پاریسە، زیاتر لە ٥٠ نووسینگە و بەشی لە وڵاتانی تری جیهاندا هەیە.

[3] -https://www.unesco.org/en/literacy/need-know?hub=401 10-12-2024 11AM

[4] - Hobbs, Renee, Moore, David, 2023, *powerful voice for kids: Digital and Media literacy in Elementary school.* first Edition, Publisher Corwin, P6

٢. خوێندەواریی پەیوەندیکردن (communication literacy): توانای پەیوەندیکردن بە شـــێوەیەکی دروست لەگەڵ کەسانی دیکە و زانینی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی.

٣. خوێنــدەواریی دارایی (financial literacy): توانـــای بەڕێوەبردنی دارایی خێزان، زانینی شێوازەکانی پاشەکەوتکردن و هاوسەنگکردنی داهات و خەرجییەکان.

٤. خوێندەواریی میدیا (Media literacy): زانینی ئەوەی کام میدیا ڕەوایە و کامیان نادروستە.

٥. خوێندەواریی پەروەردەیی (Educational literacy): توانای پەروەردەکردنی منداڵان بە شێوەیەکی گونجاو.

٦. خوێنــدەواریی کۆمپیوتەر (Computer literacy): بەکـــارهێنـــانی ئـــامراز و تەکنەلۆژیـــاکـــان بەشێوەیەکی کاریگەر.

٧. خوێندەواریی تەندروســـتی (Health literacy): زانینی زانیاریی گرنگ ســـەبارەت بە خواردنی تەندروست و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی.

٨. خوێندەواریی ڕەگەزی و نەتەوەیی (Racial and ethnic literacy): ناســـینی ڕەگەز و نەتەوەکان لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و جیاکاری نەکردن.

٩. خوێندەواریی ئیکۆلۆژی (Ecological literacy): زانینی ڕێگاکانی پاراستنی ژینگە.

١٠. خوێندەواریی شیکاری (Analytical literacy): توانای ناسینەوە و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی تیۆرییە جیاوازەکان و دروستکردنی بەڵگە (ئارگومێنت)ی لۆژیکی بەبێ پێشوەختە و پێشبینیی پێشوەختە.

١١. خوێنـدەواریی هەواڵ (News literacy): تێگەیشـــتن و بەشـــداریکردن لە هەواڵ و ڕووداوە هەنووکەییەکان.

١٢. خوێنـدەواریی دیجیتـاڵی (Digital literacy): بەکـارهێنـانی ئـامرازە تەکنەلۆژیەکـان و بوون بە بەکارهێنەرێکی بەرپرسیار لە سۆشیاڵ میدیادا.[1]

هەرچەندە لە پێناســـەکەی ڕێکخراوی یونســـکۆدا ئاماژەپێنەکراوە، بەڵام دەکرێت ئاماژە بە خوێندەوارییەکی لە هەمووان تازەتر بکرێت، ئەویش خوێندەواریی ژیریی دەســتکرد (Ai literacy)ە. کەواتە لەمەوە دەگەینە ئەو ڕاســتییەی، لە ســەردەمی ئەمڕۆدا خوێندەواریی تەنها لە خوێندنەوە و نووســـین پێکنەهاتووە، بەڵکو چەندین جۆری تری خوێندەواریی و کارامەیی ســـەریانهەڵداوە و بوونەتە پێداویستیەکی تاکەکان، لە سەرووی هەموویانەوە خوێندەواریی میدیایی، لە ژێر ڕۆشنایی ســەرجەم پێناســەکاندا بۆ خوێندەواریی، توێژەر خوێندەواریی وەها پێناســەدەکات، خوێندەواریی لە

[1] Hobbs, Renee, Moore, David, 2023, p12

دنیای ئەمڕۆدا تەنها بە خوێندنەوەی وشـــەکان ناپێورێت، بەڵکو خوێندەواریی بریتییە لە کۆی ئەو لێهاتووییانەی، کە وا لە مرۆڤ دەکات بە شـــێوەیەکی کاریگەر مامەڵە لەگەڵ جیهانی دەوروبەریدا بکات و بەشدارییەکی چالاکانەی تێدا هەبێت.

## دووەم: چەمکی خوێندەواریی میدیایی (The Consept Of Media Literacy)

خوێندەواریی میدیا وەک چەمکێک لە وەڵامی زیادبوونی بەرچاوبوونی میدیای گشـــتی لە کۆمەڵگادا سەریهەڵدا، بەتایبەتی لە ماوەی سەدەی بیستەمدا. فراوانبوونی خێرای ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە و دواتر ئینتەرنێت، گۆڕانکاری لە چۆنێتی بڵاوکردنەوەی زانیاریی و پەیامەکان بۆ خەڵک بە دوای خۆیدا هێنا. لەگەڵ بەهێزبوونی پلاتفۆرمی میدیایی و بەربڵاوتر، دانپێدانانێک بە پێویســتیی تێگەیشـــتن و شـــیکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە پەیامەکانی میدیا و کاریگەرییەکانیان لەســـەر تاک و کۆمەڵگا گەشەیسەند. [1]

ڕەگ و ڕیشـــەی خوێندەواریی میدیایی دەتوانرێت بگەڕێتەوە بۆ کاری زانا و پەروەردەکاران، کە دەســـتیان بە لێکۆڵینەوە کرد لەوەی، کە چۆن میدیا کاریگەری لەســـەر بیروڕای گشـــتی هەیە، (نۆرمەکان)ی کولتوور لە قاڵبدەدات و بەشـــداری لە بنیاتنانی ناســـنامەدا دەکات. ســـەرهەڵدانی پڕوپاگەندە لە ســـەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەم و جەنگی جیهانیی دووەم، هەروەها ســـەرهەڵدانی (ڕیکلام)ی بازرگانی، تیشکیخستەسەر پێویستیی پەرەپێدانی لێهاتوویی بۆ لێکدانەوە، شیکردنەوە و وەڵامدانەوەی ناوەرۆکی میدیایی.

لە ســـەدەی بیســـتەمدا، بەرهەمە ســـەرەکییەکانی توێژەرانی وەک: "مارشـــال مەکلۆهان" "نیل پۆستمان" و "ستوارت هۆڵ" یارمەتیدەر بوون بۆ دانانی بناغەی بواری خوێندەواریی میدیا. چەمکی "گوندی جیهانی" لەلایەن مەکلۆهانەوە جەختی لەســـــەر پێکەوەگرێدانی میدیا و کۆمەڵگا دەکردەوە، هاوکات ڕەخنەکانی پۆستمان لە تەلەفزیۆن و تەکنەلۆژیا تیشکیانخستەسـەر گرنگیی تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی میدیا. کارەکانی ســـتوارت هۆڵ لەســـەر توێژینەوەی کولتووری، جەختی لەســـەر ڕۆڵی میدیا لە داڕشتنی ئایدۆلۆژیا و گوتاری کۆمەڵایەتیدا کردەوە.[2]

بە تێپەڕبوونی کات، خوێندەواریی میدیا پەرەیسەند و بوو بە بوارێکی فرە پسپۆڕیی، کە سوود لە تێڕوانینەکانی توێژینەوەکانی: پەیوەندی، پەروەردە، دەروونناســـی، کۆمەڵناســـی و توێژینەوەی کولتووری وەردەگرێت. بەرنامەکانی پەروەردەی خوێندەواریی میدیایی بۆ بەهێزکردنی تاکەکان پەرەپێدرا، بۆئەوەی بە شـــێوەیەکی ڕەخنەگرانە بەشـــداری ناوەرۆکی میدیا بکەن، لایەنگری و زانیاریی هەڵە بناســـن و پەیامی میدیایی خۆیان دروســـتبکەن. ئەمڕۆ خوێندەواریی میدیایی وەک

---

[1] - Donsbakh, Wolfgang, 2008, *the international encyclopedia of communication,* London, Blackwell publishing. P9

[2] - داربی، علی،١٣٩٠، *درآمدي بر جامعه شناسی ارتباطات فرهنگ و رسانه*،،تهران، انتشارات جهاد دانشگاهی ، ص.٣٩٩

کارامەییەکی چارەنووسساز بۆ گەشتکردن بە سەردەمی دیجیتاڵی و پەروەردەکردنی هاوڵاتیبوونی ئاگادار لە جیهانێکی تێر لە میدیادا سەیردەکرێت.[١]

لە بنەڕەتدا خوێندەواریی میدیایی، زاراوەیەکی ئاوێتەی دوو وشـــەی لێکدراوی (خوێندەواریی) و (میدیا)یە، لە زمانی ئینگلیزیدا بەرانبەرە بە (Media literacy) و لە زمانی عەرەبیدا بەرانبەرە بە (محو الامية الاعلامية) وە لە زمانی فارسیشدا پێیدەوترێت (سواد رسانەای)[٢]

## سێهەم: پێناسەی خوێندەواریی میدیایی (Definition Of Media Literacy)

دەربارەی خوێندەواریی میدیایی توێژەران و پســپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن و کۆمنیکەیشــن بۆچوونی جیاوازییان هەن، بۆیە چەند پێناسەیەکی جیاواز دەخەینەڕوو:

خوێندەواریی میدیایی، توانای وەرگرە بۆ شـــیکردنەوەی پەیامەکانی میدیا جیاوازەکان، لەگەڵ چاوخشـاندنێکی ڕەخنەگرانە بە ناوەڕۆکەکانی میدیادا.[٣] ئینسکلۆپیدیای نێودەوڵەتیی پەیوەندییەکان، پێناسەیەکی گشتگیری بۆ خوێندەواریی میدیایی لە زاریی (کریستن و پۆتەر ١٩٩٨) پێشکەشکردووە "توانای دەســـتڕاگەیشـــتن، شـــیکردنەوە، هەڵســـەنگاندن و دروســـتکردنی پەیامەکان لە دەقە جۆراوجۆرەکانەوە.[٤] پەیمانگـای (**ئۆفکۆم**)، کە دامەزراوەیەکە لە ئینگلتەرا لە بواری ڕێســـاکانی خوێندەواریی میدیاییدا کاردەکات، خوێندەواریی میدیایی بەمشـێوەیە پێناســەدەکات "خوێندەواریی میدیایی بریتییە لە دەستڕاگەیشتن و تێگەیشتن و پەیوەندیکردن لە چوارچیوەی جۆراوجۆردا[5] لەلایەکی ترەوە "هۆرتۆن" خوێندەواریی میدیا بریتییە لە دەســـتڕاگەیشـــتن و شـــیکردنەوەو بەرهەمهێنانی پەیوەندی لە فۆرمە جۆراوجۆرەکانی میدیا و بەکارهێنانی ڕەخنەگرانەی ناوەڕۆک.[٦]. خوێندەواریی میدیایی وەک کارامەییەکی کۆمەڵایەتی، کە دەتوانێت بەشێوەیەکی چالاک و دینامیکی وەرگر بە پەیام و بەرهەمە میدیاییەکان ئاشـــنابکات، لەگەڵ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە.[٧] پەیمانگای

---

1 - Kia, Ali Asghar, 2015, *The importance of Media Literacy in the knowledge-base society: The effectiveness of training in the media literacy skills in Iran*, Associate professor of Allameh Tabataba'i University, Conference Paper, P2

٢- عبدالكريم، راشد بن حسين، ٢٠٠٧،*المناهج الدراسية وتنمية ملكات النقد لوسائل الإعلام*، السعودية، الرياض ، ب.م، ص.٣

٣ - تاجريان،على رضا، ٢٠١٤، "مديريت استراتيژيک رسانه در مواجهه با سواد رسانه‌ای مخاطب" كنفرانس بين المللى مدريت، *رسانه* دوره٣ شماره١٣، ص.٩٦

4 Donshbakh, same reference. P29

5 - Raboy & Padovani, same reference, P16

6 - Horton, Forest Woody, 2007, *"Understanding information literacy"* A Primer, UNESCO: Paris, P541

7 - Heider, Kelly L. (2009), *"Information literacy: The missing link in early childhood education"*. Springer Science Business Media, LLC Early Childhood Education, 36, P513–518.

ئاسپێن[١] (Aspen) لە کۆنگرەی نیشتمانیی خوێندەواریی میدیایی، کە لە کانونی دووەمی ساڵی (١٩٩٢)زاینی بەستی، بەمشێوەیە پێناسەی خوێندەواریی میدیایی کردووە "ئەوە توانای هاوڵاتییە بۆ دەستڕاگەیشتن و شیکردنەوەو بەرهەمهێنانی زانیاریی بۆ دەرئەنجامە تایبەتییەکان[٢]. خوێندەواریی میدیایی، کۆمەڵێک ڕوانگەیە، کە ئێمە (وەرگر) چالاکانە بەکاریدەهێنین بۆئەوەی خۆمان بخەینەبەردەم میدیاو لێکدانەوەی مانای ئەو پەیامانەی، کە ڕووبەڕووماندەبنەوە، فرەڕەهەندە و بەردەوامە.[٣] "هۆبس" خوێندەواریی میدیایی وەک پرۆسەیەکی شیکاریی ڕەخنەیی دەبینێت.[٤] خوێندەواریی میدیا بریتییە لە توانای تێگەیشتن، شیکردنەوە، هەڵسەنگاندن و دروستکردنی پەیامەکانی میدیا.[٥] هاینس دەڵێت: خوێندەواریی میدیایی بە سادەیی ئەوەیە، کە خاوەنی لێهاتوویی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بێت، کە پێویستن بۆ پەیوەندیەکانی میدیای گشتی ( Mass Media Communication).[٦] "شکر خواه" بە زمانێکی سادە ئاماژەی بۆدەکات: خوێندەواریی میدیایی وەک ڕێجیمێک وایە، کە بە زیرەکی ئاگاداری ئەوە بێت، چ پێکهاتەیەک باشە و چ پێکهاتەیەک زیانبەخشە، چی پێویستە بخورێت و چی پێویستە نەخورێت، بە هەمانشێوە خوێندەواریی میدیایی دەتوانێت وەرگر فێربکات لە دۆخی ناچالاک (پاسیڤ) و بەکاربەر دەربچێت و بچێتەنێو هاوکێشەیەکی هاوبەش و چالاکەوە، کە دواجار سوودی بۆیان دەبێت.[٧] لە لایەکی دیکەوە شارەزایانی زانستی

---

[١] -پەیمانگای ئاسپێن ڕێکخراوێکی بێلایەنە، کە بنکەکەی لە ئەمریکایە و کاردەکات بۆ بەرەوپێشبردنی سەرکردایەتی و گفتوگۆ و کردار لە بوارە جیاوازەکانی وەک: سیاسەت، بازرگانی، کولتوور و کۆمەڵگادا. پەیمانگاکە لە ساڵی (١٩٥٠)زاینی دامەزراوە و میوانداری کۆنفرانس و سیمینار و بۆنە دەکات بۆ کۆکردنەوەی سەرکردەکانی کەرتە جیاوازەکان بۆ ئاڵوگۆڕی بیرۆکە و بەشداریکردن لە گفتوگۆ و کارکردن لەسەر چارەسەری پرسە گرنگەکان. هەروەها ڕێکخراوەکە توێژینەوە ئەنجام دەدات و ڕاپۆرت بڵاودەکاتەوە و بەرنامەکانی پەرەپێدانی سەرکردایەتی بەڕێوەدەبات. پەیمانگای ئاسپێن بە پابەندبوونی بە پەروەردەکردنی سەرکردایەتی لەسەر بنەمای بەهاکان و چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگە ئاڵۆزانە، کە ئەمڕۆ جیهان ڕووبەڕووی دەبێتەوە ناسراوە.

[2] - Silverblatt, Smith and others, 2014, *Media literacy keys to interpreting Media Message,* forth Edition, Praeger press, USA, California, P4

[3] - Potter, w.James, 2021, Media literacy, tenth Edition, SAGA publication, P13

[4] - Ulaş, Halima and others, 2011, *the concept of "Midia literacy" and an evaluation on the necessity of media literacy education in creating awareness towards Turkish language,* published by Elserier Ltd. 10.1016:/j. P3

[5] - Geray,narjes and others, 2015, *impact of Media literacy education on knowledge and behavioral intention of adolescents in dealing with media message according to stages of change, Journal of Advances in media education& professionalism*. p10

[6] - Heins, Marjorie, Cho, Christina, 2003, *Media literacy an Alternative to Censorship*, London: free Expression policy; P4

[٧] - شکرخواه، یونس، 12-19-2024 3:30 PM، **سواد رسانه‌ای چیست؟**KHAMENEI.IR، 1388/12/23، سواد رسانه‌ای چیست؟ – دیگران.

کۆمینیکەیشـــن، خوێندەواریی میدیایی بە چەمکێک دەزانن، کە لەم پێنج پرســـیارەی خوارەوەدا وورژێنراوە:

١. کێ ناوەرۆکی میدیایی دروستدەکات؟
٢. کام لە تەکنیکەکانی ڕاگەیاندن بۆ سەرنجڕاکێشانی وەرگر بەکارهێنراوە؟
٣. چۆن کەسانی جیاواز بڕیار و لێکدانەوەی جیاوازییان هەیە بۆ هەمان پەیام لە هەمانکاتدا؟
٤. ئەوبەها و شێوازی ژیانانەی لە میدیاکانەوە دەخرێنەڕوو، چین؟
٥. ئامانجی پەیامساز و دروستکەرانی ناوەڕۆکی میدیایی چییە؟[1]

ئەگەر بە وردی سەرنجبدەینە سەرجەم پێناسەکان، دەتوانین چەند خاڵێکی هاوبەش لەنێوانیاندا بدۆزینەوە: ســەرجەمیان ئاماژە بە توانای دەســتڕاگەیشــتن دەکەن، هەروەها ســەرجەمیان ڕۆڵی کارایان بە وەرگر داوە، لە هەمانکاتدا وەرگر دەبێتەوە نێرەریش، توانای شیکردنەوەو تێگەیشتن لە ناوەرۆکی میدیا و لە سەرووی هەموویانەوە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی وەرگر.

لەم چوارچێوەیەدا توێژەر لەسـەر بنەمای ئەم پێناسـانە، بەم شـیوەیە پێناسـەی خوێندەواریی میدیایی دەکات وەک توانای وەرگر بۆ دەستڕاگەیشتن، شیکردنەوە، هەڵسەنگاندن و دروستکردنی پەیامی میدیا لە ســـەرانســـەری پلاتفۆرمە جیاوازەکاندا بە چاوێکی ڕەخنەگرانە پێناســـەبکرێت، هەروەها بریتییە لە تێگەیشـتن لە بنیاتنانەوە و پاڵنەرەکانی پشـت پەیامەکانی میدیا، بەشـداریکردنی چالاکانە لەگەڵ ناوەڕۆکی میدیادا، تێگەیشـتن لە زانیاریی هەڵە و لایەنگری، بەکارهێنانی تواناکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بۆ گەشـتکردن و لێکدانەوەی ئەو زانیارییانە، کە بە لێشـاو بەر وەرگر دەکەون، پێناســـەی ڕێکاری: بریتییە لەو نمرەیەی، کە ســـامپڵی توێژینەوەکە لەســـەر پێوەری خوێندەواریی میدیایی بەدەستیدەهێنن.

## چوارەم: مێژووی سەرهەڵدانی خوێندەواریی میدیایی

مێژووی پەیدابوونی خوێندەواریی میدیایی، کە لەســـەر بنەمای پێویســـتییەکی خێرا دانراوە و دەگەڕێتەوە بۆ (دەیەی شـــەســـتەکان)و پاش زۆربوونی بەکارهێنەرانی تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ و فیلمە هۆلیودییەکان، لەو کاتەدا تەلەڤزیۆن پێش میدیاکانی تر کەوتبوو بە شـــێوەیەک زۆرینەی خەڵک پێیان باشبوو سەیربکەن، نەک بخوێننەوە.[2]

مێژووی خوێندەواریی میدیا بۆ سـاڵی (١٩٦٥)زاینی دەگەڕێتەوە. "مارشـال مەکلۆهان" بۆ یەکەمجار لە کتێبی "تێگەیشـتن لە میدیا"دا، ئەم دەسـتەواژەیەی بەکارهێناوە و نووسـیویەتی:"کاتێک لێکۆڵینەوە

---

[1] - تاجریان، منبع قبلی، ص.١٢٧

[2] - هاشمی، شهناز ، رضایی، زهرا، ١٣٨٧، *گزری بر سواد رسانەای*، پژوهشنامه سواد رسانەای (سواد رسانەای- مقالەها و خطابەها)، ص١٥٧

له گوندی جیهانی دەکریت، پێویستە مرۆڤەکان خوێندەوارییەکی نوێ بەدەستبهێنن، کە پێیدەوترێت خوێندەواریی میدیا[1]. ئیتر کولتوور بە سنووری جوگرافی پێناسەناکرێت. هەروەها کولتوور لەلایەن خەڵکی جیهانەوە دروستدەکرێت.

لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا هاتنی (تەلەڤزیۆن) ئاڵەنگاریی و دەرفەتی نوێی بۆ خوێندەواریی میدیایی هێنایەئاراوە. لەگەڵ سەرهەڵدانی تەلەڤزیۆن وەک فۆرمێکی باڵادەستی پەیوەندییە جەماوەرییەکان، پەروەردەکاران و زانایان دەستیانکرد بە جەختکردنەوە لەسەر گرنگیی تێگەیشتن لە کاریگەریی میدیا لەسەر کۆمەڵگا و تاکەکان، هەربۆیە لە ئێستادا ناوەندە حکومی و ناحکومییەکان لە جیهاندا سەرقاڵی پێشکەشکردنی فێرکردنی خوێندەواریی میدیایین بە هاوڵاتیانیان و لە زۆرینەی وڵاتاندا لەوانە بەریتانیا، ئوسترالیا، فنلەندا، دانیمارک، سوید، فەرەنسا، ئەڵمانیا، هۆڵەندا، ڕوسیا، کەنەدا، ئەمریکا، ئەفریقای باشوور، مالیزیا و یابان، لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا بە شێوەیەکی شێلگیرانە (جدی) پەرەپێدراوە و پەیڕەودەکرێت.[2]

## پێنجەم: گرنگیی خوێندەواریی میدیایی (Importance of Media Literacy)

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا خوێندەواریی میدیایی بە کارامەییەکی جەوهەری دادەنرێت، بۆئەوەی لە ژینگەی ئاڵۆزی میدیادا بگەڕێین، دەبێت بتوانین باشتر لە پەیامەکانی میدیا تێبگەین، ئەوەش تاوەکو ئاستی خوێندەواریی میدیاییمان بەرز نەکەینەوە نایێتەدی، چونکە ئەو کەسانەی، کە توانای خوێندەواریی میدیاییان هەیە، بە ئاسانی دەتوانن ئەو پەیامە ئاڵۆزانە بدۆزنەوە، کە لە ناوەرۆکی تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، گۆڤار، کتێب، تابلۆی ڕیکلام، ئینتەرنێت و میدیای سەربەخۆی دیکەدا هاتووە، مرۆڤەکان دەتوانن بە هاوکاریی خوێندەواریی میدیایی، خۆیان میدیای خۆیان دروستبکەن و چالاکانە بەشداری لە دروستکردنی کولتووری میدیادا بکەن. ئەم چالاکییە ڕێگەدەدات وەرگر بە شێوەیەکی زیرەکانە سود لە میدیا وەربگرێت و لە دۆخی تەنها بەکاربەربوون دەربچێت.[3]

خوێندەواریی میدیایی لە سەردەمی دیجیتاڵی ئەمڕۆدا لەبەر چەند هۆکارێک پێویستە، لەوانە:

١. بیرکردنەوەی ڕەخنەیی: خوێندەواریی میدیایی یارمەتی تاکەکان دەدات، کە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بیربکەنەوە سەبارەت بەو پەیام و زانیارییانەی، کە لە فۆرمەکانی جۆراوجۆری میدیادا

---

[1] -داربی، منبع قبلی، ص.٣٩٩

[2] - نصیری، بهاره، عقیلی،سید وحید، ١٣٩١ "بررسی اموزش سواد رسانه‌ای در کشورهای کانادا و ژاپن" فصلنامه نو وری‌های اموزشی, ٤١ (*علمی پژوهشی*)، ١٣٧-١٦٢، ص١٤٠

[3] -. نویسندەناشناس، 10-1-2025 8:00AM، سواد رسانه ای چیست؟ savaderesane.ir، سواد رسانه ای چیست؟ - سواد رسانه ای

پێشـــکەش دەکرێن. توانای ئەوەیان پێدەدات پرســـیار و شـــیکاری و هەڵســـەنگاندنی ئەو ناوەڕۆکە بکەن، کە بەکاری دەهێنن.[١]

٢. بەهێزکردن: بە خوێندەواربوونی میدیا، تاکەکان تواناکان بەدەستدەهێنن بۆ گەشتکردن بە دیمەنە ئاڵۆزەکانی میدیا و بڕیاردانی ئاگادارانە سـەبارەت بەوەی باوەڕ بە چی بکەن، چی هاوبەشبکەن و چۆن کارلێک لەگەڵ پلاتفۆرمە جیاوازەکانی میدیادا بکەن.[٢]

٣. پاراســـتن: خوێندەواریی میدیایی، یارمەتیی تاکەکان دەدات بۆ ناســـینەوەی زانیاریی هەڵە و هەواڵی ساختە و پڕوپاگەندە، بەمەش خۆیان لە چەواشەکاری، یان دەستکاریکردن دەپارێزن.[٣]

٤. بەشـــداریکردنی مەدەنی: خوێندەواریی میدیایی، هاوڵاتیی چالاک پەروەردەدەکات بە هاندانی تاکەکان بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ میدیا بە شـــێوەیەکی بەرپرســـیارانە و مانادار، هاندانی بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی دیموکراسی و بڕیاردانی ئاگادارانە.[٤]

٥- زیرەکیی سۆزداری: تێگەیشتن لەوەی، کە میدیا چۆن کاریگەری لەسەر هەست و هەڵوێستەکان هەیە، دەتوانێت یارمەتیی تاکەکان بدات بۆ پەرەپێدانی زیرەکیی ســـۆزداری و خۆڕاگری لە مامەڵەکردن لەگەڵ پەیامەکانی میدیادا، کە ڕەنگە زیانبەخش یان چەواشەکارانە بن[٥].

٦. دروســـتکردنی میدیا: خوێندەواریی میدیایی، تاکەکان بەهێز دەکات بۆ دروســـتکردنی ناوەڕۆکی میدیایی خۆیان بە شـــێوەیەکی بەرپرســـیارانە و ئەخلاقی، لەقاڵبدان و هاوبەشـــکردنی گێڕانەوە و دیدگاکانی خۆیان لەگەڵ جیهان.[٦]

---

[١] - قاضی مرادی، حسن،١٣٩٣، *درآمدي بر تفكر انتقادي*، تهران: نشر اختران ، ص١٤٠

[٢]- حسین‌زاده، اکبر، استانی، مرتضی محمدی،١٣٨٩، *سواد رسانه‌ای، ضرورت دنیای امروز*. کتاب ماه کلیات، ١٥٣ (اطلاعات، ارتباطات و دانش‌شناسی) ص.٧٩

[٣] - امامی، حسین،١٣٩٤، *سواد رسانه‌ای در تئوری و عمل*، فصلنامه نقد کتاب اطلاع رسانه وارتباط، سال دوم، شماره ٥، بهار، ص٩٠

[٤] - نصیری،عقیلی، منبع قبلی، ص.١٤١

[٥] - حسین زاده، استانی١٣٨٩، منبع قبلی، ص.٨٠

[٦] - آسیابی، کیایی، منبع قبلی، ص.٣٩

## شەشەم: چەمکە سەرەکییەکانی خوێندەواریی میدیایی

کۆمیسیۆنی ئەوروپا، پەرلەمانی ئەوروپا و زۆرێک لە ڕێکخراوە میدیاییەکانی وەک AML[1]، CML[2] و NAMLE[3] چەندین لێدوانی بەهێزیان هەیە لەسەر ئەوەی، کە توانای خوێندەواریی میدیایی دەبێت لە چی پێکبێت، لەسەر ئەو بنەما سەرەتاییانەی لە پەروەردەی خوێندەواریی میدیادا هەیە کۆکن، کە ئەمانەن:

١. **میدیا بنیاتنانە:** بەرهەمە میدیاییەکان (بابەتی هەواڵ، فیلم، بەرنامەی تەلەفزیۆنی و هتد) ئاوێنەیەکی بابەتیی کەتوار (واقیع) نین، بە وردی لەلایەن تاکەکانەوە داڕێژراون، کە ئامانج و دیدگای تایبەتییان هەیە.

٢. **لێکدانەوە جیاوازە:** چۆن لە میدیا تێدەگەین، لە ژێر کاریگەریی پاشخان و ئەزموون و بیروباوەڕ و تەنانەت مەزاجەکانی خۆماندایە. یەک لێکدانەوەی دروست نییە.

٣. **بەرژەوەندییە بازرگانییەکان:** زۆرجار بەرهەمهێنانی میدیا بەهۆی قازانجەوەیە، دەزگاکانی هەواڵ پێویستیان بە (بینەر، خوێنەر) هەیە بۆ داهاتی ڕیکلام.

٤. **پەیامی ئایدیۆلۆژی و بەها:** میدیا بە شێوەیەکی نادیار، یان بە ئاشکرا هەندێک جیهانبینی و بەها و بیروباوەڕ بەرەوپێشدەبات، ئەمانە دەتوانن لە هەڵوێستە سیاسییەکانەوە دەستپێبکەن تا دەگاتە نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان.

٥. **زمانی ناوازەی هەر ناوەند (میدیۆم)ێک:** جۆرەکانی میدیای جیاواز (چاپ، فیلم، تیڤی، ئینتەرنێت) شێوازی پەیوەندیکردنی تایبەت بە خۆیان هەیە. بابەتێکی ڕۆژنامەوانی بە شێوەیەکی جیاواز لە ڤیدیۆی تیک تۆک داڕێژراوە.

٦. **کاریگەرییە بازرگانییەکان:** هەڵبژاردنی میدیا دەرئەنجامە ئابوورییەکانی هەیە، چی بەرهەمدەهێنرێت، چۆن دابەشدەکرێت و کێ دەستپێیدەگات، هەموو ئەمانە کاریگەریی داراییان هەیە.

**کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان:** میدیا بیروڕای گشتی لە قاڵبدەدات، کاریگەریی لەسەر ڕەفتارەکان هەیە، تەنانەت دەتوانێت بەشداری لە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بکات.

---

[*] - The Association for Media Literacy-Canada
[*] - Centre for Media Literacy

[*] - The National Association for Media Literacy Education - US

٧. **فۆرم و ناوەڕۆک بە یەکەوە گرێدراون:** شێوازی پێشکەشکردنی پەیامێک (فۆرم)ەکەی لە خودی پەیامەکە (ناوەڕۆک) جیاناکرێتەوە. هەڵبژاردنی دیمەنەکان، مۆسیقا، یان تەکنیکەکانی دەستکاریکردن هەموویان لە مانای گشتی بەشدارن.[1]

لە بنەڕەتدا ئەم بنەمایانە هانماندەدەن، کە بەکارهێنەری ڕەخنەگرانەی میدیا بین، دان بەوەدا بنێین، کە ئەوەی دەیبینین و دەیبیستین، هەمیشە نوێنەرایەتییەکی بێلایەن، یان بابەتیی جیهان نییە.[2]

**ئەو هۆکارانەی، کە وا لە خوێندەواریی میدیایی دەکەن گەشەبکات:**

توێژینەوەیەک لەسەر خوێندەواریی میدیا دەریدەخات، نۆ هۆکار هەن گرنگن بۆ پەرەپێدانی سەرکەوتووانەی خوێندەواریی میدیایی، کە ئەمانەن:[3]

١. خوێندەواریی میدیایی، وەک بەرنامە داهێنەرەکانی دیکە، دەبێت بزوتنەوەیەکی بنەڕەتی بێت.
٢. پێویستە مامۆستایان دەستپێشخەری بکەن، لە لۆبیکردن بۆئەوەی بخرێتەنێو مەنهەجەوە.
٣. دەسەڵاتدارانی پەروەردەیی دەبێت پشتگیرییەکی ڕوون لەم جۆرە بەرنامانە بکەن، بە فەرمانی فێرکردنی خوێندنی میدیا لەچوارچێوەی مەنهەجدا، دامەزراندنی ڕێنمایی و کتێبی سەرچاوە، دڵنیابوون لەوەی، کە مەنهەجەکان پەرەیانپێدەدرێت و خستنەڕووی هەندێک کەرەستە. فاکەڵتییەکانی پەروەردە دەبێت ستافێک دابمەزرێنن، کە لەم بوارەدا توانای ڕاهێنانی مامۆستایانی داهاتوویان هەبێت.
٤. پێویستە پشتگیریی ئەکادیمی لەلایەن دامەزراوە باڵاکانەوە هەبێت لە نووسینی مەنهەجەکان و لە ڕاوێژکاری بەردەوامدا.
٥. دەبێت ڕاهێنانی ناو پۆل لە ئاستی ناوچەی خوێندن بەشێکی دانەبڕاو بێت لە جێبەجێکردنی بەرنامەکە.
٦. خوێندنگاکان پێویستیان بە ڕاوێژکار هەیە، کە شارەزاییان لە خوێندەواریی میدیادا هەبێت، تۆڕەکانی پەیوەندیکردن دادەمەزرێنن.
٧. دەبێت کتێبی خوێندن و ماددەی بینراوی گونجاو، کە پەیوەندییان بە وڵات یان ناوچەکەوە هەیە، لەبەردەستدا بن.

---

[1] The Center for Media Literacy. (n.d.) *Five Key Questions for Media Analysis*. [Online]. Available at: https://www.medialit.org/five-key-questions-media-analysis Accessed: May 2024

[2] - Oxstrand , Barbro(2009), *Media Literacy Education, Autumn 2009* - Paper presented at the Nordmedia09 conference in Karlstad University, Sweden, August 13-15, 2009, revised after the conference. P24-27

[3] - Malik, Sajjad.(2008). *Media Literacy and its Importance*, Published by Society for Alternative Media and Research with coopration of Friedrich Ebert Stiftung (FES) and Printed by Manzil Printers Posh Arcade, G-9 Markaz, Islamabad. December, P13-14

٨. پێویســـتە ڕێکخراوێکی پشـــتیوانیی بۆ مەبەســـتی وۆرک شـــۆپ و کۆنفرانس و بڵاوکردنەوەی هەواڵنامە و پەرەپێدانی یەکەکانی مەنهەج دابمەزرێت.
٩. دەبێت ئامرازی هەڵســـەنگاندنی گونجاو هەبێت، کە لەگەڵ ســـیفەتە ناوازەکانی توێژینەوەی میدیادا بگونجێت.[1]

لەبەرئەوەی خوێندەواریی میدیایی، هەمەچەشـــنییەکی وا لە کارامەیی و شـــارەزایی لەخۆدەگرێت، دەبێت هاوکاری لەنێوان مامۆستایان، دایک و باوکان، توێژەران و ڕاگەیاندنکاراندا هەبێت.

## حەوتەم: پێوەرەکانی (یونسکۆ) بۆ خوێندەواریی میدیایی و زانیاریی

**UNESCO MIL Framework**

پێوەرەکانی یونسکۆ بۆ خوێندەواریی میدیایی و زانیاریی (MIL) ئەم پێوەرە بە یەکێک لە بەرفراوانترین پێوەرە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت لە بواری خوێندەواریی میدیایی و زانیاریی [2]. ڕێکخراوی یونسکۆ چوارچێوەیەکی بەرفراوانی بۆ خوێندەواریی میدیایی و زانیاریی داڕشتووە، کە وەک یەکێک لە پێوەرە گرنگە نێودەوڵەتییەکان ناسراوە. ئەم چوارچێوەیە لەسەر چەند پایەیەکی سەرەکی بنیاتنراوە، کە تواناکانی تاک بۆ مامەڵەکردنێکی هۆشیارانە لەگەڵ میدیادا دەخەملێنێت.

یەکێک لە پایە بنەڕەتییەکان بریتییە لە تێگەیشتنی قووڵی تاک لە ماهییەتی میدیا و زانیاریی، ئەمە تەنها ناسینی جۆرە جیاوازەکانی میدیا ناگرێتەوە، وەک میدیای چاپکراو، ئەلیکترۆنی یان تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو لەوە تێدەپەڕێت بۆ ناسینی ڕۆڵی میدیا لە کۆمەڵگەدا، بۆ گواستنەوەی زانیاریی و ڕووداوەکان بێت, یان بۆ کاتبەسەربردن و کاریگەریدانان لەسەر ڕای گشتی. هەروەها هۆشیاریی بە پرۆسە و تەکنیکەکانی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی، لە نووسینەوە تا دەرهێنان و مۆنتاج، لەگەڵ ناسینەوەی ئامانجە شاراوەکانی پشت پەیامەکان، وەک هەواڵدان، ڕیکلامکردن, یان ئاڕاستەکردنی سیاسی، بەشێکی دانەبڕاوی ئەم تێگەیشتنەیە.

دوای تێگەیشتن، قۆناغی هەڵسەنگاندنی وردبینانەی میدیا و زانیاریی دێت. لێرەدا توانای تاک بۆ جیاکردنەوەی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان لە سەرچاوە ناڕاست و چەواشەکارەکان تاقیدەکرێتەوە. هەروەها پسپۆری لە شیکردنەوەی پەیامەکان بۆ دۆزینەوەی مانا شاراوەکان و ئامانجە ڕانەگەیەندراوەکان بەشێکی گرنگە، ئەمە وا دەکات تاک (وەرگر) بتوانێت لایەنگری و بۆچوونی کەسی لەناو پەیامە میدیاییەکاندا دەستنیشانبکات و بزانێت چۆن کاریگەری لەسەر دەرئەنجامەکان

---

[1] Malik, Sajjad, 2008, p 13-14

[2] - UNESCO, 2013, *Global Media and Information Literacy Assessment Framework*: Country Readiness and Competencies prepared by UNESCO Communication and Information Sectorin close collaboration with UNESCO Institute for Statistics, Published in 2013 by United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization (UNESCO)7, place de Fontenoy, 75352 Paris 07 SP, Paris, France. P45-47

دادەنێن، لەگەڵ پەرەپێدانی توانای پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان پێش ئەوەی باوەڕیان پێبکات یان بڵاویانبکاتەوە.

پایەیەکی دیکە پەیوەستە بە بەکارهێنانی کاریگەرانە و بەرهەمهێنانی بەرپرسیارانەی ناوەڕۆکی میدیایی، بەو مانایەیە، کە وەرگر تەنها وەرگرێکی ناچالاک (پاسیڤ) نەبێت، بەڵکو بتوانێت جۆرە جیاوازەکانی میدیا بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی و دروستکردنی پەیوەندی بەکاربهێنێت. هاوکات توانای دروستکردن و بڵاوکردنەوەی پەیامی میدیایی هەبێت بە شێوازێکی ئەخلاقی و بەرپرسیاران. ئەمەش بەشداریکردنێکی چالاکانە و هۆشیارانە لە کایەی میدیاییدا مسۆگەردەکات، کە تێیدا تاک دەتوانێت بۆچوونەکانی خۆی بە شێوەیەکی شارستانیانە دەرببڕێت و پابەندی بنەما ڕەوشتییەکانی بواری میدیا بێت[1].

## دەرئەنجامی باسی یەکەم:

دەرئەنجامی ئەم باســـە، کە بە وردی چەمک و لایەنە جیاوازەکانی خوێندەواریی میدیایی شیکردەوە، ئاماژە بە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی دەدات لە تێگەیشتنمان بۆ خوێندەواریی لە سەردەمی دیجیتاڵی ئەمڕۆدا. لە پێناســـە ســـەرەتاییەکەی خوێندنەوە و نووســـینەوە، گەیشـــتینە چەمکێکی فرەلایەنە و گشتگیر، کە دوازدە جۆرە خوێندەواریی جیاواز لەخۆدەگرێت، ئەمەش بەپێی گۆڕانکاری و پێشکەوتنە خێراکانی تەکنەلۆجیا و زانیاری، بە تایبەت وەک لە پێناسەکانی ڕێکخراوی یونسکۆدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەم گۆڕانکارییە پێویســـتیی تاکەکانی بە کۆمەڵێک لێهاتوویی نوێ و هەمەچەشـــن پیشـــان دەدات بۆ ئەوەی بتوانن بە شـــێوەیەکی کارا لەگەڵ ژینگەیەکی میدیایی پڕ لە زانیاری و ئاڵۆزدا مامەڵە بکەن.

خوێندەواریی میدیایی، وەک چەمکێکی ســـەرەکی ئەم باســـە دەرکەوت، کە نەوەیەکی نوێی خوێندەوارییە، لە وەڵامی زیادبوونی کاریگەریی و فراوانبوونی میدیا جەماوەرییەکاندا سەریهەڵداوە. مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ســـەرەتای ســـەدەی بیســـتەم و قۆناغی پڕوپاگەندە و ڕیکلام، بە شێوەیەکی بەرچاو لەسەر دەستی زانایانی وەک (مارشال مەکلۆهان، نیل پۆستمان و ستوارت هۆڵ) پەرەی سەندووە.

لە ڕوانگەی پێناســـە جیاوازەکانی توێژەران و پســـپۆڕانەوە، خوێندەواریی میدیایی وەک توانایەکی گرنگ بۆ (دەستڕاگەیشتن، شیکردنەوە، هەڵسەنگاندن و دروستکردنی پەیامی میدیایی) بە چاوێکی ڕەخنەگرانە دەردەکەوێت. ئەمە تەنها وەرگرتنێکی ناچالاکی پەیامەکان نییە، بەڵکو بەشـــدارییەکی چالاکانەیە لە پرۆسەی میدیادا، کە تێیدا تاک وەرگر و نێرەریشە.

[1] UNESCO, 2013, *Global Media and Information Literacy Assessment Framework , P45-47*

گرنگیی خوێندەواریی میدیایی لە سەردەمی ئێستادا فرەلایەنە و حاشا هەڵنەگرە. ئەم توانایە تاک بەهێز دەکات بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، پاراستن لە زانیاریی هەڵە و هەواڵی ساختە، بەشداریکردنێکی کارا لە ژیانی مەدەنیدا.

لە کۆتاییدا، چوارچێوەکەی یونسکۆ بۆ خوێندەواریی میدیایی و زانیاریی) وەک پێوەرێکی گرنگی نێودەوڵەتی، هێڵکارییەکی ڕوونی پێشکەش کردووە بۆ تێگەیشتنی قووڵی تاک لە ماهییەتی میدیا و زانیاریی، هەڵسەنگاندنی وردبینانەی سەرچاوەکان و بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی بەرپرسیارانەی ناوەڕۆکی میدیایی. بەم شێوەیە، خوێندەواریی میدیایی تەنها لێهاتووییەکی تەکنیکی نییە، بەڵکو کۆمەڵێک لێهاتوویی مەعریفی و ڕەوشتییە، کە بۆ ژیان لە جیهانێکی دیجیتاڵیدا زۆر پێویستە و ڕێگە خۆش دەکات بۆ وەرگرێکی ئاگادار و بەرپرسیار.

## باسی دووەم: زانیاریی هەڵە

یەکەم: چەمک و پێناسەی زانیاریی

دووەم: زانیاریی لە سەردەمی ئەمڕۆدا

سێهەم: زانیاریی هەڵە

چوارەم: جۆرەکانی زانیاریی هەڵە

پێنجەم: پێوەرەکانی ڕێکخراوی (GDI) بۆ زانیاریی هەڵە

# باسی دووەم: زانیاریی هەڵە

## پێشەکی باسی دووەم:

ئەم بەشەی توێژینەوەکە بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی چەمکی "زانیاریی هەڵە" و لایەنە پەیوەندیدارەکانی داڕێژراوە. لە سەرەتادا، "چەمک و پێناسەی زانیاریی" باس لە بنەما زمانەوانییەکان و پێناسە ئەکادیمییەکانی وشەی زانیاریی دەکات لە فەرهەنگە جیهانییەکان و ڕوانگەی توێژەراندا، بە جەختکردنەوە لەسەر پێکهاتە سەرەکییەکانی وەک داتا، مانا، چوارچێوە و سوودبەخشی.

دواتر ئاماژەدراوە بە " زانیاریی لە سەردەمی ئەمڕۆدا"، کە باس لە دۆخی زانیاریی لە سەدەی بیست و یەکەمدا دەکات، کە تێیدا تاکەکان ڕووبەڕووی زۆریی زانیاریی، زانیاریی جیاواز و دژ بەیەک دەبنەوە.

دواتر دێتە سەر باسی " زانیاریی هەڵە"، بە وردی چەمکی زانیاریی هەڵە (misinformation) و جیاوازییەکانی لەگەڵ زانیاریی چەواشەکارانە (disinformation) و زانیاریی زیانبەخش (malinformation) شیدەکاتەوە. ئەم بەشە چەندین پێناسەی جیاواز بۆ زانیاریی هەڵە دەخاتە ڕوو، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی مەبەستی پشت بڵاوکردنەوەی هەر یەکێک لەم جۆرانە.

چوارەم شت لەم باسەدا "جۆرەکانی زانیاریی هەڵە لە سۆشیال میدیادا" دەخرێتەڕوو، کە باس لە چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی زانیاریی هەڵە لە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیادا دەکرێت. ئەم بەشە چەندین جۆری دیاریکراوی زانیاریی هەڵە و چەواشەکارانە دەخاتە ڕوو، وەک ڕاپۆرتی نادروست، شیکردنەوەی هەڵە، گاڵتە و فەن، هەواڵی ساختە، دەستکاریکردنی میدیا، پڕوپاگەندە، و دیپ فەیک (Deepfake)، لەگەڵ شیکردنەوەی تایبەتمەندی و کاریگەرییەکانیان.

لە کۆتاییدا "پێوەرەکانی ڕێکخراوی (GDI) بۆ زانیاریی هەڵە" خراوەتەڕوو، کە تیشک دەخاتە سەر پێوەریی ڕێکخراوی ئیندێکسی جیهانیی زانیاریی ناڕاست بۆ هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاریی. ئەم بەشە باس لە چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆک، باوەڕپێکراویی سەرچاوە و لایەنە تەکنەلۆژی و دیزاینییەکان دەکات بۆ دیاریکردنی ڕادەی ڕاستگۆیی و بێلایەنیی سەرچاوە میدیاییەکان. بە گشتی، ئەم باسە بنەمایەکی تێگەیشتنی قووڵ لە دیاردەی زانیاریی هەڵە و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی لە سەردەمی دیجیتاڵی ئەمڕۆدا دەڕەخسێنێت

## یەکەم: چەمک و پێناسەی زانیاریی (Concept and define of Information)

وشەی (زانیاریی) لە زمانەوانیدا وەک یەکێک لەو وشانە ناسراوە، کە لە سەرچاوەی (زانست)ەوە وەرگیراون، ئەم وەرگیراوانەش چەندین مانایان هەیە، لەوانە ئەوەی پەیوەندی بە زانستەوە هەیە، واتە تێگەیشتن لە سروشتی شتەکان و زانین، بە واتای توانای جیاکردنەوە،

فێرکردن، فێربوون، لێکۆڵینەوە، ئـاگـادارکردنەوە، دڵنیـابوون، ڕێنمـاییکردن، هۆشـــیـارکردنەوە و جیاکردنەوەیان دێت. ســەبارەت بە زاراوەی (زانیاریی) دەردەکەوێت، کە ســەرچاوەکەی لاتینییە و بە واتای پرۆســەی پەیوەندیکردن دێت.[١] لە فەرهەنگی عەرەبیی هاوچەرخدا، (زانیاریی) دەدۆزینەوە بە واتای هەواڵ و لێکۆڵینەوە، یان هەر شــتێک، کە ببێتەهۆی ئاشــکراکردنی ڕاســتییەکان و ڕوونکردنەوەی بابەتەکان، بەمشـێوەیە دەتوانرێت (زانیاریی) وەک ڕاسـتییەکان سـەبارەت بە هەر بابەتێک، پەروەردەیەک، یان چاودێریکردنێک پێناسەبکرێت.[٢]

پێناســەی فەرهەنگی کۆمەڵەی دەروونزانیی ئەمریکی (APA) بۆ زانیاریی: "دۆخی ئاشـنابوونە بە شـــتێـک یـان ئـاگـاداربوون لە بوونی، بە زۆری لە ئەنجـامی ئەزموون، یـان لێکۆڵینەوەوە سەرچاوەدەگرێت.[٣]

پێناســەی فەرهەنگی "ماریام ویبســتەر": ڕاسـتی، یان بارودۆخی زانینی شـتێکە ، کە لە ڕێگەی ئەزموونەوە بەدەست هاتووە.[4]

پێناسەی فەرهەنگی "ئۆکسفۆرد": " زانیاریی بریتییە لە تێگەیشتن، ئاگایی و شارەزایی دەربارەی بابەتێک، یان شتێک ئەمەش لە ڕێگەی فێربوون، ئەزموون، یان لێکۆڵینەوەوە بەدەستدێت .[٥]

پێناســـەی فەرهەنگی "کامبریج": "تێگەیشـــتن یان زانیاریی دەربارەی بابەتێک، کە بە ئەزموون، یان خوێندن بەدەستیدەهێنیت.[٦]

پێناســـەی فەرهەنگی کۆلینس: "زانیاریی بریتییە لە تێگەیشـــتن، ئاگایی و شـــارەزایی دەربارەی بابەتێک یان شتێک." ئەمەش لە ڕێگەی فێربوون، ئەزموون، یان لێکۆڵینەوە بەدەستدێت .[٧]

زانیاریی: پاش ئەوەی، کە داتاکان بە شـێوەی چاپ، دەنگ، یاخود فیلم خرانەبەردەسـت توێژەران، دەبنە زانیاریی، چونکە ئەم زانیارییانە بەرهەمی دیتن و بیستن و خوێندنی کەسانی ترن.[٨]

---

[١] - معلوف، لويس، ٢٠٠٩، *المنجد في اللغة*، بيروت، لبنان، المطبعة الكاثوليكية، ص. ٥٢٦-٥٢٧.

[٢] - علي، احمد، "مفهوم المعلومات و إدارة المعرفة" *مجلة جامعة دمشق*، المجلد٢٨، ٢٠١٢، العدد الاول، ص.٤٧٨.

[3] - APA Dictionary of Psychology 17-1-2025 11:30 PM

[4] -Information Definition & Meaning - Merriam-Webster 17-1-2025 11:35 PM.

[5] -information noun - Definition, pictures, pronunciation and usage notes | Oxford Advanced Learner's Dictionary at OxfordLearnersDictionaries.com 17-1-2025 11:40PM.

[6] INFORMATION | English meaning - Cambridge Dictionary 17-1-2025 11:45PM.

[7] -https://www.collinsdictionary.com/dictionary/english/information 17-1-2025 11:50PM

[٨] - ئامێدیان،فەخرەدین،٢٠١٣، *فەرهەنگی شیکاری زاراوەکانی کۆمەڵناسی*، چاپی یەکەم، سنە، چاپخانەی شەمیمی سنە، ل.٣٤٤

زانیاریی: ئەو بابەتە خامەیە، کە میدیا پێکدەهێنێت، میدیاش پرۆسـەیەکە لەسـەر کۆمەڵێک چالاکی دەوەستێت، لەوانە چالاکیی گواستنەوەی زانیارییەکان و ئاڵوگۆڕپێکردنیان.[١]
لە لایەکی ترەوە زانیاریی لە ڕووی ئەم خاڵانەی خوارەوە پێناسەکراوە:

**داتا:** زانیاریی لە داتا دروسـتدەبێت، داتا بریتییە لە ڕاسـتییە خامەکان، ژمارەکان، وشـەکان یان هێماکان کە بە تەنها هیچ مانایەکیان نییە. بۆ نموونە ژمارەی (٢٥) تەنها داتایە، بەڵام کاتێک دەڵێین تەمەنی ئەو (٢٥) ساڵە، ئەوا دەبێتە زانیاریی.

**مانا:** زانیاریی پێویسـتی بە مانا هەیە، واتە دەبێت لەلایەن کەسـێکەوە تێبگەیەندرێت و مانای بۆ بکرێتەوە.

**چوارچێوە:** زانیاریی هەمیشـە لە چوارچێوەیەکدا دەخرێتەڕوو، بۆ نموونە: کات، شـوێن و بابەتی زانیارییەکە.

**سـوودبەخش:** زانیاریی دەبێت سـوودبەخش بێت، واتە بتوانرێت بۆ مەبەسـتێک، یان لە بوارێکدا بەکاربهێنرێت[٢].

## دووەم: زانیاریی لە سەردەمی ئەمڕۆدا

لە سـەدەی بیسـت و یەکدا، بەهۆی گەشـەی بەرفراوانی تەکنەلۆجی و بچووکبوونەوەی جیهانەوە (جیهانگیری)، ئێـمە مامەڵە لەگەڵ دنیای (زۆریی زانیاریی) و (لێشـاوی زانیاریی) دا دەکەین. زیادەی زانیاریی دۆخێکە، کە مرۆڤ لە هەموو ڕوویەکەوە زانیاریی بەسـەردا دەبارێت. لەم دۆخەدا تاک (وەرگر) لەیەککاتدا، زانیـاریی جیـاواز، زانیـاریی هەڵە، زانیـاریی بەمەبەسـت ئاڕاسـتەکراو، زانیاریی دروسـتکراو، زانیاریی درۆ، زانیاریی دژ بەیەکی دەسـتدەکەوێت.[٣] لێرەوە ئەرکی مرۆڤ زۆر قورس بووە بۆ زانینی ڕاسـتییتیی پرس و ڕووداوەکان. مرۆڤ، بە قورسـی بڕیاری بۆ دەدرێت و بە ئاسانی بەلاڕێدادەبرێت. گرنگە تاکەکان پێش ئەوەی وەک ڕاستی قبووڵیان بکەن، بە شـێوەیەکی ڕەخنەگرانە هەڵسـەنگاندن بۆ زانیارییەکان بکەن و متمانەی سـەرچاوەکان لەبەرچاوبگرن، چونکە خێرایی بڵاوبوونەوەی زانیـارییەکـان سـەرسـوڕهێنەرە و هێندە خێرا بڵاودەبنەوە و دەگەنە دەسـت وەرگرەکان، چەندە ناڕاسـتیش بن، هەتا وردبینی و لێکۆڵینەوەی

---

[١] - بەدەوی، محمد علی،٢٠١٤، *لێکۆڵینەوەی سۆسیۆ مێدیایی*، و.مەم بورهان قانع، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی پیرەمێرد ، ل.٢٦

[2] - Kennedy,James E “What is Information? The Nature and Meaning of Information in Biology, Psychology, Culture, and Physics” *Journal Article* Version of April 14, 2023. P3

[٣] - کامیل، ستەم،٢٠٢٥/١/٢٠، ١٠:٠٠شەو، چەند ڕەخنەیەک لە میدیا لە ساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، درەو میدیا، چەند ڕەخنەیەک لە میدیا لە ساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردیدا | Draw Media 22-4-2021 11:15PM.

لێوەدەکرێت، لەدەستدەرچوون و کاریگەریی خۆیان کردووە.[1] سەرەڕای ئەوەش، پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا نیگەرانییەکانی سەبارەت بە پاراستنی نهێنی و ئاسایشی زانیارییەکان دروستکردووە، چونکە زانیارییە کەسییەکان زیاتر کۆدەکرێنەوە و بە شێوەی ئۆنلاین هاوبەشدەکرێن. بە گشتی زانیاریی لە سەردەمی ئەمڕۆدا هەم سەرچاوەیەکی بەنرخە و هەم مەترسییەکی ئەگەرییە، کە تیشکدەخاتەسەر گرنگیی خوێندەواریی دیجیتاڵی و لێهاتوویی خوێندەواریی زانیاریی، لە سەردەمی دیجیتاڵی ئەمڕۆدا، بەردەوام زانیاریی بە ڕێژەیەکی بێوێنە دروستدەکرێت و هاوبەشدەکرێت و دەستیانپێدەگات. هاتنی پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا و سەرچاوەی هەواڵی ئۆنلاین و بلۆگ و مەکۆکان، شۆڕشێکی گەورەی لە شێوازی پەیوەندیکردن و کۆکردنەوەی زانیارییەکان کردووە. ئەم دەستراگەیشتنە بە کۆمەڵێک زانیاریی بەرفراوان، تاکەکانی بەهێز کردووە، بۆئەوەی خۆیان پەروەردەبکەن، ئاگادار بن و لەسەر کۆمەڵێک بابەت بەشداریی گفتوگۆ بکەن، بەڵام زۆریی زانیارییەکان لە ڕووی جیاکردنەوەی ڕاستییەکانەوە لە بۆچوون و دەستنیشانکردنی زانیاریی هەڵە و زانیاریی ناڕاست و بەرەنگاربوونەوەی بڵاوبوونەوەی هەواڵی ساختە، ئاستەنگ دروستدەکات، "داود ابراهیم" شارەزا و ڕاهێنەر لە ڕۆژنامەوانیی ژمارەیی ئاماژەی بەوە کردووە، کە مەترسییەکە بە تەنها لەوەوە سەرچاوەناگرێت، کە لێشاوی شێواندنی زانیاریی و ساختەکردن هەیە، بەڵکو لەوەشەوەیە ئامرازی دۆزینەوەو دەستنیشانکردنی ڕاستیی و ناڕاستییەکان زۆر کەمن.[2] سەرهەڵدانی ئەلگۆریتمەکان، کە ناوەڕۆک بەپێی ئارەزووەکانی تاکەکەسی دەگونجێنن، دەتوانێت (بڵقی فلتەر)* دروستبکات، کە بەکارهێنەران تەنها بەرکەوتەی ئەو زانیاریانە دەبن، کە لەگەڵ بیروباوەڕ و بەرژەوەندییە هەبووەکانیاندا هاوتەریبن.

ئەمەش دەتوانێت ببێتەهۆی ژووری دەنگدانەوە و بەهێزکردنی دیدگا لایەنگرەکان، جگە لەوەش بڵاوبوونەوەی خێرای زانیارییەکان لە ڕێگەی کەناڵە دیجیتاڵییەکانەوە دەتوانێت پشتڕاستکردنەوەی وردی و متمانەپێکراوی سەرچاوەکان قورسبکات، زانیاریی هەڵە و فێڵ بە ئاسانی دەتوانن بە شێوەی ئۆنلاین بڵاوببنەوە و سەرلێشێواوی دروستبکەن و کاریگەری لەسەر تێڕوانینی گشتی

---

[1] - حەمەسەعید، نەزاکەت حسین، ٢٠٢٢، *میدیا و سۆشیال_میدیا کاریگەریی و چارەسەر*، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی پاندا، ل.٥٩

[2] - حەمەسەعید، ٢٠٢٢، ل.٦١

* بڵقی فلتەر ئاماژەیە بۆ ئیکۆسیستەمی زانیاریی کەسی، کە لەلایەن ئەلگۆریتم و پلاتفۆرمی تەکنەلۆژیاوە دروستکراوە، کە ناوەڕۆک بە پشتبەستن بە ڕەفتار و ئارەزووەکانی ڕابردووی ئۆنلاینی بەکارهێنەرێک دەگۆڕێت. بە واتایەکی تر، بڵقی فلتەر ناوەڕۆکێک پێشکەش بە بەکارهێنەران دەکات کە لەگەڵ بەرژەوەندی و بیروباوەڕ و کارلێکەکانی پێشوویاندا هاوتەریب بێت، جۆرێک لە بڵقی دیجیتاڵی لە دەوری ئەوان دروست دەکات.

دروستبکەن. لە ئەنجامدا توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و خوێندەواریی میدیایی لە گەشتکردن بە دیمەنی دیجیتاڵیدا گرنگتر بووە.[١]

هەروەها پاراستنی نهێنی و ئاسایشی داتاکان، نیگەرانیی سەرەکین لە سەردەمی زانیاریی ئەمڕۆدا. لەگەڵ کۆکردنەوەی بڕێکی زۆر لە زانیاریی کەسی لەلایەن کۆمپانیا تەکنەلۆژییەکانەوە، مەترسیی پێشێلکردنی نهێنی، دزینی ناسنامە و بەکارهێنانی بێمۆڵەتی زانیاریی کەسی هەیە. هەڕەشەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، وەک (هاککردن و فیشینگ)، مەترسی بۆ هەردوو تاک و ڕێکخراوەکان دروستدەکەن، ئەمەش تیشکدەخاتەسەر پێویستیی ڕێوشوێنی ئەمنیی بەهێز و هۆشیاری لە هەڕەشەکانی ئۆنلاین، بە کورتی، لە کاتێکدا کە زۆریی زانیاریی لە سەردەمی ئەمڕۆدا دەرفەتی فێربوون و بەشداریکردن دەڕەخسێنێت، بەڵام لەگەڵ تەحەددای پەیوەست بە متمانەپێکردن و تایبەتمەندی و ئاسایشەوە دێت. پەرەپێدانی تواناکانی خوێندەواریی دیجیتاڵی، تواناکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بەکردەییکردن (پراکتیزەکردن)ی وریایی لە کاتی هاوبەشکردنی زانیاریی کەسی بە شێوەی ئۆنلاین زۆر گرنگن بۆ گەشتکردن بە ئاڵۆزییەکانی جیهانی دیجیتاڵیدا.[٢]

## سێهەم: زانیاریی هەڵە (Misinformation and Disinformation)

ئەمڕۆ هەردوو چەمکی (Misinformation and Disinformation)، کە یەکەمیان: بە واتای زانیاریی ناڕاست و دووەمیشیان بە واتای زانیاریی شێوێنراو (چەواشە) دێن، یەکێکن لە گەورەترین ئاڵەنگارییەکانی سەردەمی تەکنەلۆژیای زانیاریی و جیهانی سۆشیال میدیا، ئەو زانیارییانەن، کە ڕاست نین، یان دروست نین و بە شێوەیەکی نادروست پێشکەشدەکرێن، زۆرجار ڕەنگە بەبێ مەبەست بێت، یان لە ناهۆشیاریی نێرەری ناوەڕۆکەکە بێت، لێرەدا چەند پێناسەیەکی زانیاریی هەڵە (Misinformation) دەکەین تاوەکو زیاتر لە مەبەست و مانای زانیاریی هەڵە تێبگەین، کۆمەڵەی دەروونناسی ئەمەریکی (APA) بەمشێوەیە پێناسەی زانیاریی هەڵە دەکات "زانیاریی هەڵە زانیاریی درۆ، یان نادروستە، وەرگرتنی ڕاستییەکانە بە هەڵە. لەلایەکی ترەوە کۆلێژی ستاتن ئایلاند (CSI) لە زانکۆی (نیویۆرک) بەمشێوەیە پێناسەی زانیاریی هەڵە دەکات"زانیاریی هەڵە بریتییە لە هاوبەشکردنی زانیاریی نادروست و چەواشەکارانە بە شێوەیەکی نامەبەست[3]. هەروەها "کامپانی" بەمشێوەیە لەبارەی زانیاریی هەڵەوە دەڵێت: "زانیاریی هەڵە ئاماژەیە بۆ ئەو کەسانەی،

---

[1] - Zuboff, Shoshana, 2019, *the age of capitalism the fight for human future at the new frontier of power*, New York ,public Affairs,. P273

[2] - Johnson, Clay A, 2012, *The Information Diet*, Publisher(s): O'Reilly Media, Inc, Released January. P65

[3] Professor Reece, 11/4/2025 12:00PM, *Featured in POLITICO Article on Disinformation and Meta's Policy Shift, csi today, Jan 10, 2025,* [CSI Professor Reece Peck Featured in POLITICO Article on Disinformation and Meta's Policy Shift | CSI Today]

که زانیاریی ناڕاســت بڵاودەکەنەوە بە بێئەوەی ئاگاداربن، بە زۆری لەبەرئەوەی هاوڕێکانیان، یان کەسانی تر دەیکەن[1].

لە فەرهەنگی "مێریام ویبستەر"دا بەم شێوەیە پێناسەی زانیاریی هەڵە کراوە "زانیاریی هەڵە بریتییە لە زانیاریی درۆ، یان نادروســت، کە لەلایەن کەســێک، یان لایەنێکەوە دەگوازرێتەوە بەبێ گوێدانە ئامانج، یان مەبەستی چەواشەکاری، یان فریودان.

بە لای هەندێک کەســەوە زانیاریی هەڵە، جۆرێکە لە زانیاریی، هەرچەندە هەڵەیە، بەڵام هێشــتا دەتوانێت زانیارییبەخش بێت.[٢] بە لای "کۆهانگ" زانیاریی هەڵە بریتییە لە بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاســت بەبێ مەبەســتی فریودان.[٣] بەڵام هەندێک لە توێژەران وایدەبینن، کە زانیاریی هەڵە، ڕێکارەکان و هەندێکجاریش کردارەکان بە مەبەستی چەواشەکاری بۆ فریودان و سەرلێشێواندن و زاڵبوون بەســەربیرکردنەوە و ملکەچکردن و گشــتاندنی حوکمدان و زیانگەیاندن بە مرۆڤەکان، بڵاودەبێتەوە.[٤] ســەرجەم پێناســەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە زانیاریی هەڵە ڕاســتە ناوەرۆکێکی بڵاوکراوەی هەڵەیە، بەڵام مەبەســتی پشــت بڵاوکردنەوەی فریودانی وەرگر نییە بە شــێوەیەکی ســەرەکی، هەرچەندە زیان و کاریگەریی نەرێنیی خۆی هەیە، بە پێچەوانەی زانیاریی ناڕاســتەوە (Disinformation)، کە بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵەیە بە مەبەســتی فریودان و چەواشــەکاری، زانیاریی ناڕاســت لە کتێبی دەســتی یونســکۆ بۆ پەروەردە و ڕاهێنانی ڕۆژنامەگەری، کە لەلایەن "ئیرێتۆن و پۆسێتی"ەوە نووسراوە، زانیاریی ناڕاست (Disinformation) وەک هەوڵی بەئەنقەست، (زۆرجار ڕێکخراو) بۆ سەرلێشێواندن، یان دەستکاریکردن پێناسەکراوە، لە کاتێکدا زانیاریی هەڵە (Misinformation) زانیاریی چەواشــەکارانەیە، کە بەبێ مەبەســتی دەســتکاریکردن، یان زیانگەیاندن دروستکراوە، یان بڵاودەکرێتەوە.[٥]

---

[1] - Campan, A., Cuzzocrea, A., & Truta, T. M. 2017, *Fighting fake news spread in online social networks*: Actual trends and future research directions. In 2017 IEEE International Conference on Big Data (Big Data) (pp. 4453-4457). IEEE

[٢] - گرایی،احسان، فتحی، لیلا،١٣٩٧، *روابط مفهومي و مدل انتشار اطلاعات، اطلاعات نادرست و اطلاعات فریبنده، تعامل انسان و اطلاعات*، جلد٤ شماره ٤، ، ص.٦

[3] - Koohang, A.; Weiss, E. 2003, *Misinformation: Toward Creating a Prevention Framework. Proceedings of Informing Science & Information Technology Education,* P109-115.

[٤] - راودراد،اعظم، خلقتی، مرضیه "گونهشناسی اطالعات غلط متنی - ویدئویی در رسانههای اجتماعی" *فصلنامه علمی وسایل ارتباط جمعی _ رسانه*، سال سیودوم / شمارة ١ 5 / ٥-٢٧).

[5] - Ireton, C., & Posetti, J. (Eds.). (2018). *Journalism, fake news & disinformation*: Handbook for journalism education and training. Unesco Publishing. P1

کەواتە دەبێت ئاگاداری ئەوە بین، کە (Misinformation) و (Disinformation) دوو چەمکی جیاوازن و هاوواتا نین، هەرچەندە زۆرجار تێکەڵاودەکرێن و بە یەک مانا بەکاردەهێنرێن، ئامانجی ئەو کەسە، یان ئەو سەرچاوەیەی زانیارییەکە بڵاودەکاتەوە، زانیاریی هەڵە لە چەواشەکاری جیادەکاتەوە. مەبەست لە زانیاریی هەڵە فێڵکردن نییە، بەڵکو هەوڵدەدات کاریگەریی دروستبکات یان ڕای گشتی لەسەر بابەتێکی دیاریکراو بگۆڕێت.[1]

جیاکردنەوەی ئەم دوو چەمکە زۆر گرنگە، چونکە ڕێگەی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا دەگۆڕێت. (misinformation) ڕاستکردنەوەی زانیارییەکان بەسە، بەڵام (disinformation) پێویستە سەرچاوەی زانیارییە چەواشەکارانەکە دەستنیشانبکرێت و ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی زیاتری بکرێت، کەواتە "Misinformation" (زانیاریی هەڵە): ئەو زانیارییانەن، کە ڕاست نین، بەڵام بڵاوکراونەتەوە بەبێ مەبەستی خراپ. ئەو کەسەی زانیارییە هەڵەکە بڵاودەکاتەوە، پێی وایە ڕاستە، یان ڕەنگە نەزانێت ڕاست نییە، بۆ نموونە کەسێک چیرۆکێک دەربارەی چارەسەرێکی پزیشکی دەگێڕێتەوە، کە لە فەیسبووکدا بینیویەتی، بە بێئەوەی دڵنیا بێت لە ڕاستییەکەی، بەڵام "Disinformation"(زانیاریی چەواشەکارانە) ئەو زانیارییانەن، کە بە مەبەست و بە نیازی خراپ بڵاودەکرێنەوە بۆئەوەی خەڵک فریو بدەن، یان زیان بە کەسێک، یان شتێک بگەیەنن، بۆ نموونە هەواڵێکی درۆ دەربارەی کاندیدێکی سیاسی بڵاودەکرێتەوە بۆئەوەی ناوبانگی پێش هەڵبژاردن بشێوێنرێت. جۆرێکی تری زانیاریی ناڕاستمان هەیە، کە ئەویش زانیاریی (زیانبەخش)ە "Malinformation" زانیارییەکی ڕاستە، بەڵام بە مەبەستی زیانگەیاندن بە کەسێک، یان گرووپێک بڵاودەکرێتەوەو بەشێک لە زانیارییەکە وندەکرێت دەربارەی کەسێک.[2]

**وردەکاری:**

بە ئەنقەست بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەستیار/ تایبەت بە دەستکارییکردنی چوارچێوەکەی، واتە زانیارییەکە لە بنەڕەتدا ڕاستە، بەڵام ڕەنگە بە شێوەیەک بڵاوبکرێتەوە، کە ببێتەهۆی شەرمەزاری، زیانگەیاندن بە ناوبانگ، یان تەنانەت مەترسی بۆ سەر کەسەکە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، بڕوانە شێوەی ژمارە (١)

---

[1] - Aldwairi, M., & Alwahedi, A2025, Detecting fake news in social media networks. Procedia Computer Science, sciencedirect,2018, https://doi.org/10.1016/j.procs.2018.10.171

[2]- صباح، هيا عمار، سالم، سحر خليفه، ٢٠٢٤، *آليات الكشف عن الأخبار الزائفه في موقع فيسبوک*، الطبعه الأولى، المملكه الأردنيه الهاشميه، دار امجد للنشر والتوزيع، ص.٤٤




شێوەی ژمارە (١)

هەرسێ جۆرە سەرەکییەکەی زانیاریی هەڵە ڕووندەکاتەوە[١]

## چوارەم: جۆرەکانی زانیاریی هەڵە و چەواشە لە سۆشیال میدیادا

سۆشیال میدیا دەستی ئەو کەسانە فراوانتر دەکات، کە زانیاریی هەڵە بڵاودەکەنەوە، هەر پلاتفۆرمێکی سۆشیال میدیا بە شێوازی تایبەتیی خۆی بەشداری لە چەواشەکاریدا دەکات، ڕەنگە ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک بگەڕێتەوە، لەوانە:[٢]

١.**خێرایی بڵاوبوونەوە:** لە سۆشیال میدیادا زانیارییەکان بە خێراییەکی زۆر بڵاودەبنەوە، چونکە هەر کەسێک دەتوانێت بە ئاسانی زانیارییەک بەشبکات و بە هەزاران کەس بگات. ئەم خێراییە ڕێگەنادات بە وردبینیکردن و دڵنیابوون لە ڕاستیی زانیارییەکان پێش بڵاوبوونەوەیان.

٢.**کەمیی کۆنترۆڵ و چاودێری:** لە سۆشیال میدیادا کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردنی ناوەڕۆک زۆر قورسە، بەراورد بە میدیای کۆنباو، کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن میکانیزمی تایبەتیی خۆیان هەیە بۆ دڵنیابوون لە ڕاستیی هەواڵەکان. ئەم کەمییە وادەکات زانیاریی هەڵە بە ئاسانی بڵاوبێتەوە.

٣. **بوونی ئەکاونتی ساختە و ترۆڵ:** لە سۆشیال میدیادا زۆر ئاسانە ئەکاونتی ساختە دروستبکرێت و بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە و پروپاگەندە بەکاربهێنرێت. ئەم ئەکاونتانە زۆرجار بۆ مەبەستی چەواشەکاری و دروستکردنی ئاژاوە بەکاردەهێنرێن.

٤.**ئالگۆریتمەکان:** ئالگۆریتمەکانی سۆشیال میدیا کاردەکەن بۆئەوەی ئەو ناوەڕۆکانە پیشانی بەکارهێنەران بدەن، کە زیاتر سەرنجراکێشن بۆیان، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی خەڵک زیاتر

---

[1] UNESCO. (2018). *Journalism, Fake News & Disinformation: Handbook for Journalism Education and Training*. UNESCO Publishing. Available at https://unesdoc.unesco.org/ark:/48223/pf0000265552

[2] - Lipschultz, J. H, 2020, *Social media communication: Concepts, practices, data, law and ethics. Routledge*, 4th Edition, New York. P200

بەرکەوتەی ئەو زانیـارییە هەڵانە ببن، کە لەگەڵ بـاوەڕەکـانیـانـدا دەگونجێن، ئەمەش بڵاوبوونەوەی زانیاریی هەڵە زیاتر دەکات.

٥.**کەمیی هۆشـیاری** :زۆربەی بەکارهێنەرانی سـۆشـیال میدیا، هۆشـیارییەکی ئەوتۆیان نییە دەربارەی چۆنییەتی دەســـتنیشـــانکردنی زانیاریی ڕاســـت و هەڵە، ئەمەش وادەکات بە ئاســـانی زانیاریی هەڵە قبووڵبکەن و بڵاویبکەنەوە.

لێرەدا ئـامـاژە بە چەنـد جۆرێـک لە زانیـاریی هەڵە دەدەین لە هەردوو جۆری زانیـاریی هەڵە و زانیاریی ناڕاست (Misinformation & Disinformation) :

## جۆرەکانی زانیاریی هەڵە (Misinformation):

زانیاریی هەڵە بە تایبەت زانیاریی هەڵەی ناو ســـۆشـــیال میدیادا لەژێر ئەم ناونیشـــانانەی خوارەوەدا خۆیان نمایشدەکەن.[1]

١. **ڕاپۆرتی نادروست (Inaccurate Reporting):** کاتێک ڕاگەیاندنەکان هەواڵێک بە شێوەیەکی هەڵە دەگوازنەوە، ڕەنگە بەهۆی تێنەگەیشـــتن لە بـابەتەکە، یـان هەڵەکردن لە کۆکردنەوەی زانیارییەکاندا ڕوودەدات.

٢. **شـیکردنەوەی هەڵە (Misinterpretation):** کاتێک کەسـێک زانیارییەک بە هەڵە لێکدەداتەوە و بە شێوەیەکی نادروست بڵاویدەکاتەوە. ئەمە زۆرجار لەگەڵ ئامار و داتادا ڕوودەدات، کە دەکرێت بە شێوەیەکی هەڵە شیبکرێنەوە و ئەنجامی چەواشە بەرهەمبهێنن.

٣. **گاڵتە و فەن (Satire and Parody):** هەندێک جار زانیاریی گاڵتەئامێز، یان فەن دەتوانێت وەک زانیاریی ڕاســتەقینە لێکبدرێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر کەســەکە ئاگاداری ســەرچاوەی ڕەســەنەکەی نەبێت.

٤. **زانیاریی داتاشــراو (Fabricated Information):** بریتییە لە دروســتکردنی زانیاریی ناڕاســت لە ســـەرەتاوە، بەبێ مەبەســـتی خراپ. بۆ نموونە کەســـێک ڕەنگە چیرۆکێکی خەیاڵی بهۆنێتەوە و بیخاتەپاڵ ڕووداوێکی ڕاستەقینە.

---

[1] - Hilary, I. O., & Dumebi, O.-O. 2021, *Social Media as a Tool for Misinformation and Disinformation Management*. Linguistics and Culture Review, 5(S1), 496-505.. P500-501

٥. **زانیاریی کەســـی (Personal Anecdotes):** گێڕانەوەی ئەزموونی کەســـی، دەتوانێت وەک زانیاریی هەڵە بڵاوببێتەوە ئەگەر بە شـێوەیەکی گشـتی وەک ڕاسـتییەک پێشـکەشـبکرێت، لە کاتێکدا تەنها نوێنەرایەتیی بۆچوونی تاکەکەسی دەکات.

٦. **ڕاسـتیی نیوەچڵ (Half-Truths):** بریتییە لە بڵاوکردنەوەی زانیارییەک کە بەشـێکی ڕاسـتە، بەڵام بەشـەکەی تری دەشـاردرێتەوە، یان دەشـێوێنرێت، ئەمەش دەبێتەهۆی دروسـتبوونی تێگەیشـتنێکی ناتەواو، یان هەڵە.

٧. **کلیک بایت (Click byte):** تەکنیکێکە، بۆ ســـەرنجڕاکێشـــانی بەکارهێنەران بۆ کلیککردن لەســـەر ناوەرۆکێک، ئەم ناوەرۆکە دەتوانێت لینکێک بێت لەســـەر وێبسـایت، ڤیدیۆ، وێنە، یان هەر شـتێکی تر، کلیک بایت بە زۆری بەکاردێت بۆ زیادکردنی ڕێژەی کلیککردن بە ســـەرنجڕاکێشـــکردنی سەردێڕەکان و وێنەکان، زیاتر خەڵک کلیک لەسەر ناوەرۆکەکە دەکەن، کاتێک خەڵک کلیک لەسەر لینکەکان دەکەن، ڕاســـتەوخۆ دەچنە ســـەر وێبســـایتەکە و بینەر زیاد دەکات، ئەمەش زۆرجار لەپێناوی زیادکردنی داهاتە، زۆر جار وێبســـایتەکان لە ڕێگەی ڕیکلامەوە داهات بەدەســـتدەهێنن، کلیک بایت بە ســـەردێڕی ســـەرنجڕاکێش و زۆر دراماتیکی دەناســـرێتەوە، بەکارهێنانی وێنەی وروژێنەر، یان گوماناوی، دانانی زانیاریی کەم لە ســـەردێڕەکەدا، ســـەردێڕەکە بە شـــێوەیەک نووسراوە، کە خوێنەر ناچاربکات بۆ زانینی زانیاریی زیاتر کلیکبکات[١].

## جۆرەکانی زانیاریی ناڕاست یان چەواشە (Disinformation)

١. **هەواڵی ســـاختە (Fake News):** لە فەرهەنگی "کامبریدج"دا بۆ زمانی ئینگلیزی، ســـاختەهەواڵ پێناســـەکراوە بەوەی "گێڕانەوەیەکی (چیرۆکێک)ی درۆیینەن، کە وادەردەکەوێت هەواڵن، لەســـەر ئینتەرنێت و دەزگاکانی تر بڵاودەبنەوە،بە زۆری بۆ کاریگەریدانان لەسـەر بۆچوونە سـیاسـییەکان، یان گاڵتەجاڕی دروستدەکرێن[٢].

دوو جۆری هەواڵی ساختە هەیە هەیە:

آ- **نیوە ڕاستییەکان:** هەواڵێک، کە لەسـەر بنەمای شـێواندن، یان سڕینەوەی هەندێک لە ڕاستییەکان سەبارەت بە ڕووداوەکە دامەزراوە.

ب_ **هەواڵی تەواو سـاختە ١٠٠٪ هەڵە:** هەواڵێکە، کە تەواو لە ڕاسـتی جیاوازە و هیچ بنەمایەکی لە ڕاستی تێدا نییە[٣].

---

[١] - صباح، هیا عمار، سالم، سحر خلیفه، ٢٠٢٤،ص٤٦.

[2] -Dictionary, C. (2019). Word order: structures." dictionary. cambridge. org/grammar/british-grammar/word-order-and-focus/word-order-structures.https://www.disinformationindex.org/methodology 2-2-2025 12:45

[٣] - علی،شیماء وآخرون، ٢٠٢٣، مصدر سابق، ص٥٨.

٢. **دەســــتکاریکردنی میدیا (Manipulated Media):** کاتێک ڕوودەدات، کە زانیارییەکە بە مەبەســـت دەستکاریکرابێت بۆئەوەی مەبەستێکی تایبەتی بپێکێت. ئەمە زۆرجار لە ڕاگەیاندنەکان و سیاسەت و بازرگانیدا دەبینرێت. بۆ نموونە:

بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆ بۆ بەدناوکردنی کەســـێک، یان لایەنێک یان بەکارهێنانی شـــێوازێکی تایبەتی لە داتای ئاماریی بۆئەوەی دەرئەنجامێک بە ڕاست دەربخەیت، کە لە ڕاستیدا وا نییە.

٣. **زانیاریی ناتەواو (Incomplete Information):** کاتێک ڕوودەدات، کە زانیارییەکە تەنها بەشـــێک لە ڕاســـتییەکە بێت و هەموو لایەنەکانی بابەتەکە ڕوون نەکرابێتەوە. ئەمە دەتوانێت ببێتەهۆی تێگەیشتنی هەڵە لە بابەتەکە. بۆ نموونە:

ڕاگەیاندنێک، کە بەشێک لە ڕووداوێک دەگێڕێتەوە و بەشەکەی تری دەشارێتەوە، یان پێدانی داتای سەرەتایی دەربارەی بابەتێک بە بێئەوەی بە وردی ڕوونبکرێتەوە[١].

٤. **پڕوپاگەندە (Propaganda):** "هارۆڵد لاســـوێل" دەربارەی پڕوپاگەندە دەڵێت: "پڕوپاگەندە بە مانا فراوانەکەی تەکنیکێکە بۆ کاریگەریکردن لەسەر کردەی مرۆڤ بە دەستکاریکردنی نوێنەرایەتییەکان. ئەم نوێنەرایەتییانە ڕەنگە فۆرمی قسەکردن، نووسین، وێنەیی یان مۆسیقییان هەبێت."[٢] پڕوپاگەندە زانیارییەکە، بە مەبەستی هەبوونی کاریگەری لەســەر بیروڕای خەڵک بەکاردێت، بە شێوەیەک، کە لایەنگرانە بێت و ئامانجی دیاریکراوی لە پشـــتە وەک دەربازبوون لە بەشـــداریکردنی عەقڵانی.[٣] پڕوپاگەندە، جۆرێکە لە پەیوەندیکردن، کە هەوڵ دەدات وەڵامێک بەدەســـتبهێنێت، کە مەبەســـتی خوازراوی پڕوپاگەندەکارەکە بەرەوپێشببات.[٤]

پڕوپاگەندە ئەو "هەوڵە پەیوەندیکارییە مەبەســـتدار و پلان بۆ دانراوەیە، کە بانگەشـــەکەرەکە پێی هەڵدەســـتێت بە ئامانجی گواســـتنەوەی زانیاریی و بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوون و ئاڕاســـتەی دیاریکراو، پاشـــان ئامادەکردنەوەی و دارشـــتنەوەی لەڕووی ناوەرۆک و شـــێوە و ڕێگای خستنەڕووشـی بە شـێوازێک دەبێت، کە ببێتەهۆی کەوتنەوەی کاریگەریی مەبەستدار و حساب بۆکراو و ئامانجدار لەسـەر زانیاریی و بۆچونگەلێک و ئاڕاسـتە و بیروباوەڕ و ڕەفتاری دەسـتەی دیاریکراوی جەماوەر.[٥]

---

[1] - Hilary, I. O., & Dumebi, O.-O. 2021, p500

[2] - Jackall, Robert, 1995, *Propaganda*, first Edition, USA, published by New York University Press, P11

[3] - Quaranto, Anne, Stanley, Jason, 2021, *The Routledge Handbook of Social and Political Philosophy of Language,* 1st Edition, Imprint Routledge, P22

[4] Jowett, Garth S, Donnell, Victoria O. 2019, *propaganda & persuasion,* seventh edition, London , SAGE publications, P1

[٥] بەدەوی، محمد علی، ٢٠١٤، لا٢٦٧.

٥. **دیپ فەیک (Deepfake):** بەپێی بابەتێک لە ماڵپەڕی"Gadgets Now"دا، دیپ فەیک ئەو گرتە ڤیدیۆیانەن، کە بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی زیرەکیی دەستکرد دروستدەکرێن بۆ گۆڕینی شێوەی کەسێک ،یان دەنگی کەسەکە بە دەنگی کەسێکی تر، وادەردەکەوێت ئەو شتانە لەلایەن ئەو کەسەوە وترابێت، بەڵام لە راستیدا بەوشێوەیە نییە.[1] بەشێکی سەرەکییە لە زانیاریی هەڵە و تەنانەت دەتوانین بڵێین یەکێکە لە مەترسیدارترین و نوێترین جۆرەکانی، یەکێکە لە ترسناکترین پرۆگرامەکانی شێواندن و دەستکاریکردنی ڤیدیۆیە، بەشێوەیەکی ورد و قووڵ بە بەکارهێنانی (زیرەکیی دەستکرد) ڤیدیۆکان فەیکدەکرێن و دەشێوێندرێن، بە شێوەیەک دەتوانرێت ڕووخساری کەسێک بخرێتەسەر ڕووخساری کەسێکی تر بە بێئەوەی هیچ لە ڤیدیۆ ئۆرجیناڵەکە بگۆڕدرێت و هیچ وەرگرێکیش هەست بەو گۆڕانکارییە بکات، پاشانیش لەو ڕێگەیەوە دەتوانرێت کاریگەری لەسەر وەرگری ڤیدیۆکە دابنرێت و هەستەکانی بجوڵێنرێت، زۆربەی کات نەیارە سیاسی و بازرگانەکان لە دژی یەکتر بەکاریدەهێنن، (دیپ فەیک) لە توانایدایە ئیدراکی مرۆڤ بەهەڵەداببات، زۆر سەختە عەقڵی مرۆڤ بە ئاسانی و بە خێرایی جیاوازیی لەنێوان ڤیدیۆی دروستکراوی بە دیپ فەیک و ڤیدیۆ ڕاستەقینەکەدا بکات.[2] دیپ فەیک زیاتر لەسەر شێواندنی وێنە و ڤیدیۆ بە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو کاردەکات، لە کاتێکدا جۆرەکانی تری زانیاریی هەڵە ڕەنگە لەسەر دەستکاریکردنی دەق و زانیاریی ئاسایی بێت، (دیپ فەیک) دەکرێت بۆ مەبەستی جۆراوجۆری خراپ بەکاربهێنرێت، وەک بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە و کاریگەری دانان لەسەر هەڵبژاردنەکان، دروستکردنی هەواڵی درۆ بۆ زیانگەیاندن بە کەسەکان و ڕێکخراوەکان، بەکارهێنانی بۆ تاوانی ئینتەرنێت و دزینی پارە، دروستکردنی گاڵتە و سووکایەتیپێکردن بە کەسەکان. بڕوانە شێوەی ژمارە (٢).

---

[1] - بێ ناوی نوسەر، ٢٥-٢-٢٠٢٠، 11:00PM، دیپ فەیک چییە؟ nrttv.com، PM:09:05:09/11/2023، [دیپ فەیک 'Deep fake'چییە؟ چۆن دەتوانیت بزانیت ڤیدیۆیەک بە ساختەیی دروست کراوە؟].

[2] - ئەورەحمان، ڕێبوار،٢٠٢٢، *گومان لەچاو چۆن لێکۆڵینەوە لە فۆتۆ و ڤیدیۆ بکەین*، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی یاد، ل. ٨٩-٩٠




شێوەی ژمارە (٢)

ئەو بوارانە ڕووندەکاتەوە، کە (دیپ فەیک)ی تێدا بەکاردێت[1].

## پێنجەم: پێوەرەکانی ڕێکخراوی (GDI) بۆ زانیاریی هەڵە[2]

ڕێکخراوی ئیندێکسی جیهانیی زانیاریی ناڕاست (Global Disinformation Index) ڕێکخراوێکی سەربەخۆی نێودەوڵەتییە، کاردەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاریی هەڵە و چەواشە لە سەرانسەری جیهاندا (GDI) سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاریی هەڵدەسەنگێنێت، هەوڵێکی بەرفراوان دەدات بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی زانیاریی هەڵە و چەواشەکاری لەسەر ئاستی جیهان. ئەم ڕێکخراوە، کە بارەگا سەرەکییەکەی لە (لەندەن)ی پایتەختی بەریتانیایە، ئامانجی سەرەکی، بریتییە لە کەمکردنەوەی بڵاوبوونەوەی زانیاریی نادروست و هاوکات هاندانی میدیای باوەڕپێکراو بە مەبەستی پاراستنی دیموکراسی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی گشتی. بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، ڕێکخراوەکە سیستەمێکی پۆلێنکردنی وردی پەرەپێداوە، کە سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاریی، بەتایبەتی لەسەر پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکان، هەڵدەسەنگێنێت و داتابەیسێکی تایبەت بە سەرچاوە هەڵسەنگێندراوەکان دروستدەکات، هاوکات بەردەوام ڕاپۆرت لەسەر دۆخی زانیاریی ناڕاست لە جیهاندا بڵاودەکاتەوە.

هەڵسەنگاندنەکە لەسەر چەندین پێوەری بنەڕەتی بنیاتنراوە، کە یەکەمیان شیکردنەوەی خودی ناوەڕۆکەکەیە. لێرەدا، بە وردی سەیری ڕاستی و دروستیی زانیارییەکان دەکرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی، کە لەسەر بنەمای بەڵگەی باوەڕپێکراو دامەزراون. هاوکات لایەنگریی ناوەڕۆکەکەش

---

[1] - Anonymous Author, 22/5/2025, What is Deepfake Technology? pwonlyias.com, 7 NOV2023, What Is Deepfake Technology? - Its Types, Impacts, And Security Countermeasures - PWOnlyIAS

[2] https://www.disinformationindex.org/blog/2019-8-30-where-disinformation-thrives-the-unusual-suspects/

دەپێوڕێت، بۆئەوەی بزانرێت ئایا پەیامەکە بۆچوونێکی دیاریکراو دەسەپێنێت، یان بە شێوەیەکی بێلایەنانە ڕاستییەکان دەخاتەڕوو؟ هەروەها جۆری زانیارییەکە، ئایا هەواڵە، ڕاپۆرتە، یاخود شرۆڤەیە، لەبەرچاودەگیرێت، لەگەڵ ڕادەی پابەندبوونی سەرچاوەکە بە ستانداردە پیشەییەکانی ڕۆژنامەگەری وەک ڕاستگۆیی، بێلایەنی و وردبینی.

جگە لە ناوەڕۆک، باوەڕپێکراویی خودی سەرچاوەکەش بەشێکی گرنگی هەڵسەنگاندنەکەیە. ئەمەش لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە مێژوو و پێشینەی سەرچاوەکە، لە بڵاوکردنەوەی زانیاریی دروستدا، شەفافییەتی خاوەندارێتی و ئاشکرابوونی لایەنەکانی پشت سەرچاوەکە پێوەرێکی دیکەی گرنگە، شانبەشانی پێداچوونەوە بە مێژووی سەرچاوەکە بۆئەوەی دڵنیاببنەوە، کە پێشتر زانیاریی هەڵە و چەواشەکارانەی بڵاونەکردووەتەوە. هەروەها جۆری سەرچاوەکەش دیاریدەکرێت، کە ئایا دەزگایەکی هەواڵی فەرمییە، پەیجێکی سۆشیال میدیایە، یان بلۆگێکی کەسییە.

لە کۆتاییدا، لایەنی تەکنەلۆژیا و دیزاینی سەرچاوەکەش پشتگوێناخرێت. شێوازی دیزاینی ماڵپەڕەکە و ئاسانیی بەکارهێنانی کاریگەریی لەسەر باوەڕپێکراویی سەرچاوەکە هەیە. بوونی ئاماژەی ڕوون بۆ ئەو سەرچاوانەی، کە زانیارییەکانیان لێوەرگیراوە، نیشانەیەکی گرنگی متمانەیە. هاوکات شەفافیەتی سەرچاوەکە لە چۆنییەتیی بەکارهێنانی داتای بەکارهێنەرانیشدا بەشێکی دیکەی پرۆسەی هەڵسەنگاندنەکەیە.[1]

## دەرئەنجام:

شیکردنەوەی چەمک و لایەنە جیاوازەکانی زانیاریی و زانیاریی هەڵە، جەخت لەسەر ئاڵنگارییە گەورەکانی سەردەمی دیجیتاڵی دەکاتەوە، کە بە لێشاوی بێوێنەی زانیاریی و بڵاوبوونەوەی خێرای ناوەڕۆکی نادروست ناسراوە. ئەم باسە سەرەتا بە ڕوونکردنەوەی چەمکی گشتیی "زانیاریی" دەستیپێکرد، کە وەک داتای شیکارکراو و بەماناکراو پێناسە دەکرێت بۆ تێگەیشتن، ئاگایی، یان شارەزایی بەکاردێت. دەرکەوت، کە زانیاریی پێویستی بە داتا، مانا، چوارچێوە و سوودبەخشی هەیە بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەکی بەنرخ.

بەردەوامبوونمان بۆ تێگەیشتن لە دۆخی "زانیاریی لە سەردەمی ئەمڕۆدا" نیشانی دا، کە چۆن تەکنەلۆجیا و سۆشیال میدیا بوونەتە هۆی دروستبوونی ژینگەیەکی پڕ لە زانیاریی دژ بەیەک و سەرلێشێوێنەر، کە تێیدا جیاکردنەوەی ڕاستی لە هەڵە قورس بووە.

خاڵی سەرەکیی باسەکە بریتی بوو لە شیکردنەوەی "زانیاریی هەڵە" و جیاوازییەکانی لەگەڵ زانیاریی چەواشەکارانە و زانیاریی زیانبەخش. دەرکەوت، کە جیاوازیی سەرەکی لە نێوان زانیاریی هەڵە و زانیاریی چەواشەکارانەدا بریتییە لە مەبەستی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکە. زانیاریی هەڵە

[1] https://www.disinformationindex.org/blog/2019-8-30-where-disinformation-thrives-the-unusual-suspects/

زانیارییەکی نادروستە، کە بەبێ مەبەستی خراپ بڵاو دەکرێتەوە، لە کاتێکدا زانیاریی چەواشەکارانە بە ئەنقەســـت و بە نیازی فریودان و زیانگەیاندن بڵاو دەکرێتەوە. هەروەها زانیاریی زیانبەخش ئاماژەیە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییەکی نیوە ڕاســت بە مەبەســتی زیانگەیاندن. ئەم جیاکارییە زۆر گرنگە بۆ دیاریکردنی ستراتیژیی گونجاو بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر یەکێک لەم دیاردانە.

بە گشتی، ئەم بەشە لەم باسە تیشکی خستە سەر پێویستیی گەشەپێدانی خوێندەواریی میدیایی و توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، وەک میکانیزمی ســـەرەکی بۆ پاراســـتنی تاکەکان لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی زانیاریی هەڵە و چەواشـــە لە جیهانێکی دیجیتاڵیدا، کە تێیدا زانیاریی بە شـــێوەیەکی بەرفراوان و بە خێراییەکی زۆر دەگوازرێتەوە.

## باسی سێیەم: سۆشیال میدیا

یەکەم: چەمک و پێناسەی سۆشیال میدیا
دووەم: مێژووی سەرهەڵدانی سۆشیال میدیا
سێهەم: جۆرەکانی سۆشیال میدیا
چوارەم: تایبەتمەندییەکانی سۆشیال میدیا
پێنجەم: خزمەتگوزارییەکانی سۆشیال میدیا
شەشەم: لایەنە باش و خراپەکانی سۆشیال میدیا
حەوتەم: بوارەکانی سۆشیال میدیا

## باسی سێیەم: سۆشیال میدیا

## پێشەکی باسی سێهەم:

لەم باسـەدا، سـەرەتا چەمک و پێناسـەی سـۆشـیال میدیا بە شـێوەیەکی ورد شـیکراوەتەوە لە ڕوانگە جیاوازەکانی (تەکنیکی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوورییەوە). دواتر، مێژووی سـەرهەڵدانی سـۆشـیال میدیا لە قۆناغە سـەرەتاییەکانی ئینتەرنێتەوە تا گەشـەسـەندنی خێرای ئەمڕۆی پلاتفۆرمە جۆراوجۆرەکان بە خشـــتەیەک و ڕوونکردنەوەی پێویســـتەوە خراوەتەڕوو. پاشـــان، جۆرەکانی ســـۆشـــیال میدیا پۆلێن دەکرێن بۆ تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، پلاتفۆرمەکانی بەشـــداریکردنی میدیایی، تۆڕەکانی گفتوگۆ، بلۆگەکان و پلاتفۆرمەکانی بڵاوکردنەوە، تۆڕەکانی هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە، تۆڕەکانی پەیوەندیی پیشـەیی، تۆڕەکانی پەیوەندیی ناوخۆیی و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە شوێن.

هەروەها تایبەتمەندییەکانی ســۆشــیال میدیا بە وردی شــرۆڤە کراوە، لەوانە کارلێکی، جیهانگیری، پابەند نەبوون بە کات و شوێن، فرەیی ژانرەکان، پەرتککردن، ئازادیی فراوان، ئاسانیی بەکارهێنان، هەڵگرتن و پـاراســـتن، پشـــتیوانیکردن لە پرســـە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکـان، فێربوونی دوور، دروسـتکردنی کۆمەڵگەی مەجازی، جوڵاندنی هەسـت و سـۆز و خێرایی و نوێبوونەوە. لە درێژەدا، خزمەتگوزارییەکانی سۆشیال میدیا خراوەتەڕوو، وەک دۆسیەی کەسی، هاوڕێ و پەیوەندییەکان، هەواڵ و زانیاریی، گفتوگۆی بەکۆمەڵ، لاپەڕەکان، ئەلبوومی وێنەکان، ســـەرکێشـــی و یاریکردن و ڕیکلام و بازرگانی. لە کۆتاییدا، لایەنە باش و خراپەکانی سۆشیال میدیا بە شێوەیەکی هاوسـەنگ تاووتوێ کراوە، کە کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەم دیاردەیە لەســەر تاک و کۆمەڵگە ڕوون دەکاتەوە، لەگەڵ تیشک خستنە سـەر بوارەکانی سۆشیال میدیا لە سیاسـەت، ئابووری، فێرکاری، تەندروســتی و چەندین کایەی ژیاندا. ئەم باســە هەوڵدەدات تێگەیشــتنێکی هەمەلایەنە و قووڵ لەم چەمکە گرنگە پێشکەش بکات.

### یەکەم: چەمک و پێناسەی سۆشیال میدیا (Concept and define of Social Medya)

جیهانی ئەمڕۆ، جیهانێکی پەیوەســـتە، مرۆڤەکان بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان، کە زانیاریی دەربارەی ڕۆشـنبیری و کولتووری گەلانی تر بەدەسـتبهێنن، بێئەوەی پێویسـت بکات بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لەگەڵیاندا بژین.[1] ئەم ئارەزووە بۆ پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی زانیاریی، لەگەڵ پێشـــکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا بە تایبەت تۆڕی ئینتەرنێت و مۆبایلی زیرەک (ســـمارت فۆن)، دواتر دەرکەوتنی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان بووەهۆی سـەرهەڵدانی دیاردەیەک، کە ئێستا بە (سۆشیال میدیا) دەناسرێت، سـۆشـیال میدیا وەک چەمکێک، لە ئەنجامی پەرەسـەندنی تۆڕی ئینتەرنێت و مۆبایلە زیرەکەکانەوە

---

[1]- قتلونی، مصعب حسام الدین،٢٠١٤، *ثورات الفیسبوک وسائل التواصل الاجتماعي فی التغیر*، بیروت، شرکة المطبوعات للتوزیع والنشر، ص.٩٦

سـەریهەڵدا، ئەم پێشـکەوتنانە ڕێگەیان بۆ دەرکەوتنی تۆڕەکۆمەڵایەتییە جیاوازەکان خۆشـکرد، کە بوونەهۆی ئەوەی جۆرێکی نوێی میدیا لە فەرهەنگی ڕۆژنامەوانیدا جێگەی خۆی بکاتەوە.[١]

سـۆشـیال میدیا، کە لە بنەڕەتدا لە وشـەی ئینگلیزی (Social Media) وەرگیراوە، بە مانای "میدیای کۆمەڵایەتی"، یان "میدیای خەڵک" دێت،[٢] بەڵام ئەم زاراوەیە تەنها وشـەیەکی سـادە نییە، بەڵکو جیهانێکە لە پەیوەندی و کارلێککردن. شـارەزایانی تەکنیکی جەخت لەوە دەکەنەوە، کە سـۆشـیال میدیا ئێسـتا نزیکەی ٧١٪ی بازاڕی میدیا و پەیوەندییەکانی جیهانی کۆنترۆڵکردووە.[٣] ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە سـۆشـیال میدیا تەنها ئامرازێکی پەیوەندیکردن نییە، بەڵکو هێزێکی گەورەیە، ئاڕاستەی جیهان دیاریدەکات.

سـۆشـیال میدیا وەک میکانیزمێکی گەیاندنی سـەردەمیانە، ڕێگە بە ملیۆنان بەکارهێنەری ئینتەرنێت دەدات، کە ڕۆژانە لە پرۆسـەی گەیاندندا بەشـدار بن، بێ گوێدانە جیاوازییەکانی تەمەن، ڕەگەز، یان پیشـە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە سۆشیال میدیا بوەتەهۆی یەکخستنی خەڵک لەسەر بنەمای حەز و ئارەزووە هاوبەشـەکان[٤]. سۆشـیال میدیا تەنها خزمەتێکی ئەلیکترۆنی نییە، کە ڕێگە بە بەکارهێنەران بدات پەیج و ئەکاونتی تایبەتی بۆ خۆیان دروستبکەن، بەڵکو سیستەمێکی فراوانە، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەندامبوون لە ڕێکخراوەکان و بەشـداریکردن لە ڕووداوەکان لەخۆدەگرێت، بە واتایەکی تر، سـۆشـیال میدیا بریتییە لە کۆمەڵێک تۆڕ، کە لە چوارچێوەی ئینتەرنێتدا کاردەکەن و ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدەن لە کۆمەڵگەیەکی گریمانەییدا پەیوەندی دروسـتبکەن[٥]. سـۆشـیال میدیا چەندین تایبەتمەندی هەیە، کە وایکردووە ببێتە هۆی سـەرەکی پەیوەنـدی و کـارلێککردن لە جیهـانی ئەمڕۆدا، لەوانە: نـامەنـاردن، گفتوگۆ، ڤیـدیۆ، ئـاڵوگۆڕی دۆسـییەکان، گروپەکانی چات و بلۆگەرەکان، ئەم تایبەتمەندییانە ئاسـانکارییەکی زۆریان لە بواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دروسـتکردووە، بە جۆرێک، کە خەڵک دەتوانن لە سـەرجەم بوارەکانی

[١] - عەبدولڕەحمان، فرمان،٢٠٢١، ڕێبەری ڕۆژنامەوانی مۆبایل، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ل.٨٩

[٢] - کاوانی، دڵشاد، "سۆشیال میدیا، ڕۆڵ و پێگە و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕەوتی ژیانکردن لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا" *گۆڤاری خاڵ* ژمارە٣٥ی شوباتی (٢٠٢٠)، سلێمانی، ل. ٥٦

[3] - Prescott, L.J, 2012, *Social Network, Medical Reference Service Quarterly*, October, p119

[٤] اليحياوي، يحيا، الشباكات الاجتماعيةوالمجال العام بالمغرب: مظاهر التحكم والدمقراطة، مركز الجزيرة للدراسات، (٨ نوفمبر٢٠١٥، ص٤٥، دراسة منشورة على رابط التالي: https://studies.aljazeera.net/ar/mediastudies

[٥] - شمس الدين، فتحي، ٢٠١٣، *شبكات التواصل الاجتماعى و التحول الديمقراطى فى مصر*، الطبعه الأولى، مصر، دار النهضة العربية، ص.٤٩

سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، ئایینی، ئابووری، زانستی و وەرزشیدا زانیاریی ئاڵوگۆڕبکەن و یەکتر ببینن.[1]

سۆشیال میدیا تەنها ئامرازێک نییە بۆ پەیوەندی، بەڵکو بەشێکە لە ژیانمان. ئەم دیاردەیە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر شێوازی پەیوەندیکردنمان، کارکردنمان و بیرکردنەوەمان دروستکردووە، بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی هۆشیارانە و بەرپرسانە لەگەڵیدا ڕەفتاربکەین. سۆشیال میدیا چەمکێکی ئاڵۆزە، کە پێویستی بە ڕوانگەی تیۆریی هەمەجۆر هەیە بۆئەوەی بە تەواوی تێی بگەین.[2] لە ڕوانگەی تیۆریی پەیوەندییەکانەوە، سۆشیال میدیا بریتییە لە کۆمەڵێک ئامراز و پلاتفۆرمی ئۆنلاین، کە ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدەن ناوەڕۆک بەرهەمبهێنن، بڵاویبکەنەوە و لەگەڵ کەسانی تردا پەیوەندی دروستبکەن، بەڵام ئەم پێناسەیە زۆر سادەیە و ناتوانێت هەموو ڕەهەندەکانی سۆشیال میدیا لەخۆبگرێت، بۆیە توێژەر هەوڵدەدات لە چەند ڕوانگەیەکی جیاوازەوە پێناسەی سۆشیال میدیا بکات:

١. **پێناسەی تەکنیکی:** سۆشیال میدیا بریتییە لە کۆمەڵێک تەکنەلۆژیای (وێب ٢.٠)، کە ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدەن ناوەڕۆک دروستبکەن و بڵاویبکەنەوە، هەروەها لەگەڵ کەسانی تردا کارلێکبکەن.

٢. **پێناسەی کۆمەڵایەتی:** سۆشیال میدیا بریتییە لە فۆرمێکی نوێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە لەسەر بنەمای تۆڕە ئۆنلاینەکان دامەزراوە و ڕێگە بە خەڵک دەدات پەیوەندی دروستبکەن، کۆمەڵگە و گروپ دروستبکەن و بەشداری لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا بکەن.

٣. **پێناسەی سیاسی:** سۆشیال میدیا بریتییە لە ئامرازێکی بەهێز بۆ بەشداریی سیاسی و دەربڕینی بیروڕا، ڕێگە بە خەڵک دەدات دەنگی خۆیان بگەیەنن، ڕەخنە لە دەسەڵات بگرن و بەشداری لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا بکەن.

٤. **پێناسەی کولتووری:** سۆشیال میدیا بریتییە لە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی کلتور، ڕێگە بە خەڵک دەدات بەشداری لە ئاڵوگۆڕی کولتوورییدا بکەن و ناسنامەی کلتوریی خۆیان بپارێزن. پێناسەکردنی سۆشیال میدیا ئاسان نییە، چونکە ئەم چەمکە بەردەوام لە گۆڕاندایە. هەروەها سۆشیال میدیا چەندین ڕەهەندی جیاوازیی هەیە، کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێن.

---

[1]- تاڵەبانی، ڕێبەر گۆران، ڕێشاوی، یەحیا عومەر، ٢٠٢٠، *میدیای نوێ لەسایەی شۆڕشی زانیارییەکاندا*، چاپی یەکەم، سلێمانی، تۆڕی ئەکادیمیا و دیالۆگی میدیا.

[2] - فاضل، مشتاق طلب، ٢٠١٩، *مواقع التواصل ودورها في التوجهات السياسية*، عمان-الآردن، شركة دار الآكاديميون للنشر والتوزيع، ص٥٧.

## دووەم: مێژووی سەرهەڵدانی سۆشیال میدیا

جیهان لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا بازدانی گەورەی تەکنەلۆژیای بەخۆیەوە بینی، کە دیارترینیان سیستەمی پەیوەندییەکان و دەرکەوتنی کۆمەڵگەی زانیاریی (Information Society) بوو، لە ئەنجامی ئاوێزانبوونی تەکنەلۆژیای پەیوەندیی سەتەلایتی و تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر، کە لەتوانایدابوو لە چەند چرکەیەکدا داتاو زانیاریی وەربگرێت و بیگەڕێنێتەوە، لە سەرووی هەموو ئەو شتانەی لەبارەی گەیاندنە مۆدێرنەکانەوە دەگوترێت، سەرنجراکێشترینیان بریتییە لەوەی خەڵک لەوسەر و ئەمسەری جیهانەوە بە یەکتری گرێدەدات.[1] سۆشیال میدیا وەک چەمکێکی فراوان، مێژوویەکی تاڕادەیەک نوێی هەیە، هەرچەندە وەک چەمک بۆ ساڵی (١٩٥٤)زایینی دەگەڕێتەوە، کاتێک زانای کۆمەڵناس "جۆن بێرنێس" "John Bernes" ئەو زاراوەی بۆ گوزارشت لە یانە و ناوەندە جیهانییەکانی نامە گۆڕینەوە بە شێوە کلاسیکییەکەی بەکارهێنا، کە زیاتر بۆ بەیەکەوەبەستنەوەی پەیوەندیی نێوان وڵاتان بەکاردەهات،[2] بەڵام ڕەگەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیست و یەک. دەتوانین بڵێین ئەم قۆناغانە ڕۆڵی سەرەکییان لە سەرهەڵدانی هەبووە:

١. **قۆناغی سەرەتای ئینتەرنێت و یەکەمین پلاتفۆرمەکان (١٩٧٠-١٩٩٠):** لەم قۆناغەدا، ئینتەرنێت وەک تۆڕێکی سەرەتایی بۆ پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی زانیاریی لەنێوان زانکۆکان و توێژەراندا سەریهەڵدا، بەتایبەت ساڵی ١٩٨٩، ئەو کاتەی تۆڕی وێب بۆ یەکەمجار یەکەمین لاپەڕەی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت داهینا و ناویاننا (Word Wide Web)، کە ئێستا بە (www) ناسراوە، پلاتفۆرمەکانی وەک (BBS) و (Usenet) دەرکەوتن. کە ڕێگەیان بە بەکارهێنەران دەدا لەسەر بابەتە جیاوازەکان گفتوگۆبکەن و زانیاریی هاوبەشبکەن. ئەمە بناغەیەک بوو بۆ ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی، کە دواتر لە سۆشیال میدیادا بینیمان، لە ساڵی (١٩٩٥)ی زایینی، یەکەم ماڵپەڕی هاوڕێیانی قوتابخانە بە ناوی (Classmates) دروستکرا بۆ پەیوەندیگرتنی هاوڕێیانی قوتابخانە.[3] دوای ئەوەی، کە تێیدا سۆشیال میدیا زیاتر جێگیر بوو، سەرهەڵدانی ماڵپەڕی (sixdegrees.com) بوو لە شاری (نیویۆرک)، چونکە ئەم ماڵپەڕە جەختی لەسەر پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ دەکردەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی وابەستەبوونی زانستی و ئیتنیکی، یان ئایینی، لەم ماڵپەڕەدا بەکارهێنەران کۆمەڵە

---

[1] - فانگ، ئێرڤینگ،٢٠٠٩، *مێژووی هۆیەلی گەیاندن، شەش شۆڕشی زانیاریی*، و.گۆران سەباح، چاپی یەکەم، هەولێر، بڵاوکراوەی ئاراس، ل. ٣٥٣

[2] - عوبەیدوڵڵا، ٢٠٢٣، ل.٦٠

[3]- التميمي،مهند حميد،٢٠١٦، *التلفزيون و شبكات التواصل الاجتماعي تكامل ام صراع*، الطبعه الاولى، عمان، دار امجد للنشر والتوزيع ، ص. ١٨

خزمەتگوزارییەکیان بۆ ڕەخسا، وەک ئەوەی ڕێگەی بە ئەندامەکانی دەدا فایلی یەکترناسین دروستبکەن و قسە و نووسین بگۆڕنەوە.[1]

٢. **قۆناغی دەرکەوتنی بلۆگەکان (١٩٩٠-٢٠٠٠)**:بلۆگەکان وەک ڕۆژنامە، یان گۆڤاری ئینتەرنێتی، بەشێوەی وەشانی ئۆنلاین سەریانهەڵدا، کە ڕێگەیان بە تاکەکان دەدا بیروڕاکانی خۆیان بنووسن و بڵاوی بکەنەوە لە بەناوبانگترین پلاتفۆرمەکانی وەک (Blogger) و[2](LiveJournal)

٣. **قۆناغی سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییە سەرەتاییەکان (٢٠٠٠-٢٠٠٥)**:لەم قۆناغەدا یەکەمین تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەرکەوتن، کە ڕێگەیان بە بەکارهێنەران دەدا پرۆفایلی تایبەتیی خۆیان دروستبکەن، لەگەڵ هاوڕێیان و خێزان پەیوەندی دروستبکەن و زانیاریی هاوبەشبکەن. نموونەی ئەم پلاتفۆرمانەش (Friendster) و (Myspace) و (Linkedin) و (Hi5) و (Tagged) بوون، کە بە خێرایی جەماوەرێکی زۆریان لە دەوری خۆیان کۆکردەوە، بەتایبەت لەناو چینی گەنجاندا.[3]

٤. **قۆناغی گەشەکردنی خێرای سۆشیال میدیا (٢٠٠٥- ئێستا):**

دوای ساڵی (٢٠٠٥)، سۆشیال میدیا گەشەیەکی خێرای بە خۆیەوە بینی و بوو بە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی ڕۆژانەی زۆرێک لە خەڵکی جیهان. هۆکارەکانی ئەم گەشەکردنە خێرایە دەگەڕێتەوە بۆ:

١. **دەرکەوتنی فەیسبووک (٢٠٠٤) و تویتەر (٢٠٠٦)** : ئەم دوو پلاتفۆرمە شۆڕشێکیان لە جیهانی سۆشیال میدیادا بەرپاکرد، فەیسبووک ڕێگەی بە بەکارهێنەران دەدا پەیوەندییە کۆنەکانیان نوێبکەنەوە و پەیوەندیی نوێ دروستبکەن، لە هەمانکاتدا تویتەر ڕێگەی بە بەکارهێنەران دەدا، بە شێوەیەکی خێرا و کورت بیروڕاکانیان دەرببڕن و لە ڕووداوە گرنگەکان ئاگاداربن.

٢. **گەشەکردنی مۆبایلە هۆشمەندەکان** : بڵاوبوونەوەی مۆبایلە هۆشمەندەکان و ئاسانبوونی دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت لە ڕێگەی مۆبایلەوە، وایکرد بەکارهێنەران بتوانن لە هەر شوێنێک و لە هەر کاتێکدا دەستیان بە سۆشیال میدیا ڕابگات.

٣. **دەرکەوتنی پلاتفۆرمی نوێ** : دوای فەیسبووک و تویتەر، پلاتفۆرمی نوێی وەک (YouTube) بۆ هاوبەشکردنی ڤیدیۆ، (Instagram) بۆ هاوبەشکردنی وێنە و ڤیدیۆی کورت، (LinkedIn) بۆ

[1]- عبد، محمدالامين احمد،٢٠٢٠، *مواقع التواصل الاجتماعي و الحراک الشعبي الاعتماد المتبادل*، الطبعه الاولى،، مصر، المركز الديموقراطى العربي ، ص. ٥٩

[2] شفيق، حسنين،٢٠١١، *الاعلام الجديد، العلام البديل-تكنولجيا جديدة في عصر مابعد التفاعلية*، الامارات، دار النهضة العربية ، ص. ٥٤

[3] - Boyd, Danah M, Ellison, Nicole B, "Social Network sites: Definition, History and Scholarship" *In journal of Computer-Mediated Communication*, Vol.13, No.1, October 2007, p214

پەیوەندی پیشـــەیی، (TikTok) بۆ ڤیدیۆی کورت و ســـەرنجڕاکێش و چەندین پلاتفۆرمی دیکە دەرکەوتن، کە هەریەکەیان تایبەتمەندی و بەکارهێنانی جیاوازییان هەیە[١].

## سێهەم: جۆرەکانی سۆشیال میدیا (Types of Social Media)

سۆشـیال میدیا چەندین جۆری هەیە، کە هەریەکەیان تایبەتمەندی و ئامانجی جیاوازییان هەیە. بە گشتی دەتوانین سۆشیال میدیا بەم شێوەیە پۆلێن بکەین[٢]

١. **تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان: (Social Networking Sites)**

ئـامـانج لێیـان، دروســـتکردن و پـاراســـتنی پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان لەگەڵ خەڵـک وەک، فەیسبووک(Facebook)، تویتەر(Twitter)، لینکدین(LinkedIn)، تیکتۆک(TikTok) .

٢. **تۆڕەکانی بەشداریکردنی میدیایی : (Media Sharing Networks)**

ئـامـانج لێیـان، بەشـــداریکردنی وێنە، ڤیـدیۆ و نـاوەڕۆکی بینراوی ترە، دیـارترین نموونەکـانی: ئینســـتاگرام (Instagram)، یوتوب (YouTube)، ڤیمۆ(Vimeo)، ســـناپچات(Snapchat)، پینتەرســـت (Pinterest).

٣. **تۆڕەکانی گفتوگۆ:(Discussion Forums)**

ئامانج لێیان، گفتوگۆکردنە دەربارەی بابەتە جیاوازەکان و بەشـــداریکردن لە کۆمەڵگەکاندا، لە گرنگترین تۆڕەکانی: ڕێدیت (Reddit)، کوورا (Quora)، فۆڕمە ئۆنلاینەکان.

٤. **بلۆگەکان و پلاتفۆرمەکانی بڵاوکردنەوە:(Blogs and Publishing Platforms)**

ئـامـانج لێیـان، بڵاوکردنەوەی نووســـین، بیروڕا و زانیـارییە، نموونەکـانی وەک وۆردپرێس (WordPress)، میدیەم (Medium)، تەمبلەر .(Tumblr)

٥. **تۆڕەکانی هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە (Review Sites) :**

ئامانج لێیان، هەڵســـەنگاندن و پێداچوونەوەی بەرهەم و  خزمەتگوزاری و شـــوێنەکانە، وەک تۆڕەکانی: یەڵپ (Yelp)، تریپ ئەدڤایزەر (TripAdvisor)، گۆگڵ ڕیڤیو.(Google Reviews)

---

[١] - العلی، صالح،٢٠١٥، *مهارات التواصل الاجتماعی، أسس و مفاهیم و قیم*، عمان، دار الحامد للنشر والتوزیع، ، ص. ٣٧-٣٨

[٢] التمیمی،مهند حمید،٢٠١٦، مصدر سابق، ص.٢٥

٦. **تۆڕەکانی پەیوەندی پیشەیی(Professional Networking Sites) :**

ئامانج لێیان، دروســـتکردنی پەیوەندیی پیشـــەیی و دۆزینەوەی هەلیکارە، وەک تۆڕی لینکدین (LinkedIn) .

٧. **تۆڕەکانی پەیوەندیی ناوخۆیی (Internal Social Networks) :**

ئامانج لێیان، دروســـتکردنی پەیوەندی و هاوکاریکردنە لەنێو ڕێکخراوەکاندا، نموونەکانی وەک ســـلاک (Slack)، مـایکرۆســـۆفـت تیمز (Microsoft Teams)، جـامەر .(Yammer) لە گرنگترین تۆڕەکانییەتی.

٨. **تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە شوێن:(Location-Based Social Networks)**

ئامانج لێیان، دۆزینەوەی خەڵک و شـــوێنەکان لە نزیکترین خاڵ لە شـــوێنی نیشـــتەجێبوونتەوە و بەشداریکردن لەگەڵیان، وەک هەردوو تۆڕی فۆرسکوئەر(Foursquare) ، گڵیمپز .(Glimpse)

## چوارەم: تایبەتمەندییەکانی سۆشیال میدیا (Characterstic of Social Media)

ســـۆشـــیال میدیا ســـەرباری تایبەتمەندییە هاوبەشـــەکانی لەگەڵ میدیای کۆن، خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکە، کە دەکرێت وەک شـــوناســـی ســـۆشـــیال میدیا ســـەیربکرێن بەهۆی ســـروشـــتە دیجیتاڵییەکەیەوە، ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی جیاوازە، هەموو جۆرەکانی ســـۆشـــیال میدیا لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکاندا هاوبەشن، لەگەڵ ئەوەشدا هەر پلاتفۆڕمێکی سۆشیال میدیا، خاوەنی هەندێک تایبەتمەندی جیاوازە.[١] دەکرێت ئەمانەی خوارەوە وەک ســـەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی سۆشیال میدیا ئاماژە پێبکەین:

١. **کارلێکی (Interactive):** سـەرەکیترین و گرنگترین تایبەتمەندی سـۆشـیال میدیایە، چونکە لە کۆندا (نێرەر) تەنها نێرەر بوو، (وەرگر)یش تەنها وەرگر، بەڵام ئەمڕۆ لە ســـایەی میدیای نوێ و ســـۆشـــیال میدیاوە، ئەم پرۆســـەیە ئاڕاســـتەکردنێکی یەکلایەنی نییە، بەڵکو گفتوگۆیەکە لەنێوان لایەنەکاندا، ڕاســـتەوخۆ وەرگر دەتوانێت وەڵام و کاردانەوەی بۆ پەیامەکان هەبێت، بە مانایەکی تر سـۆشـیال میدیا نێرەر و وەرگری لەیەک کەسـدا کۆکردووەتەوە، واتا بەکارهێنەرەکانی سـۆشـیال میدیا وەرگر و لە هەمانکاتدا نێرەریشن.[٢]

---

[١]- کاتب، سعود صالح،٢٠١١، *الاعلام الجدید و قضایا المجتمع، التحدیات و الفرص*، (جدة، جامعة الملك عبدالعزیز، كلیة الاداب، قسم الاعلام، المؤتمر العلمی الثانی للأعلام الأسلامی ١٣-١٥دیسیمبر)، ص. ١٢

[٢] - حەمەسەعید، نەزاکەت حسین،٢٠٢٠، *بازاڕگەری و بازاڕگەری میدیایی*،چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ل. ٧٦

٢. **جیهانگیری (Globalization):** سۆشیال میدیا بەربەستە جیۆگرافی و سنوورییەکانی هەڵوەشاندووەتەوە، بەشێوەیەک تاکێکی ڕۆژهەڵاتی دەتوانێت زۆر بە سانایی پەیوەندی لەگەڵ تاکێکی ڕۆژئاواییدا بگرێت، بە واتایەکی تر وابەستە نییە بە وڵاتێک، یان ناوچەیەکی دیاریکراوی جیۆگرافییەوە، بەڵکو ژینگەی پەیوەندیکردنەکەی بووەتە ژینگەیەکی جیهانی و هەموو سنوورێکی کات و شوێن و سانسۆرەکانی تێپەڕاندووە.[١]

٣. **پابەند نەبوون (Non-Commitment):** بە واتای پەیوەستنەبوون بە کات و شوێن، لە میدیای کۆندا دەبوو چاوەڕێی کاتە دیاریکراوەکانی هەواڵ و زانیاریی بیت لە تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ، یان چاوەڕێی دەرچوونی ڕۆژنامەکان بیت، بێجگە لەوەش هەندێک لەو ئامڕازانە نەدەتوانرا لە هەموو کات و شوێنێکدا بەکاربهێنرێت، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی ئامرازە نوێچەشنەکانی وەک مۆبایل و ئایپاد و ئایپوود، لەهەر کات و ساتێکدا دەتوانرێت بەکار بهێنرێن و دەستت بەو ناوەڕۆکە بگات، کە خۆت مەبەستتە.[٢]

٤. **فرەیی ژانرەکان (Multimedia):** ڕۆژنامە نووسین و ڕادیۆش دەنگ پێشکەشدەکات و هەرچی تەلەڤزیۆنیشە دەنگ و ڕەنگ پێشکەشدەکات، بەڵام سۆشیال میدیا دەتوانێت لە یەک کاتدا ئەم سێ ژانرە کۆبکاتەوە و لە پەیامێکی میدیاییدا بەکاریانبهێنێت.[٣]

٥. **پەرتککردن و ناجەماوەری بوون (Fragmentation and Lack of Popularity):** سۆشیال میدیا دەستبەرداری چەمکی کۆبیبوون بووە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ بەکارهێنەرانیدا، چونکە بەرهەمێکی میدیایی وا پێشکەش دەکات، کە لەگەڵ ئارەزووەکانی تاکدا بگونجێت، واتا زیاتر بایەخ بە تاک دەدات نەک جەماوەر بە گشتی.[٤]

٦. **ئازادیی فراوان (Broad Freedom):** دوای ئەوەی میدیا تەقلیدیەکان بە چاپەمەنی و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و کتێبەوە کەوتبوونە ژێر دەستتێوەردانی دەسەڵاتی فەرمی لە وڵاتان بە ڕێگەدان، یان قەدەغەکردنی ئەوەی تێیدا بڵاودەکرایەوە، ئەمەش دەسەڵاتی کردە ئامڕازێکی وەسفکردن لەسەر دەروون و بیرکردنەوەی هاوڵاتی و نەهێشتنی توانای دروستکردن و بیرکردنەوە، بەڵام سۆسیال میدیا بە تایبەتمەندیی ئازادیی فراوان، کە ئاماژەیە بۆ ئەو ڕادە زۆرەی ئازادی، کە بەکارهێنەران

---

[١] صاحب، عباس حسين،٢٠٢١، *الرقابة الامنية على وسائل التواصل الاجتماعي في العراق بعد عام٢٠١٠*، رسالة ماجستير غير منشورة ( جامعة النهرين، كلية العلوم السياسة، قسم النظم السياسة و السياسات العامة، العراق). ص. ٣٧.

[٢] - حەمەسەعید، ٢٠٢٠ ، ل. ٧٧

[٣] القيسى،جمال عبدناموس،٢٠١٣، *الأخبار في الصحافة الالكترونية*، الطبعة الاولى، اصدارات مركز البصيرة للبحوث والتطوير الإعلامي ، ص. ٩٤

[٤] - ڕێشاوی و حسین، ٢٠٢٣، ل. ٤٣٥

هەیانە بۆ دەربڕینی بیروڕاکانیان لە بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆک و بەشـــداریکردن لە گفتوگۆکاندا لەسەر پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا، ئەمەش چەند لایەنێک لەخۆدەگرێت:

١. **ئازادیی دەربڕین:** بەکارهێنەران دەتوانن بیروڕاکانیان دەرببڕن، تەنانەت ئەگەر جیاوازییش بن یان مشتومڕیان لەسەر بێت.

٢. **بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆک:** دەتوانن هەر جۆرە ناوەڕۆکێک بڵاوبکەنەوە کە دەیانەوێت (وێنە، ڤیدیۆ، نووسین و هتد.) بە مەرجێک پێچەوانەی یاسا و ڕێساکانی پلاتفۆرمەکە نەبێت.

٣. **بەشـداریکردن لە گفتوگۆ:** دەتوانن بەشـداری بکەن لە گفتوگۆ جۆراوجۆرەکان و کارلێکبکەن لەگەڵ بەکارهێنەرانی تردا.

٤. **دەسـتڕاگەیشـتن بە زانیاریی:** دەتوانن بە ئاسـانی دەسـتیان بە زانیاریی زۆر و سـەرچاوەی جیاواز بگات[١].

٧. **ئاســانیی بەکارهێنان (Ease of use):** ســۆشــیال میدیا بەناوبانگە بە ئاســانی بەکارهێنان و پێویسـتی بە کارامەیی و هونەری بەرز و خولی فەرمی و درێژخایەن نییە، بە دەگمەن کۆتوبەندی بۆ پەیوەندیکردن بە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی ترەوە هەیە، ئاســان بەکارهێنان یارمەتیدەرە بۆئەوەی هەموو کەسـێک بتوانێت بەبێ فێربوونی زۆر، یان شـارەزایی پێشـوو لە تەکنەلۆژیا، لە سـۆشـیال میدیا سودمەند بێت[2].

**٨.هەڵگرتن و پاراستن (Storage and preservation):** سروشتی ئەم میدیایە وایە، زۆر ئاسان بەبێ بەکارهێنانی ئامێری دیکەی وەک (هارد و سـی دی و کاسـێت) دەتوانرێت بابەتەکان حەمبار بکرێن و بپارێزرێن، کاتێک بەکاربەر توانای هەڵگرتن و پاراسـتنی مادده میدیاییەکانی هەبێت، ئەوا هۆکارێک دەبێت بۆ زیاتر گرنگیدان بە پەیامەکان بەپێی کاتی گونجاوی وەرگر.[٣]

**٩.پشـتیوانی لە پرسـە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان ( Supporting the Social and Humanitrain Cause):** سۆشیال میدیا ڕۆڵێکی گرنگ لە پاڵپشتیکردنی پرسە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکاندا دەگێڕێت. تـاکەکـان، ڕێکخراوە خێرخوازییەکـان و ڕێکخراوە نـاحکومییەکـان دەتوانن ئەم پلاتفۆرمـانە بەکاربهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشــیاری و کۆکردنەوەی پارە و پشــتگیریکردنی ئەو هۆکارانەی،

---

[١] - شقرة، علی خلیل،٢٠١٤، *الإعلام الجديد شبكات التواصل الاجتماعی*، الطبعة الأولی، عمان الاردن، دار أسامة للنشر و التوزيع، ص. ٥٦

[2] – عداون، إياد زياد، *دور الشبكات التواصل الاجتماعی في عملية توليد المعرفة و أثرها على الإبداع الوظيفي في مؤسسات التعليم العالی الفلسطيني فی غزة*،الجامعة الاسلامية بغزة، كلية التجارة، رسالة ماجستير المنشورة على الانترنيت على الرابط ، https://iugspace.iugaza.edu.ps/ص٢٠

[٣] – حەمەسعید، ٢٠٢٠، ل.٨٠

که بۆیان گرنگن. نموونەکان بریتین لە هەڵمەتەکانی هۆشیاریی تەندروستیی دەروونی، پشتیوانی لە مافەکانی مرۆڤ، هاوکاریی مرۆیی لە کاتی قەیرانەکاندا.

١٠. **فێربوونی دوور (Distance Learning):** سۆشیال میدیا بووەتە بەشێک لە سیستەمی فێربوونی دوور. مامۆستایان و خوێندکاران دەتوانن سەرچاوە پەروەردەییەکان لە سەرانسەری پلاتفۆرمەکانی وەک فەیسبووک و کلاس ڕووم و گووگڵدا بەیەکەوەببەستنەوە و هاوبەشیبکەن. ئەمەش بەشدارە لە باشترکردنی پرۆسەی پەروەردەیی و ڕەخساندنی دەرفەتی فێربوونی نوێ بۆ تاکەکان لە سەرانسەری جیهاندا.[1]

١١. **دروستکردنی کۆمەڵگەی مەجازی (Creating Virtual Communities):** تاکەکان لە هەموو جیهانەوە دەتوانن لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە کۆمەڵگەی مەجازی پێکبهێنن. ئەم کۆمەڵگایانە یارمەتیی ئەو کەسانە دەدەن، کە ئارەزوو و خولیای هاوشێوە و پەیوەندی و کارلێککردنیان هەیە، ئەمەش هەستکردن بە سەربەخۆیی پەروەردە دەکات و پشتگیری لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات.[2]

١٢. **جوڵاندنی هەست و سۆز (Stirring emotions):** سەکۆکانی سۆشیال میدیا دۆخ و لایەنی دەروونیی بەکارهێنەران ئاشکرادەکەن، هەلی گوزارشتکردن لەو دۆخەی تاک تێیدا دەژی، دەرەخسێنێت، بۆ نموونە دڵخۆشیی، ماندووبوون، دڵتەنگیی، یان بە چییەوە سەرقاڵە؟ ئەم تایبەتمەندییە لایەنێکی سەرنجڕاکێشی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیایە، بەتایبەت کە دەبێتە پەنجەرەیەک بۆ زانینی هەست و سۆزی مرۆڤەکان و هاوبەشیکردنی ئەو حاڵەتانە لەنێوان بەکارهێنەراندا.[3]

١٣. **خێرایی و نوێبوونەوە (Speed and Renewal):** میدیای نوێ و سۆشیال میدیا بەو خێرایی و توانایەی خۆی لە بڵاوکردنەوە و بەردەوام نوێکردنەوەی ئەو هەواڵ و زانیارییانەی، کە ڕاستەوخۆ دوای ڕوودانیان بڵاویاندەکاتەوە، هەلی بۆ وەرگر ڕەخساندووە ئاگاداری بارودۆخی ژیانی ئێستای بێت و ناچار نییە چاوەڕێی دەرچوونی ڕۆژنامە بێت لە ڕۆژی دواتر، بۆئەوەی ئاگاداری هەواڵی ڕۆژی پێشوو بێت، یان نەشرەیەکی تەلەڤزیۆن، جا هەرچەند لە ڕووی کات و شوێنەوە لێیدووربێت، سۆشیال میدیا توانیی خێراییەکی بەرچاو لە گەیاندنی هەواڵ و ڕوداوەکاندا بۆ

---

[1] هەمان سەرچاوە ل.٨١

[2] المقصد، مؤلف مجهول،١٠-٣-٢٠٢٥ ١١:٣٠، مميزات *السوشيال ميديا*، المقصد، مميزات السوشيال ميديا | المقصد للتسويق الالكتروني

[3] – حاجی، دلێر عەبدولخالق،٢٠٢٣، *کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر حوکمڕانیی دروست لای دەستەبژێری سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا (فەیسبووک وەک نموونە)*، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان،بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سلێمانی،ل. ٦٨

پرۆسـەی گەیاندن زیادبکات، ئەوەش بەهۆی تایبەتمەندیی خێرایی هێڵەکانی ئینتەرنێت و بەردەستبوونی بۆ بەکارهێنەران، بە جۆرێک هەندێک هەواڵ لە سۆشیال میدیاکاندا (٣٠) چرکە دوای ڕوودانی ڕووداوەکە بڵاودەکرێنەوە، جگە لەوە خێراشە لە بەدواداچوونی زانیارییەکان و کۆ کردنەوەی بەڵگە و داتا و گۆڕانکاری و هەموارکردنەوەی زانیاریی و ناوەڕۆکی بابەتەکاندا.[١]

## پێنجەم: خزمەتگوزارییەکانی سۆشیال میدیا

خزمەتگوزارییەکانی سۆشیال میدیا زۆرن، هەندێکیان هاوشێوە و هەندێکیان جیاواز، بەڵام گرنگی و جۆری خزمەتگوزارییەکان بەپێی پلاتفۆرمەکان و ئامانجی بەکارهێنەر دەگۆڕێن، بەگشتی خزمەتگوزارییەکانی سۆشیال میدیا ئەمانەن:

١. **دۆسیەی کەسی (Profile Page)**: لە ڕێگەی ئەم خزمەتگوزارییەوە دەتوانرێت ناوی کەسەکە (بەکارهێنەر) بزانرێت، هەروەها زانیارییە سەرەکییەکانی وەک (ڕەگەز، مێژووی لەدایکبوون، شوێنی نیشتەجێبوون، گرنگیپێدان، وێنەی کەسی ...هتد) چەندین زانیاریی دیکەش لە خۆدەگرێت، دەتوانرێت لێیەوە سەیری چالاکیی کەسەکان بکرێت، بزانرێت هاوڕێکانی کێن و کامانەن ئەو بابەتانەی دایبەزاندوون.[٢]

٢. **هاوڕێ و پەیوەندییەکان (friends and relationships)**: سۆشیال میدیا بەتایبەت جۆری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، ناوی هاوڕێ دەبەخشن بەو کەسەی بۆ لیستی هاوڕێیان زیاددەکرێت، بەڵام بەشێک لە پێگە کۆمەڵایەتییەکانی کەسانی پیشەگەر ناوی "پەیوەندی" لەو کەسە دەنێن، کە بۆ لیستی هاوڕێیان زیاددەکرێت.[٣]

**٣. هەواڵ و زانیاریی (News and Information)**: سۆشیال میدیا سەرچاوەی هەواڵ و زانیارییە بۆ بەکارهێنەرانی، ئەویش لە ڕێگای پەیجی دەزگا میدیاییەکان و ئاژانسەکانی هەواڵەوە، کە لە ڕێگەی سۆشیال میدیای دامەزراوەکانیانەوە، هەواڵەکانی خۆیان ئاراستەی وەرگر دەکەن.

**٤. گفتوگۆی بەکۆمەڵ (Collective discussion)**: یەکێکە لە خزمەتگوزارییە نوێیەکانی سۆشیال میدیا، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت زیاد لە دوو کەس بە یەکەوە گفتوگۆی دەنگ و ڕەنگ پێکەوە بکەن

---

[١]- حسن، سەنگەر جمال، ٢٠٢٣، *ئاستی پشتبەستنی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بە سۆشیال میدیا لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا*، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان،بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سلێمانی، ل. ٧٥

[٢] - منصور، محمد محمود،٢٠٢٣، *پەیوەندی نێوان بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و ڕەفتاری شەڕەنگێزی(خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری سلێمانی بەنموونە)*، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی، ل. ٣٢

[٣] - عوبەیدوڵلا، ٢٠٢٣، ل.٩٠

له هەمان کاتدا، ئەمەش بە مەبەستی کۆبوونەوەی ئۆنلاین، یاخود کۆبوونەوەی خێزانی و هاوڕێیان، سوودی گرنگی بۆ بەکارهێنەرانی دەبێت.[1]

٥. **لاپەڕەکان (The pages)**: ئەم خزمەتگوزارییە لە بواری بازرگانییدا بە شێوەیەکی کاریگەر بەکارهاتووە، چونکە ئەم خزمەتگوزارییە ڕێگە بە دروستکردنی هەڵمەتی ڕیکلامی ئامانجدار دەدات، دەرفەت بۆ خاوەن بەرهەمەکان دەڕەخسێنێت کاڵاو بیرۆکە و بەرهەمەکانیان بخەنەڕوو.[2]

٦. **ئەلبوومی وێنەکان (Photo Albums)**: سۆشیال میدیا، بەتایبەت پلاتفۆڕمەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی، ئەم خزمەتگوزارییە بۆ بەکارهێنەرانی دەڕەخسێنێت، کە ژمارەیەکی ناکۆتا لە ئەلبووم دروستبکەن و سەدان وێنە زیادبکەن، هەروەها ڕێگە بەوە دەدات، کە ئەم وێنانە لەگەڵ هاوڕێکاندا بەکاربهێنرێن و ببینرێن و تێچێن (کۆمێنت) و کاردانەوە (ڕیاکت)یان لەسەر بدەن.[3]

٧. **سەرکێشی و یاریکردن (Play and adventure)**: بۆ پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکان و زاخاوی مێشک، بەکارهێنەران دەتوانن لەم خزمەتگوزارییە سوودمەند بن، کە تێیدا چەندین یاریی جۆراوجۆر و بێبەرانبەر دابینکراون و یارییەکان بە جۆرێکن، دەتوانیت لەگەڵ هاوڕێکانتدا ئەنجامیبدەیت، واتا دووبارە یارییەکانیش کەشێکی کۆمەڵایەتی و کارلێکی دروستدەکەن.

٨. **ڕیکلام و بازرگانی (Advertising and Commercial)**: لە ئێستادا سۆشیال میدیا بووە بە یەکێک لە باشترین شوێنەکان بۆ کڕین و فرۆشتن لە سەرجەم بوارەکاندا، ئەویش بەهۆی پەرەسەندنی ئەم تۆڕانە و فەراهەمکردنی خزمەتگوزاریی کڕین و فرۆشتن، بە جۆرێک دەتوانیت بە دروستکردنی پەیجێک و بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی دەتەوێت بیفرۆشیت، بازاڕێکی ئۆنلاین بۆخۆت دروستبکەیت و کاڵاکانت ساغبکەیتەوە، لە ڕێگای کردنەوەی هەژماری بانکیی نێودەوڵەتییەوە دەتوانیت بە پارە ڕیکلام بۆ کاڵاکانت بکەیت و کڕیاری مەبەستداریی خۆت دیارییبکەیت.[4]

ئەمانە و چەندین خزمەتگوزاریی تر، کە پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا پێشکەش بە بەکارهێنەرانیان دەکەن، وەک (ئەپڵیکەیشنەکان، دراوە ئەلیکترۆنییەکان، پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان، ڕیل و کورتە ڤیدیۆکان، لایڤەکان، چارت و ڕاپرسییەکان...هتد).

---

[1] – مستەفا، ڕێبەر گۆران، ڕەحمان، بروا عوسمان، "پێگەی گرافیک دیزاین لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا(فەیس بووک بە نموونە)"، *گۆڤاری زانکۆی گەرمیان*، ٨(٤)٢٠٢١، ل. ١٤٢

[2] محمود، خالد احمد علي،٢٠١٩، *الاستثمار المعرفي وعلاقتة بالاثار السياسة والاجتماعية لاستخدام تكنلوجيا المعلومات والاتصال*، الطبعه الاولى،، الاسكندرية، مصر، دار الفكر الجامعي ، ص. ١٦٣

[3] – مصطفى، ريبەر كوران، ٢٠١٣، ص. ٥٩

[4] – تاڵەبانی و ڕێشاوی، ٢٠٢٠، ل. ١٣٨

## شەشەم: لایەنە باش و خراپەکانی سۆشیال میدیا

"ڕاگەیاندن چەکێکی دوو سەرەیە" بە واتای ئەوەی، کە ڕاگەیاندن دەتوانرێت بۆ مەبەستی باش و خراپ بەکاربهێنرێت، هەروەها دەتوانێت کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە هەبێت. بە واتایەکی تر، هەمان ئامرازی ڕاگەیاندن دەتوانێت ببێتەهۆی گەشە و پێشکەوتن، یان ببێتەهۆی زیان و وێرانکاری، ئەم واتایە ئەگەر بۆ میدیای کۆنباو وترابێت و دروستبووبێت، ئەوا لە ئەمرۆدا بۆ سۆشیال میدیا ئەولاترە، بەهۆی تایبەتمەندییەکان و سروشتی کارکردنی، کەواتە سۆشیال میدیاش بە هەمانشێوە لایەنی باش و خراپی هەیە، کە هەوڵدەدەین هەرکامێکیان بخەینەڕوو، دەکرێت سەرەتا لایەنە باشەکانی سۆشیال میدیا بخەینە ڕوو، کە ئەمانەن:[1]

١. **پەیوەستکردنی مرۆڤەکان (Connecting People)**: سۆشیال میدیا لە سەرانسەری جیهاندا دەرفەت بۆ مرۆڤەکان دەڕەخسێنێت بۆ پەیوەندیکردن، بەتایبەتی ئەوانەی بە مەودای دوور لەیەکتر جیابوونەتەوە.

٢. **ئاسانکاریی پەیوەندیکردن (Ease of Communication)**: سۆشیال میدیا پەیوەندیکردن ئاساندەکات، وادەکات بە خێرایی و ئاسانی لەگەڵ خێزان و هاوڕێ و هاوکارەکانت لە پەیوەندیدا بمێنیتەوە.

٣. **دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی (Access to Information)**: سەرچاوەیەکی زۆر باشە بۆ زانیاریی و ڕێگەتپێدەدات بە ئاسانی دەستت بە نوێترین هەواڵ و زانیاریی بگات.

٤. **فێربوون و گەشەکردن (Learning and Growth)**: دەتوانیت لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە، شتی نوێ فێر بیت و زانیارییەکانت پەرەپێبدەیت.

٥. **مارکێتینگ و بزنس (Marketing and Business)**: دەرفەت بۆ مارکێتینگ و پەرەپێدانی بزنس دەڕەخسێنێت، ڕێگەتپێدەدات بە ئاسانی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانت بەرزبکەیتەوە.

٦. **هۆشیاریی کۆمەڵایەتی (Social Consciousness)**: دەتوانێت هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بۆ پرسگەلێکی گرنگی وەک مافی مرۆڤ و پاراستنی ژینگە بەرزبکاتەوە.

٧. **بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان(Social movements)**: دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕێکخستنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و گەورەکردنی دەنگەکانیاندا بگێڕن.

[1] - Safwan, Mohammed, "SOCIAL MEDIA AND IT'S POSITIVE AND NEGATIVE INPACT ON BUSINESS, EDUCATION, SOCIETY, TEENS AND KIDS" *Journal of Emerging Technologies and Innovative Research*, May 2019, Volume 6, Issue 5. P 218-219

٨. **خۆ دەربڕین و داهێنان(Self-expression and creativity):** دەرفەت بۆ خۆدەرخستن و داهێنان دەڕەخسێنێت، ڕێگەتێپەدەدات بیرۆکە و بەهرەکانت لەگەڵ جیهاندا هاوبەشبکەیت.

هەرچی لایەنی نەرێنیی سۆشیال میدیایە، ئەگەر لە لایەنە ئەرێنییەکانی زیاتر نەبێت، کەمتر نییە، توێژینەوەکان گەیشتوونەتە ئەو ڕاستییانەی، کە لایەنە نەرێنییەکانی سۆشیال میدیا ئەمانەن:

١. **لاوازکردنی بواری کۆمەڵایەتی:** هەرچەندە ئەرکێکی سەرەکیی سۆشیال میدیا بریتییە لە دروستکردنی پەیوەندیی و تۆڕی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەمڕۆ پسپۆڕانی ئەم بوارە و بواری کۆمەڵناسی، پێچەوانەی ئەم ئەرکە باسدەکەن و پێیانوایە سۆشیال میدیا و پلاتفۆڕمەکانی گفتوگۆی ئۆنلاین، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لاوازکردووە، "Kristin Gallucci" پسپۆڕیی بواری مارکێتینگ دەڵێت: "سۆشیال میدیا و بەسەربردنی کاتی زۆری مرۆڤەکان لەنێویدا، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کوشتووە" ئەمە بە واتای ئەوە دێت ئێمە چەند کاتژمێر لەناو سۆشیال میدیا و پلاتفۆڕمەکاندا بین، ئەوەندە دوورین لە ژیانی ڕاستەقینە و پەیوەندیی ڕاستەوخۆی ڕووبەڕووی کۆمەڵایەتی و تاکەکان.[١] "Joron Lanier" لە کتێبەکەیدا بەناوی (teen arguments for deleting your social Media) دەڵێت: "پێویستە ئێمە سۆشیال میدیاکانمان دابخەین، لەنێو تۆڕی کۆمەڵایەتی بێینە دەرەوە، تاوەکو هەموو ژیانە ڕاستەقینەکەمان لەدەستنەداوە.[٢]

٢. **ئالودەکردنی بەکارهێنەران:** سۆشیال میدیا بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی ڕۆژانەمان، لەگەڵ ئەوەی دەرفەتی زۆر بۆ پەیوەندی و فێربوون دەڕەخسێنێت، بەڵام مەترسیی ئالودەبوونی هەیە، کە دەتوانێت کاریگەریی نەرێنی لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ژیانمان دروستبکات، ئالودەبوون بە سۆشیال میدیا، دەتوانێت ببێتەهۆی زیادبوونی دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، هەستکردن بە تەنهایی و کەمبوونەوەی متمانەبەخۆبوون، سەرباری زیانە تەندروستییە جەستەییەکانیش، بەپێی لێکۆڵینەویەکی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (W.H.O)، ئەوانەی ڕۆژانە چوار کاتژمێر و زیاتر سۆشیال میدیا و ئامێرە هۆشمەندەکان بەکار دەهێنن، چونەتە حاڵەتی ئالودەبوونەوە.[٣]

٣. **بەگریمانەیی بوونی ژیان:** هەموومان وامانزانی سۆشیال میدیا و تۆڕی کۆمەڵایەتی، ڕێگایەکە بۆ دۆزینەوەی هاوڕێ، ڕاستە! بەڵام لە زۆر لە هاوڕێ ڕاستەقینەکانت دووردەخاتەوە و جۆرێکی تر لە هاوڕێت بۆ بەرهەمدەهێنێت، کە هاوڕێیەکی گریمانەیی و بێهەست و ڕۆحە، "Patrik Wincent" دەڵێت: "توێژینەوەکان سەلماندوویانە، کە نەوەی سۆشیال میدیا و تەکنەلۆژیای نوێ، نەوەیەکی

---

[١] - حەمەسەعید،نەزاکەت حسین،٢٠٢٣، *ژیان چی بەسەردێت لەسەردەمی زیرەکی دەستکرد و سۆشیال میدیا*، چاپی یەکەم،سلێمانی، (ب.ش) ل. ١٦

[2] - Lanier, Joron, 2018, *teen arguments for deleting your social Media*, First edition, New York, Henry holt and Company, P56

[٣] - محمد،٢٠٢٣، ل. ٨٥

بێدەنگ و کۆمەڵگەیەکی کەمدوو دروستدەکات، چونکە بە بێدەنگی و بە تەنهایی گفتوگۆدەکات، لە گفتوگۆی کۆمەڵگە ڕاستەقینەکە دادەبڕێت و لە کۆمەڵگەیەکی گریمانەییدا ژیانێکی گریمانەیی دەژیت.[١]

٤. **بەکارهێنانی لەلایەن گروپە توندڕەوکانەوە:** سۆشیال میدیا زۆرجار لەلایەن گروپە توندڕەو و تیرۆرستیەکانەوە بەکاردەهێنرێت، بەهۆی تایبەتمەندییەکانی ئەم ئامرازەوە، کە خۆی لە خێرایی گەیاندن و کەمیی تێچوون و لاوازیی چاودێریکردنی لەلایەن دامەزراوەکانەوە دەبینێتەوە، لەم ڕێگەیەوە گروپەکان لە ڕووی ئایدۆلۆژیەوە کاریگەری لەسەر بەکارهێنەران بەتایبەت گەنجان دروستدەکەن، بۆ نێو ڕیزەکانیان کەمەندکێشیاندەکەن. مەرج نییە بەکارهێنەران تەنها لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە بکرێنە ئامانج، بەڵکو بابەتە فەلسەفی و ناسیۆنالیستەکان و ئاشنابوون بە گروپ و دەستەی جیاوازیی کۆمەڵایەتی، هۆکار گەلێکی زۆر مەترسیدارن بۆ بەکارهێنەران.[٢]

٥. **توندوتیژی ئۆنلاین:** ئەوەی کە بە ئینگلیزی پێیدەوترێت (Cyberbullying)، بە هۆی ئاسانیی شاردنەوەی ناسنامە، نەبوونی کۆنترۆڵی پێویست لەسەر ناوەڕۆک و نادیاریی شوێنی بەکارهێنەران و زیرەکی و لێهاتووی هاککەران لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا، بەکارهێنەرە ئاساییەکانی سۆسیال میدیا بژاردەی چاکن بۆئەوەی ڕووبەڕووی توندوتیژیی ئۆنلاین و هەڕەشە سایبەرییەکان ببنەوە، کە لە ئەنجامدا زیانگەیاندن بە تەندروستیی دەروونیی قوربانییان، ترس و دڵەڕاوکێ و تەنانەت خۆکوشتنیشی لێدەکەوێتەوە.[٣] لە ئێستادا قوربانییە سایبەرییەکان ئەوەندە لە بەرزبوونەوەدان، دەزگا ئەمنییەکان ناچاربوون هێڵی گەرمی پەیوەندیی تایبەت بەم بوارە دابنێن.

٦. **خاوەندارێتیی فیکری (الملكية الفكرية):** گەشەسەندنی تەکنەلۆژی و گۆڕانکاری دیجیتاڵی، کە ئێستا شاهیدی دەبین، بووەتەهۆی سەرهەڵدانی چەندین کێشە، کە لەم دواییانەدا سەریانهەڵداوە، سەرهەڵدانی جۆرێکی نوێی تاوان و پێشێلکاری، کە بە تاوانی ئەلیکترۆنی و پێشێلکاریی دیجیتاڵی ناسراوە. ئازادیی ڕەها لە ئینتەرنێتدا وایکردووە، کە هەر بیرۆکەیەک، زانیارییەک، داهێنانێک، یان نیشانەیەکی بازرگانی بە ئاسانی بدزرێت و وەربگیرێت و کۆپیبکرێت بەبێئەوەی بیگەڕێندرێتەوە بۆ خاوەنە ڕەسەنەکەی، یان بڵاوکردنەوە، یان کۆپیکردنی بەبێ ئاماژەدان بەو، ئەم پەرەسەندنە و گۆڕانکارییە دیجیتاڵییە لە فراوانکردنی چەمکی خاوەندارییتی فیکریدا بەشداربووە، بەوپێیەی ئێستا

---

[١] – حەمەسەعید، ٢٠٢٣، ل. ٢٤

[٢] – شێخانی، گۆران زیاد، ٢٠٢٠، *تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و هۆشیاری کۆمەڵایەتی گەنجان*، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا، ل. ١٣١-١٣٢

[٣] بدون اسم المؤلف ، ٢٠٢٥/٣/١٥ – ١١:٠٠صباح، *ايجابيات وسلبيات السوشيال ميديا ووسائل التواصل الاجتماعي ومدي تأثيرها في العصر الحديث*، غنائم، منشورة على الرابط [ايجابيات وسلبيات ومدي تأثير السوشيال ميديا | غنائم Ghanaem].

پلاتفۆرمی دیجیتاڵی و ئەکاونتی کەســـی، یان فەرمی بۆ زۆرێک لە دامودەزگا و ئۆرگانەکان لە ســـایتەکانی ســـۆشـــیال میدیادا هەن، ئەمەش کارئاســـانی بۆ دزیکردن و چەتەیی و پێشـــێلکردنی بەرچاوی مافەکانی ئەو ئەکاونتانە یان، دامەزراوانە کردووە.[١]

## حەوتەم: بوارەکانی سۆشیال میدیا

گرنگترین ئەو بوارانەی، کە سۆشیال میدیا تێیدا بەکاردەهێنرێت ئەمانەی لای خوارەوەن:[٢]

١. **بواری سیاسی (Political field)**: سۆشیال میدیا ئەو کەشەی بۆ بەکارهێنەرانی فەراهەمکردووە، کە وەک ســـەکۆیەک بۆ چالاکییە ســـیاســـیەکانیان بەکاریبهێنن و بیروڕاو بۆچوونەکانیان دەربڕن، بەتایبەت لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، ســـۆشـــیال میدیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، کەناڵی کاریگەرن و کاریگەریی بەرچاویش لەسەر وەرگرەکان دروست دەکەن.

٢. **بواری ئابووری (Economic field)**: بازرگانان و کۆمپانیاکان بە گرنگییەوە دەڕواننە ســـەکۆی ســـۆســـیال میدیا، بۆ ناســـاندنی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان بە شـــێوەیەکی فراوان و گەیشـــتن بە کڕیارانی زیاتر، ئەنجامدانی ڕیکلامی ئامانجدار و گونجاو بۆ بەکارهێنەران، بەدەســـتهێنانی فیدباک و زانیاریی دەربارەی خواست و پێداویستییەکانی کڕیاران.

٣. **بواری هەواڵ و زانیاریی (News and Information field)**: بەدەســـتهێنانی هەواڵ و زانیارییە نوێیەکان بە خێرایی و لە ســـەرچاوەی جۆراوجۆرەوە، بەدواداچوون بۆ ڕووداوە گرنگەکان و ئاگاداربوون لە پێشهاتەکان.

٤. **بواری فێرکاری (Tutorials field)**: چونکە زۆرێک لە قوتابیان بۆ مەبەســـتی بەدەســـتهێنانی زانیاریی و سەرچاوەی فێرکاری بە ئاسانی، هەروەها بەشداریکردن لە خول و وۆرکشۆپی ئۆنلاین و پەیوەندیکردن بە مامۆســـتایان و خوێندکارانی تر و فێربوونی زمانی نوێ و ئاشـــنابوون بە کولتووری جیاواز.

٥. **بواری جوڵەپێکردنی شـــەقام (Street movement field)**: بەکارهێنانی ســـۆشـــیال میدیا لە لایەن چالاکانەوە وەک ئامرازێکی کەمتێچوو بۆ ڕێکخســـتنی جەماوەری، چالاکییە ســـیاســـیەکان و دەستەبژێری ئایینی و چالاکانی کۆمەڵی مەدەنی، بۆ جوڵەپێکردنی شەقام لەبارەی کەیسە سیاسی و کارگێڕییەکانەوە، زیندووترین نموونەش بۆ ئەم بوارە "بەهاری عەرەبی"یە.

[١] - زكي، فاطمة مصطفى حسين "الأفكار الابداعية على مواقع التواصل الاجتماعي وحمايتها فى ظل التحول الرقمي : حقيقة ام خيال" *المجلة العلمية للملكية الفكرية وإدارة الابتكار*، جامعة حلوان، العدد الخامس، سبتمبر ٢٠٢٢، ص٤٥٦

[٢] عوبەیدوڵلا، ٢٠٢٣، ل. ٩٢-٩٤

٦. **بواری کاتبەســـەربردن و خۆشـــباری (Entertainment and Pleasure):** ســـەیرکردنی ڤیدیۆ و گوێگرتن لە میوزیـک، هەروەهـا یـاریکردن بە یـارییە ئۆنلاینەکـان و دۆزینەوەی نـاوەرۆکی سەرنجڕاکێش و بەسوود.

ئەمانە دەکرێت بەشێک بن لەو بوارانەی، کە سۆشیال میدیایان تیادا بەکاردەهێنرێت، بەڵام هەریەک لە بوارەکانی وەک (تەندروســتی، گەشــتوگوزار، کاری خێرخوازی، زانســت و تەکنەلۆجیا، یاســا، میرات و کولتور، وەرزش ...هتد) هەریەکەیان بەنۆبەی خۆیَ سود لە سۆشیال میدیا وەردەگرێت و بەکاری دەهێنێت.

## دەرئەنجامی باسی سێهەم:

ســـۆشـــیال میدیا، وەک دیاردەیەکی ســـەردەمیانەی بەرهەمی پەرەســـەندنی تەکنەلۆژیای پەیوەنـدییەکـان، بووەتە بەشـــێکی دانەبڕاو لە ژیـانی ڕۆژانەی مرۆڤ. لە ڕێگەی پێناســـە و شـیکردنەوەی وردی چەمکەکەی، دەردەکەوێت، کە سـۆشـیال میدیا تەنها کۆمەڵێک پلاتفۆرم نییە، بەڵکو ســـیســـتەمێکی فراوانە، کە پەیوەندی، کارلێککردن، ئاڵوگۆڕی زانیاریی و دروســـتکردنی کۆمەڵگەی گریمانەیی لەخۆدەگرێت.

تایبەتمەندییە ناوازەکانی ســـۆشـــیال میدیا وەک (کارلێکی، جیهانگیری، پابەند نەبوون بە کات و شـــوێن، فرەیی ژانرەکـان، ئـازادیی فراوانی دەربڕین) وایکردووە ببێتە ئـامرازێکی بەهێز بۆ پەیوەندیکردن و دەسـتڕاگەیشـتن بە زانیاریی. ئەم پلاتفۆرمانە چەندین خزمەتگوزاریی جۆراوجۆر پێشـــکەش دەکەن، لە دروســـتکردنی دۆســـیەی کەســـی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەوە تا ڕیکلام و بازرگانیی دیجیتاڵی، کە هەریەکەیان ڕۆڵێکی سەرەکی لە ژیانی تاک و کۆمەڵگەدا دەگێڕن.

هەرچەندە ســـۆشـــیال میدیا لایەنی ئەرێنی بەرچاوی هەیە وەک (ئاســـانکاریی پەیوەندیکردن، دەسـتڕاگەیشـتن بە زانیاریی، فێربوون و پشـتیوانیکردن لە پرسـە کۆمەڵایەتییەکان) بەڵام هاوکات لایەنی نەرێنی مەترسـیداریشـی هەیە، لەوانە (لاوازکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ڕاسـتەقینەکان، ئـالودەبوون، دروســـتبوونی ژیـانی گریمـانەیی، بەکـارهێنـانی لەلایەن گروپە توندڕەوەکـانەوە، توندوتیژیی ئۆنلاین و کێشەی خاوەندارێتیی فیکری).

لە کۆتاییدا، سۆشیال میدیا بووەتە کایەیەکی کاریگەر لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا، لە سیاسەت و ئابوورییەوە تا فێرکاری و کاتبەســـەربردن، تەنانەت لە بوارەکانی تەندروســـتی، گەشـــتوگوزار و زانسـتیشـدا. ئەم دۆخە پێویسـتی بە تێگەیشـتنێکی قووڵ و بەکارهێنانێکی هۆشـیارانە و بەرپرسـانە هەیە بۆ سوود وەرگرتن لە لایەنە ئەرێنییەکانی و خۆپاراستن لە زیانە نەرێنییەکانی، بەو ئامانجەی ، کە ببێتە ئامرازێک بۆ پێشـــکەوتن و باشـــترکردنی ژیانی مرۆڤایەتی، نەک ســـەرچاوەی کێشـــە و دابڕان.

# باسی چوارەم: ڕۆڵی خوێندەواریی میدیایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵەدا

## یەکەم: خوێندەواریی میدیایی و مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە

## دووەم: ڕۆڵی خوێندەواریی میدیایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە لە ژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو

## پێشەکی باسی چوارەم:

ئەم بەشەی توێژینەوەکە بە وردی تیشک دەخاتە سەر گرنگیی خوێندەواریی میدیایی و ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لە کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی زانیاریی هەڵەدا. لەسەرەتا پێناسە و چەمکی خوێندەواریی میدیایی و مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە شیکراوەتەوە و ڕوونکردنەوەی تەواو لەسەر چۆنیەتی یارمەتیدانی خوێندەواریی میدیایی لە ناسینەوەی جۆرەکانی زانیاریی هەڵە خراوەتەڕوو، هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکان، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، بەکارهێنانی بەرپرسیارانەی میدیا و بەرزکردنەوەی هۆشیاریی گشتی. ئەمەش لەسەر بنەمای بۆچوونەکانی زانایانی وەک 'جەیمس پۆتەر' و 'ماکگوایەر' قووڵتر دەکرێتەوە. دواتر باسەکە قووڵتر دەبێتەوە لە ڕۆڵی خوێندەواریی میدیایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە لە ژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوودا، کە تێیدا پشتبەستوو بە لێکۆڵینەوەکانی وەک 'محمد (٢٠٢٣)' 'بودربالة وآخرون (٢٠٢٢)' 'تەقیزادە (١٣٩١)' 'لیڤینگستۆن (٢٠١٤)' و 'فانگ (٢٠٠٥)' ڕوونی دەکاتەوە چۆن خوێندەواریی میدیایی (وەرگر) بە سروشتی زانیاریی هەڵە ئاشنا دەکات، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی پەرەپێدەدات، زیانەکانی فەزای ئەلیکترۆنی کەم دەکاتەوە، گرووپە لاوازەکان دەپارێزێت و بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە تاکەکاندا دروست دەکات. ئەم شیکردنەوەیە هەوڵدەدات تێگەیشتنێکی ئەکادیمی و زانستییانە بۆ بایەخی خوێندەواریی میدیایی لەم جیهانە پڕ زانیارییەدا پێشکەش بکات.

## یەکەم: خوێندەواریی میدیایی و مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە

خوێندەواریی میدیایی، ڕۆڵێکی زۆر گرنگ لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە دەگێڕێت، بەتایبەتی لەم سەردەمەی، کە زانیاریی بە شێوەیەکی خێرا و زۆرو زەوەند، لە ڕێگەی جۆرەها میدیاوە بڵاو دەبێتەوە، ئاماژەدرا بەوەی، کە خوێندەواریی میدیایی، بریتییە لە توانای دەستڕاگەیشتن، هەڵسەنگاندن، بەکارهێنان و دروستکردنی میدیا لە شێوە جیاوازەکانیدا. بە واتایەکی تر، ئەوە توانای وەرگرە بۆئەوەی بتوانێت زانیارییەکان هەڵبسەنگێنێت، جیاوازییبکات لەنێوان ڕاست و ناڕاستداو بە شێوەیەکی بەرپرسانە بەکاریبهێنێت. ئەم شیکارییە هاوتایە لەگەڵ بۆچوونەکانی 'جەیمس پۆتەر' کە دەڵێت: " ئەو تاکانەی کە دەتوانن زانیاریی شیبکەنەوە، هەڵیبسەنگێنن و لە پەیامە ڕوونەکانی تێبگەن ئەوا کەمتر ئەگەرییان هەیە بەرزانیاریی هەڵە بکەون"[1]

لێرەدا چەند ڕوونکردنەوەیەک دەخەینەڕوو، کە چۆن خوێندەواریی میدیایی یارمەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵەدا دەدات[2]

[1] Potter, w.j2013, *Media literacy*, 7th edition, thousand oaks, ca: Saga publication, P139-140.

[2] Teurlings, Jan, 2010, **"***media literacy is the ability to access, analyze, evaluate, create, and act using all forms of communication" Department of Communication***,** University of Massachusetts Amherst, P359

**یەکەم: ناسینەوەی جۆرەکانی زانیاریی هەڵە:**

١. خوێندەواریی میدیایی، یارمەتیی تاک دەدات بۆئەوەی بتوانێت جۆرەکانی زانیاریی هەڵە بناسێتەوە، وەک هەواڵی درۆ، دەستکاریکردنی زانیاریی، پروپاگەندە و ڕای جیاواز، دیپ فەیک...هتد.

٢. تاک (وەرگر) فێردەکات، چۆن ئەوە بناسێتەوە، کە دەستکاریی زانیارییەکە کراوە، هەروەها لەو مەبەستانە تێبگات، کە لە پشت بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانەوە هەن.

٣. ئەو توانایە دەبەخشێت، کە جیاوازیی لەنێوان سەرچاوەی باوەڕپێکراو و سەرچاوەی گوماناویدا بکات.

ئەم شیکردنەوەیە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ بۆچوونەکانی 'ماکگوایەر' کە دەڵێت:"ئەو وەرگرانەی، کە خوێندەواریی میدیاییان هەیە بە ئاسانی دەتوانن، سەرچاوە لاوازەکانی زانیاریی هەڵە بناسنەوەو لە لێکەوتە زینابەخشەکانی خۆیان بپارێزن"[١]

**دووەم: هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکان:**

یەکێک لە بنەما هەرە گرنگەکانی خوێندەواریی میدیایی، توانای هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانەیە بۆ سەرچاوەی زانیاری و ناوەڕۆکەکەی, لە سۆشیال میدیادا زانیارییەکان بە خێرایی بڵاودەبنەوە بەبێ پشتڕاستکردنەوە. خوێندەوارانی میدیایی دەتوانن پرسیارگەلێکی وەک: کێ ئەم زانیارییەی بڵاوکردووەتەوە؟ مەبەستی بڵاوکەرەوە چییە؟ ئایا بەڵگەی کافی هەیە بۆ پشتڕاستکردنەوەی؟ ئایا ئەم زانیارییە لایەنگریی تێدایە؟[٢]

**سێهەم: بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:**

١. خوێندەواریی میدیایی، وەرگر هاندەدات، کە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بیربکاتەوە دەربارەی ئەو زانیارییانەی، کە وەریدەگرێت، پرسیاربکات دەربارەی پەیامەکان و لە ڕاستییان دڵنیا ببێتەوە.

٢. چۆن لێکۆڵینەوە لە بەڵگەکان و داتاکان بکات، هەروەها جیاوازیی بکات لەنێوان بۆچوون و ڕاستیدا.

٣. ئەو توانایە دەبەخشێت، کە زانیارییەکانی میدیا شیکاربکات و تێبگات لەو کاریگەرییانەی، کە ڕەنگە هەیبێت[3].

**چوارەم: بەکارهێنانی بەرپرسیارانەی میدیا:**

---

[1] McGuire, w,j1961, the effectiveness of supportive and refutational defense in immunizing and restoring beliefs against persuasion. *Sociometry,* 24(2) P196-197.

[2] Livingstone, Sonia. "Media Literacy and the Challenge of New Information and Communication Technologies." *The Communication Review* 7, no. 1 (2004): 3-14

[3] Kahniman, D2011, *thinking fast and slow. Farrar Straus P105.*

١. خوێندەواریی میدیایی، وەرگر فێردەکات، چۆن بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە میدیا بەکاربهێنێت و لە بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە خۆپارێزی بکات.

٢. هانی وەرگر دەدات، زانیارییەکان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست بڵاوبکاتەوە و ڕێز لە مافی خەڵکی تر بگرێت بۆئەوەی زانیاریی ڕاست وەربگرن.

٣. وەرگر چۆن بە شـــێوەیەکی دروســـت و ئاکاریی، میدیا بۆ بەدەســـتهێنانی زانیاریی و پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی تردا بەکاربهێنێت.

**پێنجەم: بەرزکردنەوەی هۆشیاریی گشتی:**

١. خوێندەواریی میدیایی، یارمەتیی بەرزکردنەوەی ئاســتی هۆشــیاریی گشــتی دەدات دەربارەی مەترســـییەکـانی زانیـاریی هەڵە و هـانـدانی کۆمەڵگە بۆئەوەی چـالاکـانە بەشــــداری بکەن لە بەرەنگاربوونەوەی زانیاریی هەڵە.

٢. ئەمەش هانی خەڵک دەدات بۆئەوەی خۆیان فێر بکەن دەربارەی خوێندەواریی میدیایی و ئەو ستراتیژییانەی، کە دەتوانن بۆ پاراستنی خۆیان لە زانیاریی هەڵە بەکاریبهێنن[1].

لە کۆتاییدا خوێندەواریی میدیایی لەم سەردەمەی سۆشیال میدیادا چیتر تەنیا توانایەکی دڵخواز نییە، بەڵکو پێویســـتییەکی حەتمییە، خوێنـدەواریی میـدیـایی، ســـتراتیژییەکی گرنگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی زانیاریی هەڵە و پاراستنی کۆمەڵگە لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی. ئەگەر کۆمەڵگە خوێندەواریی میدیایی بەرزبێت، دەتوانێت بە شـــێوەیەکی ڕەخنەگرانەتر مامەڵە لەگەڵ میدیادا بکات و بڕیـاری ژیرانەتر بـدات، بۆیە گرنگە هەموو تـاکێـک هەوڵبـدات خوێنـدەواریی میـدیـایی خۆی بەرزبکاتەوە و فێری کارامەییەکانی ببێت.

## دووەم: ڕۆڵی خوێندەواریی میدیایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە لە ژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو

ئەم باسە هەوڵدەدات تیشک بخاتە سەر ڕۆڵی بنەڕەتیی خوێندەواریی میدیایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە، بە پشـتبەسـتن بە دەرئەنجامە زانسـتییەکانی توێژینەوەکانی پێشـوو کە لەم بوارەدا ئەنجامدراون.

یەکێک لە گرنگترین سـوودەکانی خوێندەواریی میدیایی بریتییە لە ئاشناکردنی وەرگر بە سروشـتی هەواڵی ســـاختە و ناوەڕۆکە ئاســـت نزمەکانی میدیا، توێژینەوەی (محمد٢٠٢٣)[2] بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەکات، کە زۆرینەی سامپڵەکەی هاوڕا بوون لەسەر ئەوەی پەروەردەی میدیایی دەبێتە هۆی

---

[1] Katz, E. Blumler, J.G & Gurevitsh, M 1973, uses and gratifications research, *Public opinion Quarterly*, 37(4) P510-511.

[2] محمد، شەنگ محمد دلێر،٢٠٢٣، لا ١٠٥

تێگەیشـــتنێکی قوڵتر لە پەیامە میدیاییەکان و زیادبوونی توانای ڕەخنەگرتن و شـــیکردنەوەی ناوەڕۆکە جۆراوجۆرەکان. ئەمە بەو مانایەیە کە کاتێک تاکەکان بە باشـــی پەروەردە دەکرێن لە بوارەکانی خوێندەواریی میدیاییدا، توانای جیاکردنەوەی زانیاریی ڕاســـت لە زانیاریی هەڵە و چەواشـــە دەبێت. ئەمەش بەشـــێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ پێدانی ئەو میکانیزم و ئامرازانەی کە یارمەتی تاک دەدەن لە هەڵســـەنگاندنی ســـەرچاوە، مەبەســـت و کوالێتی ناوەڕۆکی میدیایی. توێژینەوەی (بودربالة وآخرون٢٠٢٢)[١] بە وردی دەرئەنجامەکانی خوێندەواریی میدیایی دەخاتە ڕوو، کە ئاشـــنامان دەکات بە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و شـــیکاریی ســـەبارەت بە ناوەڕۆک و کاریگەرییەکانی میدیا. بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بنچینەیەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە سروشتی ئاڵۆزی پەیامە میدیاییەکان، بەتایبەتی لە کاتی بڵاوبوونەوەی زانیاریی هەڵەدا. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە تاک توانای ئەوەی پێدەدات کە پرســیار لە پشــت زانیارییەکان بکات، ســەرچاوەکان هەڵبســەنگێنێت، و مەبەســتە شــاراوەکانی پشــت بڵاوکردنەوەی پەیامەکان بدۆزێتەوە. ئەمەش بە شــێوەیەکی کاریگەر ڕێگری دەکات لە بڵاوبوونەوەی خێرای زانیاریی هەڵە و کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی. هەروەها، خوێندەواریی میدیایی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە کەمکردنەوەی زیانەکانی ســـەرهەڵدانی فەزای ئەلیکترۆنی و مەترســـییەکانی زانیاریی هەڵە، لێکۆڵینەوەی (تەقیزادە١٣٩١)[٢] پەیوەندییەکی پێچەوانەی لە نێوان لێهاتوویی خوێندەواریی میدیایی و زیانەکانی ســەرهەڵدانی فەزای ئەلیکترۆنیدا دۆزیوەتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە تاکە خوێندەوارەکانی میدیا کەمتر تووشـــی زیانەکانی بڵاوبوونەوەی زانیـاریی هەڵە دەبنەوە لەنـاو ژینگەی دیجیتـاڵیـدا، چونکە توانـای جیـاکردنەوەی ڕاســـتییان لە ناڕاســـتی هەیە. ئەمەش زۆر گرنگە، چونکە فەزای ئەلیکترۆنی بووەتە گۆڕەپانێکی ســەرەکی بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە بە خێراییەکی ســەرســوڕهێنەر و توانای پاراســتنی خود لەم ژینگەیەدا پێویســـتی بە ئاســـتێکی بەرزی خوێندەواریی میدیایی هەیە. ســـەرباری ئەمانە، خوێندەواریی میدیایی ڕۆڵی ئەرێنی هەیە لە پاراســـتنی گرووپە لاوازەکان، بە تایبەتی منداڵان، ئەنجامی لێکۆڵینەوەی (لیڤینگســـتۆن ٢٠١٤)[٣] دەریخســـتووە، کە زیادکردنی ئاســـتی خوێندەواریی میدیایی دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت لە پاراستنی منداڵان لە زیانەکانی ناوەڕۆکە چەواشەکار و ئاســـت نزمەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، منداڵان بە هۆی کەم ئەزموونییانەوە زیاتر ئاســـانن بۆ ئەوەی ببنە قوربانی زانیاریی هەڵە و ناوەڕۆکی نەشـــیاو، بۆیە پەروەردەکردنیان لە بوارەکانی خوێندەواریی میدیاییدا یارمەتییان دەدات توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و هەڵســـەنگاندنی زانیارییەکان پەرەپێبدەن، بەمەش دەبنە کەســـانی خاوەن بڕیار و کەمتر دەکەونە ژێر کاریگەریی ناوەڕۆکی زیانبەخش. لەکۆتاییدا، خوێندەواریی میدیایی دەبێتە هۆی دروســـتکردنی بیرکردنەوەی

---

[١] بودربالة وآخرون، ٢٠٢٢، ص.١٢٣

[٢] تقی زاده، عباس، ١٣٩١، *ارتقاد سواد رسانەای زمینە کاهش آسیب های اجتماعی نوپدید فضای مجازی*، نخستین کنگره ملی فضای مجازی وآسیب های اجتماعی نوپدید، وزارة تعاون کار و رفاه اجتماعی،تهران، ١٩ آزرماه.

[3] Livingstone, S. 2014, Developing social media literacy: How children learn to interpret risky opportunities on social network sites. *Communications*, 39 (3), P301

داهێنەرانە و ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە لە تاکەکاندا، توێژینەوەی (فانگ٢٠٠٥)[1] ئاماژەی بەوە کردووە، کە ڕاهێنانی خوێندەواریی میدیایی لە ڕێگەی دروستکردنی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی، کە تاکەکان بە کوێرانە پەیامەکانی میدیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان قبوڵنەکەن، بەڵکو وردبینانە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەن بە سەیرکردنێکی ڕەخنەگرانە. ئەمە بەو مانایەیە، کە تاکەکان تەنها وەرگر نین، بەڵکو دەبنە شیکەرەوە و هەڵسەنگێنەرێکی چالاک بۆ ناوەڕۆکە میدیاییەکان. ئەم توانایە زۆر گرنگە لەم سەردەمەدا کە زانیاریی هەڵە بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاودەبێتەوە و توانای جیاکردنەوەی ڕاستییەکان لە ناڕاستییەکان بووەتە کلیلی تێگەیشتنێکی دروست لە جیهانی دەوروبەر.

بە پشتبەستن بە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکانی پێشوو، بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە خوێندەواریی میدیایی ڕۆڵێکی محوری و یەکلاکەرەوە دەگێڕێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵەدا، لە ئاشناکردنی تاکەکان بە سروشتی زانیاریی هەڵە و هەواڵی ساختە، پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و شیکاریی، کەمکردنەوەی زیانەکانی فەزای ئەلیکترۆنی، پاراستنی گرووپە لاوازەکان، تا دەگاتە دروستکردنی ڕوانگەیەکی داهێنەرانە و ڕەخنەگرانە، خوێندەواریی میدیایی وەک کارامەییەکی سەرەکی خۆی نمایش دەکات. پەرەپێدانی ئەم کارامەییە لەناو کۆمەڵگادا، بەتایبەتی لە قۆناغەکانی خوێندندا، دەبێتە بنەمایەک بۆ دروستکردنی هاووڵاتییەکی ئاگادار، بەرپرسیار، و خاوەن بڕیار لە جیهانێکی پڕ لە زانیاریدا.

## دەرئەنجامی باسی چوارەم:

خوێندەواریی میدیایی، وەک توانایەکی سەرەکی لەم سەردەمەی زانیارییەدا، ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەی زانیاریی هەڵە. وەک لەم باسەدا خرایەڕوو، ئەم توانایە تەنها بریتینییە لە دەستڕاگەیشتن بە میدیا، بەڵکو قووڵتر دەبێتەوە لە توانای هەڵسەنگاندن، شیکردنەوە و بەکارهێنانی بەرپرسیارانەی ناوەڕۆکی میدیایی. لە ڕێگەی خوێندەواریی میدیاییەوە، تاکەکان دەتوانن جۆرە جیاوازەکانی زانیاریی هەڵە بناسنەوە، سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان لە گومانلاوییەکان جیا بکەنەوە، بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە پەرەپێبدەن بۆ لێکۆڵینەوە لە بەڵگە و داتا و هۆشیارییەکی گشتی سەبارەت بە مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی زانیاریی هەڵە.

دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکانی پێشوو، بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە، ئەم ڕۆڵە محورییەی خوێندەواریی میدیایی پشتڕاست دەکەنەوە. توێژینەوەکان دەریانخستووە کە خوێندەواریی میدیایی وەرگرەکان ئاشنا دەکات بە سروشتی زانیاریی هەڵە، توانای شیکاری و ڕەخنەگرتنیان زیاد دەکات، زیانەکانی سەرهەڵدانی فەزای ئەلیکترۆنی کەم دەکاتەوە و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە

[1] Phang, A. 2005, Add a dose of media literacy in the media diplomas curriculum and syllabus. Retrieved July 13, 2025, website:www.esd.sp.edu.sg/eetc/eetc07/docs/JTP/ Medialiteracy_annaphang.pdf.

پاراســـتنی گرووپە لاوازەکان وەک منداڵان لە ناوەڕۆکی چەواشـــەکار. هەروەها، هاندەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەیە، کە وەرگرەکان تەنها پەیامە میدیاییەکان قبوڵ نەکەن، بەڵکو بە وردبینییەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەن.

بە پشـــتبەســـتن بەم دەرئەنجامانە، دەردەکەوێت کە خوێندەواریی میدیایی چیتر تەنها توانایەکی لاوەکی نییە، بەڵکو بووەتە پێویستییەکی حەتمی بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی بەهێز و هۆشیار لەم سەردەمە دیجیتاڵییەدا. پەرەپێدانی ئەم کارامەییە، بەتایبەتی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندندا، زامنی ئەوە دەکات کە هاووڵاتییان بتوانن بە شـــێوەیەکی ئاگادارانە و بەرپرســـانە لەگەڵ میدیادا مامەڵە بکەن و بڕیاری ژیرانەتر بدەن. لە کۆتاییدا، وەبەرهێنان لە خوێندەواریی میدیاییدا وەبەرهێنانە لە داهاتوویەکی ڕوونتر و پارێزراوتر بۆ تاک و کۆمەڵگە بە گشتی.

# بەشی سێهەم: کردەنینامەی توێژینەوەکە (پڕاکتیکنامە)

## خستنە ڕوو و شیکاریی ئەنجامەکانی لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە

## بەشی سێهەم: کردەنینامەی توێژینەوەکە

## خستنە ڕوو و شیکاریی ئەنجامەکانی لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە

توێژەر لەم بەشەدا کاری مەیدانی دەخاتەڕوو، بە خستنەڕووی داتاو زانیارییەکان لە شێوەی خشـــتەدا، توێژەر شـــیکاری بۆ داتاو ژمارەکان کردووە و دواتر دەرئەنجام و ڕاســـپاردەو پێشنیازەکانی خستووەتەڕوو.

## تەوەری یەکەم: زانیاریی لەسەر تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:

بە گشـــتی توێژەر، (438) فۆرمی بەســـەر نموونەکەیدا دابەشـــکردووە، لە هەر چوار زانکۆی (صـلاح الدین_هەولێر، دهۆک، سـلێمانی و هەڵەبجە)، بە مەبەسـتی دروسـتی جێبەجێکردن، لە کۆی فۆرمە دابەشـــکراوەکان (53) فۆرم دوورخراونەتەوە، بەهۆی هەڵە و کەموکوڕییەوە، (385) فۆرم سوودیان لێوەرگیراوە، کەواتە سامپڵی توێژینەوەکە لە (385) خوێندکار پێکدێت.

ڕەگەزی نێر بە پلەی یەکەم بە ڕێژەی (50.90%)، و ڕەگەزی (مێ) بە ڕێژەی (49.1٪) دێت، ئەوەی دەبینرێت دابەشبوونی بەشداربووان لە ڕووی ڕەگەزەوە لە یەکتری نزیکە، وەکو لە خشتەی ژمارە (4) خراوەتەڕوو

| ڕەگەز | دووبارە بوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| نێر | 196 | 50.9 | 1 |
| مێ | 189 | 49.1 | 2 |
| **کۆی گشتی** | 385 | 100 | |

خشتەی(4) خستنەڕووی ڕەگەزیی سامپڵی توێژینەوەکە.

پسپۆڕیی خوێندنی سامپڵی توێژینەوەکە بەم شێوەیە: پلەی یەکەم پسپۆڕییە (مرۆڤایەتییەکان)دێت بە ڕێژەی (53٪)، پلەی دووەم پسپۆڕیی (زانستی)دێت بە ڕێژەی (47٪) وەکو لە خشتەی ژمارە(5) خراوەتەڕوو.

| پسپۆڕیی خوێندن | دووبارە بوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| زانستی | 181 | 47.0 | 2 |
| مرۆڤایەتی | 204 | 53.0 | 1 |
| **کۆی گشتی** | 385 | 100 | |

خشتەی(5) خستنەڕووی پسپۆڕی خوێندنیی سامپڵی توێژینەوەکە.

دابەشـــبوونی ســـامپڵی توێژینەوەکە بەپێی زانکۆ بەم شـــێوەیە: لە پلەی یەکەم زانکۆی (صـــلاح الـدین_هەولێر) دێـت، بە ڕێژەی (35.84٪)، خوێنـدکـارانی زانکۆی (هەڵەبجە)ش پلەی چوارەمیـان گرتووە بە ڕێژەی (4.42٪). ئەم جیـاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە توێژەر ســـــامپڵی توێژینەوەکەی بەشێوەی ڕێژە و گونجاندن (نسبة وتناسب) وەرگرتووە. بڕوانە خشتەی ژمارە (6)

| زانکۆ | دووبارە بوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| صلاح الدین | 138 | 35.8 | 1 |
| دهۆک | 119 | 30.9 | 2 |
| سلێمانی | 111 | 28.8 | 3 |
| هەڵەبجە | 17 | 4.4 | 4 |
| **کۆی گشتی** | 385 | 100 | |

خشتەی (6) خستنەڕووی سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی زانکۆ

## تەوەریی دووەم: زانینی ئاستی بەرکەوتن سامپڵی توێژینەوەکە بە سۆشیاڵ میدیا و جۆر و مەبەستی بەکارهێنانی.

ئەم تەوەرە لە (4) پرسیار پێکدێت بەمە بەستی زانینی ئاستی بەرکەوتنی مشتی توێژینەوەکە بە سۆشیاڵ میدیا، توێژەر هەستاوە بە بەکارهێنانی ئاماریی وەصفی (DESCRIPTIVE STASTIC) بە مەبەستی خستنەڕووی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە بۆ هەر پرسیارێک، وەکو لە خشتەی ژمارە (6)دا ڕوونکراوەتەوە، سەبارەت بە خستنەڕووی ئەنجامی شیکاریی بۆ بەرکەوتنی سامپڵی توێژینەوە بە سۆشیال میدیا دەرکەوت، بەرکەوتن بە سۆشیال میدیا بەپێی کاتژمێر بە پلەی یەکەم بۆ بژاردەی (1-3) کاتژمێرە، بە ڕێژەی (48.57٪)، بە پلەی دووەمیش بۆ (4-6) کاتژمێرە بە ڕێژەی (42.33٪)، بە پلەی سێیەمیش بۆ (7 کاتژمێر و زیاتر) دێت، بە ڕێژەی (9.10٪)، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بە ڕێژەی مامناوەند سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن، هەرچەندە بژاردەی (4-6) کاتژمێر بەرزە و جیاوازییەکی کەمی لەگەڵ بژاردەی (1-3) کاتژمێر هەیە، کە ئەم ڕێژەیە لە بەکارهێنان بۆ خوێندکاران زۆرە، چونکە ئەوان ئەرکی خوێندنیان هەیە، ئەم دەرئەنجامەش بە پێچەوانەی سامپڵی توێژینەوەکەی (محمد2023)ە، کە زۆرینەیان ڕۆژانە زیاتر لە (4) کاتژمێر بەکاریدەهێنن و گەیشتوونەتە ئاستی ئالودەبوون.

سەبارەت بە خستنەڕووی ئەنجامی شیکاریی بۆ بەرکەوتنی سامپڵی توێژینەوە بە سۆشیال میدیا بۆ بژاردەی جۆری سۆشیال میدیا دەرکەوت، بە پلەی یەکەم بۆ تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانە بە ڕێژەی (53.2٪)، لە پلەی دووەمدا ئەپڵیکەیشنە نوێیەکان بەکار دەهێنن بە ڕێژەی (25.8٪)، لە پلەی سێیەمیشدا، خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیکردن دێن بە ڕێژەی (21٪)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە خوێندکاران لەنێو جۆرەکانی سۆشیال میدیادا زۆرینەیان تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکار دەهێنن بە هەموو جۆرەکانییەوە. ئەم ئەنجامەش هاوتایە لەگەڵ توێژینەوەکەی (محمد2023) و (حسن2015)دا.

سەبارەت بە خستنەڕووی ئەنجامی شیکاریی بۆ بەرکەوتنی سامپڵی توێژینەوە بە سۆشیال میدیا بۆ بژاردەی مەبەستی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا دەرکەوت، بە پلەی یەکەم بەرتوێژان سۆشیال میدیا بۆ مەبەستی هەواڵ و زانیاریی بەکاریدەهێنن، بە ڕێژەی (45.98٪)، لە پلەی دووەمدا خوێندن و فێربوونە بە ڕێژەی (17.66٪)، پلەی سێیەم بە مەبستی بەدواداچوونی ڕووداوەکان بە ڕێژەی (10.38٪)، لە پلەی چوارەمدا پەیوەندی کۆمەڵایەتی دێت، بە ڕێژەی (7.80٪)، ئەمە لەکاتێکدا

له بنەڕەتدا سۆشیال میدیا بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی خولقاوە، پلەی نۆیەم و و کۆتا پلە سەیرکردنی فیلم و درامایە،بە ڕێژەی (1.81٪). کەواتە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە سۆشیال میدیا بۆ مەبەستی هەواڵ و زانیاریی بەکاردەهێنن، کە ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندی سۆشیال میدیا لە خێرایی دەستڕاگەیشتن و ئاسانیی بەکارهێنانی، کاتێک خەڵک سۆشیال میدیا وەک سەرچاوەی هەواڵ بەکاربهێنن، زیاتر دەکەونە بەر مەترسیی هەواڵی ساختە و زانیاریی چەواشە.

سەبارەت بە پرسیاری چوارەم: کام لەم جۆرانەی سۆشیال میدیا زانیاریی هەڵە بڵاودەکەنەوە؟ بە سەیرکردنی ئەنجامەکانی پرسیاری چوارەم دەردەکەوێت، بە پلەی یەکەم سامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان زانیاریی هەڵە بڵاو دەکەنەوە، بە ڕێژەی (51.95٪)، بەشداربووان خۆیان ئاگاداری مەترسییەکەن، زیاتر لە نیوەیان پێیانوایە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان سەرچاوەی سەرەکیی بڵاوبوونەوەی زانیاریی هەڵەن، ئەمە لەگەڵ ئەنجامی پێشوودا یەکدەگرێتەوە، خەڵک ئەو پلاتفۆرمانە بە سەرچاوەی هەواڵ دادەنێن، لە هەمانکاتدا بە سەرچاوەی زانیاریی هەڵەشیان دەزانن. ئەمە بار و دۆخێک (پارادۆکس) دروستدەکات و گرنگیی خوێندەواریی میدیایی زیاتر دەردەخات. دواتریش ئەپڵیکەیشنە نوێیەکان دێت بە ڕێژەی (29.10٪). لە پلەی سێهەمیشدا خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیکردن دێت بە ڕێژەی (18.95٪)، لە پلەی چوارەمیشدا هیچکامیان دێت بەبێ چەندبارەبوونەوە واتا نمرەی (0)، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە هەموو جۆرەکانی سۆشیال میدیا زانیاریی هەڵە بڵاو دەکەنەوە، کەواتە هەرکامێکیان بەکاربهێنرێت، تاک (وەرگر) ڕووبەڕووی زانیاریی هەڵە دەبێتەوە، ئەمەش پێویستی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواریی میدیایی لێدەکەوێتەوە. ئەم ئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەی (بودربالة وآخرون2022) هاوتایە. بڕوانە خشتەی ژمارە (7).

| بڕگە | بەرکەوتن بەپێی ماوە | چەند بارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| **بەرکەوتن بەپێی ماوە** | 3-1 | 187 | %48.57 | یەکەم |
| | 6-4 | 163 | %42.33 | دووەم |
| | 7 کاتژمێر و زیاتر | 35 | %9.10 | سێیەم |
| **جۆری بەکارهاتووی سۆشیال میدیا** | تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان | 205 | %53.2 | یەکەم |
| | ئەپڵیکەیشنە نوێیەکان | 99 | %25.8 | دووەم |
| | خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیکردن | 81 | %21 | سێیەم |
| | هیچکامیان | 0 | %0 | چوارەم |
| **مەبەستی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا** | هەواڵ و زانیاریی | 177 | %45.98 | یەکەم |
| | خوێندن و فێربوون | 68 | %17.66 | دووەم |
| | بەدواداچوونی ڕووداوەکان | 40 | %10.38 | سێیەم |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | پەیوەندیی کۆمەڵایەتی | 30 | %7.80 | چوارەم |
| | وەرزش | 27 | %7.01 | پێنجەم |
| | کاتبەسەربردن | 15 | %3.89 | شەشەم |
| | بازرگانی و فرۆشتن | 12 | %3.12 | حەوتەم |
| | فێربوونی زمان | 9 | %2.35 | هەشتەم |
| | سەیرکردنی فیلم و دراما | 7 | %1.81 | نۆیەم |
| **کام لەم جۆرانەی سۆشیال میدیا زانیاریی هەڵە بڵاودەکەنەوە** | تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان | 200 | %51.95 | یەکەم |
| | ئەپڵیکەیشنە نوێیەکان | 112 | %29.10 | دووەم |
| | خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیکردن | 73 | %18.95 | سێیەم |
| | هیچکامیان | 0 | %00 | |
| **کۆی گشتی** | | 385 | %100 | |

خشتەی (7) خستنەڕووی ئاستی بەرکەوتنی مشتی توێژینەوەکە بە سۆشیاڵ میدیا و جۆر و مەبەستی بەکارهێنانی.

## تەوەریی سـێهەم: زانینی ئاسـتی متمانەی سـامپڵی توێژینەوەکە بە زانیارییەکانی نێو سۆشیال میدیا:

ئەم تەوەرەیە لە (4) پرسیار پێکدێت، پرسیاری یەکەم تایبەتە بە متمانەی سامپڵی توێژینەوەکە بە زانیارییەکانی نێو سـۆشـیال میدیا، لە ئەنجامدا دەرکەوت، ناوەندی ژمێرەیی (1.99) بە لادانی پێوەری (0.72) گرنگی ڕێژەیی (66.33%)، ئەم ئەنجامە پێمان دەڵێت، کە سـامپڵی توێژینەوەکە بە شـێوەیەکی ئاماریی بەڵگەدار متمانەیان بە زانیارییەکانی نێو سـۆشـیال میدیا نە لە ئاسـتێکی بەرزدایە، نە لە ئاسـتێکی زۆر نزمیشـدایە، بەڵکو زیاتر لە خاڵی بێلایەنی پێوەرەکە نزیکن واتا (هەندێکجار). ئەمەش مانای ئەوەیە، کە خوێندکاران لەوانەیە هێشتا نەیانتوانیبێت بە تەواوی متمانە بە زانیارییەکانی نێو سـۆشـیال میدیا بکەن یان بە تەواوی ڕەتی بکەنەوە، ئەم بێلایەنیە ئامارییە دەتوانرێت بە نیشانەیەک دابنرێت بۆ نەبوونی توانای پێویست لە هەڵسەنگاندنی وردی زانیارییەکان یـان ئەوەی، کە تێکەڵییەک لە زانیـاریی ڕاسـت و هەڵە دەبینن، کە وا دەکـات بێلایەن بن لە متمانەکردندا، ئەم دەرئەنجامە پێویسـتیی گەشـەپێدانی تواناکانی خوێندەواریی میدیایی زیاتر دەردەخات، بەتایبەت لە بواری هەڵسـەنگاندنی سـەرچاوە و زانیارییەکان، بۆ ئەوەی وەرگر بە شـێوەیەکی چالاکانەتر بڕیار لەسـەر ئاستی متمانەی خۆی بە زانیارییە میدیاییەکان بدات. وەکو لە خشتەی ژمارە (8) دا خراوەتەڕوو.

| بڕگە | دووبارە بوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| هەرگیز | 102 | 26.49 | 2 |
| هەندێکجار | 185 | 48.05 | 1 |
| زۆرجار | 98 | 25.46 | 3 |
| **کۆی گشتی** | 385 | 100 | |
| **ناوەندە ژمارەیی Mean** | 1.99 | **گرنگی ڕێژەیی (RI)** | 66.33% |
| **لادانی پێوانەی S.D** | 0.72 | **ئەنجام (Result)** | هەندێکجار |
| ئەنجام بە گوێرەیی پێوەری لیکارتی (3) : ( 1.0 - 1.66 : هەرگیز ) , ( 1.67 – 2.22 : هەندێکجار ), ( 2.34 - 3.00 : زۆرجار) | | | |

خشتەی (8) خستنەڕووی ئاستی متمانەی مشتی توێژینەوەکە بە هەواڵ و زانیاریی سۆشیاڵ میدیا

## تەوەریی چوارەم: زانینی ئاستی ئاشنابوونی سامپڵی توێژینەوەکە بە خوێندەواریی میدیایی:

پێش شیکارکردنی ئاستی خوێندەواریی میدیایی، لە ئاشنابوونی بەشداربووان بە خودی چەمکەکە کۆڵرایەوە، دەرەنجامەکان نیشانیاندا، کە سامپڵی توێژینەوەکە نزیکە لەوەی بە یەکسانی دابەشببن، بە جۆرێک، کە بە ڕێژەی (53.6٪)ی سامپڵی توێژینەوەکە ئاماژەیان بەوەدا، کە ئاشنایەتییان لەگەڵ چەمکی (خوێندەواریی میدیایی)دا هەیە، لە بەرانبەردا (179) کەس لە سامڵی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (46.4٪) ئاشنایەتییان نەبوو.

لێکۆڵینەوەی قووڵتر لە هۆکارەکان، دیدگایەکی گرنگی خستەڕوو، لەنێو ئەو کەسانەی، کە ئاشنا نەبوون، هۆکاری سەرەکی بریتیبوو لە نەبیستنی چەمکەکە لە هیچ کەسێکەوە بە ڕێژەی (56.82٪)، کە ئاماژەیە بۆ کەمیی هۆشیاریی گشتی و نەبوونی ناساندنی پێویست بۆ ئەم بابەتە گرنگە، لەلایەکی دیکەوە ئەو بەشداربووانەی، کە ئاشنا بوون، زۆرینەی ڕەها بە ڕێژەی (58.25٪) لە ڕێگەی بەدواداچوون و هەوڵی تاکەکەسییەوە ئاشنایەتییان پەیدا کردووە، لە کاتێکدا تەنها (17٪) لە ڕێگەی خوێندنی فەرمییەوە ئاشنا بووە. ئەمەش دەریدەخات، کە هەرچەندە خوێندکاران هەست بە گرنگیی بابەتەکە دەکەن، بەڵام سیستەمی پەروەردە و زانکۆکان هێشتا بە شێوەیەکی کاریگەر ئەم بابەتەیان نەخستووەتە ناو پرۆگرامەکانییەوە. وەکو لە خشتەی ژمارە (9)دا خراوەتەڕوو.

| بڕگە | دووبارە بوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 206 | 53.5 | 1 |
| نەخێر | 179 | 46.5 | 2 |
| **کۆی گشتی** | 385 | 100 | |
| ئەگەر وەڵامەکەت نەخێرە : بۆچی؟ | | | |
| نەمخوێندووە | 32 | 17.88 | 3 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| هیچ خولێکم نەبینیوە | 45 | 25.14 | 2 |
| لە کەس ئەو بابەتەم نەبیستووە | 102 | 56.98 | 1 |
| **کۆی گشتی** | 179 | 100 | |
| ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێ یە : چۆن پێی ئاشنا بوویت | | | |
| بەدواداچوونی خۆم | 120 | 58.25 | 1 |
| خولم بینیوە | 51 | 24.76 | 2 |
| خوێندوومە | 35 | 16.99 | 3 |
| **کۆی گشتی** | 206 | 100 | |

خشتەی (9) خستنەڕووی ئاستی خوێندەواریی میدیایی سامپڵی توێژینەوەکە

## تەوەریی پێنجەم: وەڵامی ســــامپڵی توێژینەوەکە بۆ بڕگەکانی پێوەریی خوێندەواریی میدیایی:

بەهای بڕگەکان بۆ پرسیارەکان، کە بەشێوەی (X) خراونەتە ڕوو، بڕوانە پاشکۆی ژمارە(3)، بەم شـــێوەیە ( تەواو هـاوڕام ) نمرەی 5 وەردەگرێـت، ( هـاوڕام ) نمرەی 4 ، (بێلایەنم) نمرەی 3، (هاوڕانیم) نمرەی 2 و (تەواو هاوڕانیم ) نمرەی 1 بۆ بڕگەی ئەرێنی و بە پێچەوانەشــەوە بۆ بڕگە نەرێنییەکان. ئەم پێوەرە ڕەزامەندییەکانی بەشداربووانی دەربڕی بەگوێرەی بەهای پێوەری لیکارتی (5)ی ئەنجام بەم شـــێوەیە دەردەچێت، ناوەندی ژمێرەیی (1.00 – 1.79) تەواو هاوڕانیم، ناوەندیی ژمێرەیی (1.80 – 2.59) هاوڕانیم، ناوەندیی ژمێرەیی (2.60 – 3.39) بێلایەنم، ناوەندی ژمێرەیی(3.40 – 4.19) هاوڕام، لە کۆتاییدا ناوەندیی ژمێرەیی (4.20 – 5.00) تەواو هاوڕام.

بەشێوەیەکی گشتی ڕێژەی وەڵامدانەوەی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ بژاردەی (تەواو هاوڕانیم) دەکاتە (10.26%)، ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ بژاردەی (هاوڕانیم) دەکاتە (12.42%)، هەروەها ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ بژاردەی (بێلایەنم) دەکاتە (15.45%)، لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ بژاردەی (هاوڕام) دەکاتە (29.44%)، ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ بژاردەی (تەواو هاوڕام) دەکاتە (32.42%). بەشێوەیەکی گشتی ناوەندی ژمێرەیی بریتیە لە (3.61)، کە بەگوێری (مقایسی لیکارت الخماسی) ئەنجامی گشتی بۆ پێوەرکەئەم لەلایەن بەرتوێژانەوە دەکاتە (هاوڕام)، هەروەها گرنگی ڕێژەیی پێوەرەکەش (Relative Important) دەکاتە (72.27%) لادانی پێوانەی دەکاتە (1.19).

ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە خوێندەواریی میدیایی ڕۆڵێکی ئەرێنی و گرنگ دەبینێت لە پەرەپێدانی کارامەییەکانی خوێندکاران لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکانی سۆشیال میدیادا، بە تایبەت لە ڕووی پشتڕاستکردنەوە و شیکارکردنەوە. ڕەنگە پێویست بێت پێداچوونەوە بە شێوازی فێرکردنی شرۆڤەکردن و پشکنینی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی سۆشیال میدیادا بکرێت بۆ ئەوەی خوێندکاران بە شێوەیەکی هەمەلایەنەتر بتوانن مامەڵە لەگەڵ زانیاریی هەڵەدا بکەن. ئەم دەرئەنجامانە دەتوانن وەک بنەمایەک خزمەت بکەن بۆ پێشنیارکردنی سیاسەت و پڕۆگرامەکانی داهاتوو لە بواری خوێندەواریی میدیاییدا. وەکوو لە خشتەی ژمارە (10) خراوەتە ڕوو.

| ئەنجام | گرنگی ڕێژەیی | لادانی پێوانەی | ناوەندە ژمارەیی | تەواو هاوڕام | هاوڕام | بێلایەنم | هاوڕانیم | تەواو هاوڕانیم | برگەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ژ | ژ | ژ | ژ | ژ | |
| Results | RI | S.D | Mean | % | % | % | % | % | |
| بێلایەنم | 63.20 | 1.241 | 3.16 | 47 | 140 | 75 | 73 | 50 | $X_1$ |
| | | | | 12.21 | 36.36 | 19.48 | 18.96 | 12.99 | |
| بێلایەنم | 61.80 | 1.087 | 3.09 | 3 | 187 | 87 | 58 | 50 | $X_2$ |
| | | | | 0.78 | 48.57 | 22.60 | 15.06 | 12.99 | |
| هاوڕام | 71.00 | 1.288 | 3.55 | 98 | 147 | 53 | 44 | 43 | $X_3$ |
| | | | | 25.45 | 38.18 | 13.77 | 11.43 | 11.17 | |
| هاوڕام | 69.80 | 1.061 | 3.49 | 36 | 216 | 65 | 36 | 32 | $X_4$ |
| | | | | 9.35 | 56.10 | 16.88 | 9.35 | 8.31 | |
| هاوڕانیم | 48.00 | 0.791 | 2.4 | 3 | 0 | 209 | 108 | 65 | $X_5$ |
| | | | | 0.78 | 0.00 | 54.29 | 28.05 | 16.88 | |
| هاوڕام | 68.40 | 1.556 | 3.42 | 153 | 51 | 56 | 55 | 70 | $X_6$ |
| | | | | 39.74 | 13.25 | 14.55 | 14.29 | 18.18 | |
| هاوڕام | 68.40 | 1.556 | 3.42 | 153 | 51 | 56 | 55 | 70 | $X_7$ |
| | | | | 39.74 | 13.25 | 14.55 | 14.29 | 18.18 | |
| هاوڕام | 83.40 | 1.137 | 4.17 | 202 | 113 | 23 | 28 | 19 | $X_8$ |
| | | | | 52.47 | 29.35 | 5.97 | 7.27 | 4.94 | |
| هاوڕام | 83.00 | 1.15 | 4.15 | 200 | 113 | 22 | 31 | 19 | $X_9$ |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | 51.95 | 29.35 | 5.71 | 8.05 | 4.94 | |
| هاوڕام | 83.20 | 1.143 | 4.16 | 199 | 116 | 21 | 30 | 19 | $X_{10}$ |
| | | | | 51.69 | 30.13 | 5.45 | 7.79 | 4.94 | |
| هاوڕام | 83.40 | 1.137 | 4.17 | 202 | 113 | 23 | 28 | 19 | $X_{11}$ |
| | | | | 52.47 | 29.35 | 5.97 | 7.27 | 4.94 | |
| هاوڕام | 83.60 | 1.127 | 4.18 | 202 | 113 | 24 | 28 | 18 | $X_{12}$ |
| | | | | 52.47 | 29.35 | 6.23 | 7.27 | 4.68 | |
| هاوڕام | 72.27 | 1.190 | 3.61 | 1498 | 1360 | 714 | 574 | 474 | کۆی گشتی |
| | | | | 32.42 | 29.44 | 15.45 | 12.42 | 10.26 | |

خشتەی (10) خستەنەڕووی وەڵامی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ بڕگەکانی پێوەریی خوێندەواریی میدیایی

## تەوەریی پێنجەم: وەڵامی ســـامپڵی توێژینەوەکە بۆ بڕگەکانی پێوەریی زانیاریی هەڵەی نێو سۆشیال میدیا:

ئەنجامەکان دەریدەخەن، بەشێوەیەکی گشتی ڕێژەی وەڵامدانەوەی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ بژاردەی (تەواو هاوڕانیم) دەکاتە (14.48%) ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ بژاردەی (هاوڕانیم) دەکاتە (12.14%) هەروەها ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ بژاردەی (بێلایەنم) دەکاتە (13.53%) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی ســـامپڵی توێژینەوەکە بۆ بژاردەی (هـاوڕام) دەکـاتە (20.74%) بە پلەی یەکەمیش ڕێژەی وەڵامـدانەوەی بۆ بژاردەی (تەواو هاوڕام) دەکاتە (39.11%) لە کاتێکدا بەشـــێوەیەکی گشـــتی ناوەندی ژمارەی بریتیە لە (3.58) ، کە ئەمەش بەگوێری پێوەری پێنجی لیکەرت (مقايســی ليكارت الخماســی) ئەنجامی ئەم پێوەرە لە لایەن بەرتوێژانەوە دەکـاتە (هـاوڕام) هەروەهـا گرنگی ڕێژەیەکەشـــی بریتییە لە (Relative Important) (71.57%) لادانی پێوانەی دەکاتە (1.380).

ئەم دەرئەنجامانە لەســـەر بنەمای وەڵامی زۆرینەی ســـامپڵی توێژینەوەکە دامەزراون، کە بە شـــێوەیەکی یەکگرتوو بۆچوونی ئەرێنییان دەربڕیوە سـەبارەت بە کاریگەریی خوێندەواریی میدیایی لەسـەر تواناکانیان بۆ هەڵسـەنگاندن و بەرەنگاربوونەوەی زانیاریی هەڵە. بەڵام، وەک توێژینەوە زانســـتییەکانی پێشـــووش سەلماندوویانە، هێشتا ئاستی هۆشیاری و کارامەییەکانی ڕەخنەگرانە پێویستی بە پەرەپێدانی زیاتر هەیە، بە تـایبەت لە ڕووبەڕووبوونەوەی کـاریگەریی ئەو زانیـارییـانەی، کە لەگەڵ بۆچوونەکـانی وەرگردا یەک دەگرنەوە، یـان تێگەیشـــتنی قووڵتر لە میکـانیزمەکـانی بڵاوکردنەوەی زانیـاریی هەڵە لە پلاتفۆرمە جۆراوجۆرەکانی سۆشیال میدیادا. بڕوانە خشتەی ژمارە (11)

| ئەنجام | گرنگی ڕێژەیی | لادانی پێوانەی | ناوەندە ژمارەیی | تەواو هاوڕام | هاوڕام | بێلایەنم | هاوڕانیم | تەواو هاوڕانیم | بڕگەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ژ | ژ | ژ | ژ | ژ | |
| **Results** | **RI** | **S.D** | **Mean** | % | % | % | % | % | |
| هاوڕام | 83.00 | 1.135 | 4.15 | 194 | 121 | 22 | 29 | 19 | $Y_1$ |
| | | | | 50.39 | 31.43 | 5.71 | 7.53 | 4.94 | |
| هاوڕام | 83.60 | 1.13 | 4.18 | 204 | 113 | 21 | 29 | 18 | $Y_2$ |
| | | | | 52.99 | 29.35 | 5.45 | 7.53 | 4.68 | |
| بێلایەنم | 62.80 | 1.172 | 3.14 | 0 | 221 | 69 | 22 | 73 | $Y_3$ |
| | | | | 0.00 | 57.40 | 17.92 | 5.71 | 18.96 | |
| هاوڕام | 75.20 | 1.592 | 3.76 | 207 | 55 | 18 | 35 | 70 | $Y_4$ |
| | | | | 53.77 | 14.29 | 4.68 | 9.09 | 18.18 | |
| هاوڕام | 68.40 | 1.556 | 3.42 | 153 | 51 | 56 | 55 | 70 | $Y_5$ |
| | | | | 39.74 | 13.25 | 14.55 | 14.29 | 18.18 | |
| هاوڕام | 83.60 | 1.127 | 4.18 | 202 | 113 | 24 | 28 | 18 | $Y_6$ |
| | | | | 52.47 | 29.35 | 6.23 | 7.27 | 4.68 | |
| هاوڕام | 68.40 | 1.549 | 3.42 | 151 | 53 | 56 | 56 | 69 | $Y_7$ |
| | | | | 39.22 | 13.77 | 14.55 | 14.55 | 17.92 | |
| هاوڕام | 68.40 | 1.556 | 3.42 | 153 | 51 | 56 | 55 | 70 | $Y_8$ |
| | | | | 39.74 | 13.25 | 14.55 | 14.29 | 18.18 | |
| هاوڕام | 75.20 | 1.592 | 3.76 | 207 | 55 | 18 | 35 | 70 | $Q_9$ |
| | | | | 53.77 | 14.29 | 4.68 | 9.09 | 18.18 | |
| هاوڕام | 68.40 | 1.549 | 3.42 | 151 | 53 | 56 | 56 | 69 | $Y_{10}$ |
| | | | | 39.22 | 13.77 | 14.55 | 14.55 | 17.92 | |
| هاوڕام | 68.80 | 1.537 | 3.44 | 151 | 55 | 56 | 57 | 66 | $Y_{11}$ |
| | | | | 39.22 | 14.29 | 14.55 | 14.81 | 17.14 | |
| بێلایەنم | 53.00 | 1.069 | 2.65 | 34 | 17 | 173 | 104 | 57 | $Y_{12}$ |
| | | | | 8.83 | 4.42 | 44.94 | 27.01 | 14.81 | |
| هاوڕام | 71.57 | 1.380 | 3.58 | 1807 | 958 | 625 | 561 | 669 | کۆی گشتی |
| | | | | 39.11 | 20.74 | 13.53 | 12.14 | 14.48 | |

خشتەی (11) خستەنەڕووی وەڵامی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ بڕگەکانی پێوەریی زانیاریی هەڵەی نێو سۆشیال میدیا

## تەوەرەی پێنجەم: پەیوەندیی و ڕۆڵی خوێندەواریی میدیایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە لە نێو سۆشیال میدیای هەرێمی کوردستاندا:

### گریمانەی یەکەم: پەیوەندیی نێوان خوێندەواریی میدیایی و زانیاریی هەڵەی نێو سۆشیال میدیا:

خشتەی (12) پەیوەندی نێوان خوێندەواریی میدیایی و زانیاریی هەڵەی نێو سۆشیال میدیا ڕوونیدەکاتەوە بە بەکارهێنانی هاوکێشەی سپیرمان ڕانک کۆرێلەیشن (Sperman rank correlation) دەردەکەوێت، کە پەیوەندیەکی ئاماریی بەڵگەدار هەیە لە نێوان (خوێندەواریی میدیایی و زانیاریی هەڵەی نێو سۆشیال میدیا)، کە بەهاکەی دەکات (0.745)، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت پەیوەندیەکی ئاماری ڕاستەوانەی بەهێز هەیە لە نێوان (خوێندەواریی میدیایی و زانیاریی هەڵەی نێو سۆشیال میدیا) هەروەها پەیوەندیەکە بەڵگەدارە لەبەر ئەوەی (ئاستی بەڵگەداری P-value– ) بچوکترە لە بەهای (0.05)، کەواتە قبولی گریمانەی ($H_1$) دەکەین و ڕەفزی گریمانەی ($H_0$) دەکەین.

ئەم ئەنجامە پشتڕاستی دەکاتەوە، کە خوێندەواری میدیایی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەیە لە بەهێزکردنی توانای تاک (وەرگر) بۆ ناسینەوە و مامەڵەکردن بە شێوەیەکی دروست لەگەڵ زانیارییە هەڵەکاندا. ئەمە یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی خوێندەواری میدیایی، فێرکردنی تاک بۆ ئەوەی ببنە بەکارهێنەری ڕەخنەگر و کارا بۆ ناوەڕۆکی میدیایی، بەتایبەتی زانیارییەکانی نێو سۆشیال میدیا.

بەرزبوونی ئاستی خوێندەواری میدیایی نیشانەیە بۆ ئەوەی، کە تاکەکان باشتر ئامادەن بۆ جیاکردنەوەی زانیاریی ڕاست لە زانیاریی ناڕاست، تاوەکو کەمتر تووشی کاریگەرییە نەرێنییەکانی ببن.

$H_0$ : پەیوەندی ئاماژەیی ئاماریی نیە لە نێوان خوێندەواریی میدیایی و زانیاریی هەڵەی نێو سۆشیال میدیا

$H_1$: پەیوەندی ئاماژەیی ئاماریی هەیە لە نێوان خوێندەواریی میدیایی و زانیاریی هەڵەی نێو سۆشیال میدیا

| گۆڕاوەکان | زانیاریی هەڵەی نێو سۆشیال میدیا | | |
|---|---|---|---|
| | پەیوەندی (الارتباط) | ئاستی بەڵگەداری ( الدالة الاحصائية) (P-value) | |
| خوێندەواریی میدیایی | 0.745 | 0.000 | 0.05 > |

خشتەی (12) خستنەڕووی پەیوەندی نێوان خوێندەواریی میدیایی و زانیاریی هەڵەی نێو سۆشیال میدیا

**گریمانەی دووەم: ڕۆڵی خوێندەواریی میدیایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە لە نێو سۆشیال میدیای هەرێمی کوردستاندا:**

ئەنجامەکە بەڕوونی دەریخست، کە خوێندەواریی میدیایی ڕۆڵی ئەرێنی هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە لە هەرێمی کوردستاندا سۆشیاڵ میدیا بە نموونە، لە ڕێگەی مۆدێلی ( Rank Regression Model) , بەگوێرەی بەهای تاقیکردنەوەی F (ANOVA Table -F-Test):ڕوونی دەکاتەوە ئەم داتایە گونجاوە بۆ مۆدێلی (Rank Regression Model) چونکە ئاستی بەڵگەداری(Sig.) بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (مستوى المعنوي) ی (0.05).

بەگوێرەی (تاقیکردنەوەی T) بۆ (خوێندەواریی میدیایی) دەکاتە (21.876) هەروەها بەهای ئاستی بەڵگەداری (0.000) دەردەکەوێت (خوێندەواریی میدیایی) ڕۆڵی هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ (زانیاریی هەڵەی نێو سۆشیال میدیا) لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداری (Sig.) بچوکترە لە (0.05)، کەواتە قبولی گریمانەی ($H_1$) دەکەین و ڕەفزی گریمانەی ($H_0$) دەکەین

هەروەها بەگوێرەی بەهای (معامل التحديد-R2) کە دەکاتە (0.555) واتە بەڕێژەی (55.5%) (خوێندەواریی میدیایی) ڕۆڵی هەیە (لە زانیاریی هەڵەی نێو سۆشیال میدیا)، بەواتایەکی تر (خوێندەواریی میدیایی) بە ڕێژەی (55.5%) کاریگەری هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ( زانیاریی هەڵەی نێو سۆشیال میدیا).

لەم سۆنگەیەوە، ئەنجامەکان بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەکەن، کە خوێندەواریی میدیایی تەنها وەک کارامەییەکی گشتی نییە، بەڵکو میکانیزمێکی چالاک و کارایە بۆ دروستکردنی توانای ناسینەوە، هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکردنی ڕەخنەگرانەی زانیارییە هەڵەکان. ئەمەش بەهای خوێندەواریی میدیایی بەرز دەکاتەوە وەک پۆلێک لە کارامەیی و توانست، کە پێویستە لە بەرنامەکانی خوێندن و کەمپینەکانی هۆشیاریدا جێگەی پێبدرێت، بەتایبەتی لە ژینگەیەکی میدیاییدا، کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی بڵاوبوونەوەی زانیارییە نادروستەکان دەبینەوە. لە کۆتاییدا، ئەم ئەنجامە داواکارییەکی بەهێزە بۆ

پەرەپێدانی خوێندەواریی میدیایی بەمەبەستی بەهێزکردنی تاک و کۆمەڵگا لە بەرانبەر تەحەددیاتی زانیارییە هەڵەکان.

$H_0$ : خوێندەواریی میدیایی ڕۆڵی نییە لەمامەڵەکردنێکی دروست لەگەڵ زانیاریی هەڵەی نێو سۆشیال میدیا.

$H_1$ : خوێندەواریی میدیایی ڕۆڵی هەیە لەمامەڵەکردنێکی دروست لەگەڵ زانیاریی هەڵەی نێو سۆشیال میدیا.

| نموذج Model | المعلمات B | تاقیکردنەوەی ت | ئاستی بەڵگەداری | معامل التحدید | ANOVA Table (F-test) | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | بەهای تاقیکردنەوەی ف | ئاستی بەڵگەداری |
| | | T(اختبار) T-test | (الدلاله) Sig. | $R^2$ | Fقیمة | (الدلاله) Sig. |
| خوێندەواریی میدیایی | 0.74 | 21.876 | 0.000 | 0.555 | 478.565 | 0.000 |

خشتەی (13) ڕۆڵی خوێندەواریی میدیایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵە لە نێو سۆشیال میدیای هەرێمی کوردستاندا.

## تەوەریی حەوتەم: زانینی جیاوازی لە ئاستی هەریەکە لە خوێندەواریی میدیایی و زانیاریی هەڵە بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان:

### یەکەم: خوێندەواریی میدیایی

### آ: بەپێی ڕەگەز و پسپۆڕی

بۆ دەرهێنانی ئەو ئامانجە توێژەر (Independent sample T-test)ی بەکارهێناوە، دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی نێر بریتییە لە (43.18) بە لادانی پێوەری (7.18) و ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی مێ (43.53) بە لادانی پێوەری (6.97) و نمرەی ئازاد (383) و بەهای (T=0.486) لەسەر ئاستی بەڵگەداریی ئاماریی (0.627) هەروەها ناوەندی ژمێرەیی پسپۆڕی زانستی (43.88) بە لادانی پێوەری (7.44) و ناوەندی ژمێرەیی پسپۆڕی مرۆڤایەتیی (42.89) بەلادانی پێوەری (6.71) و نمرەی ئازاد (383) و بەهای (T=1.,36) لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.172)، لەبەر ئەوەی (P=0.627 >0.05) و (0.172 >0.05) کەواتا جیاوازیی بەڵگەداری ئاماریی نییە لە ئاستی خوێندەواریی میدیایی بەپێی ڕەگەز و پسپۆڕی خوێندن، نەبوونی جیاوازیی بەڵگەدار لە ئاستی خوێندەواریی میدیایی بەپێی ڕەگەز و پسپۆڕی، لەبری ئەوەی بە خاڵێکی لاواز دابنرێت، بەڵکو وەک خاڵێکی بەهێز بۆ پێشنیازکردنی سیاسەت و پرۆگرامی پەروەردەیی گشتگیر سەیر بکرێت. ئەم دەرئەنجامە ئاماژە بەوە دەدات، کە پێویستە پرۆگرامەکانی خوێندەواریی میدیایی بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەموو خوێندکارانی زانکۆ دابین بکرێن، بەبێ جیاوازی لەسەر بنەمای ڕەگەز یان پسپۆڕیی خوێندن، بڕوانە خشتەی ژمارە (14).

| گۆڕاو | ژ.نمونه | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهات خشتەییT | بەهای T دەرهێنراو | ئاستی بەڵگەداری | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رەگەز | | | | | | | | |
| نێر | 196 | 43.18 | 7,18 | 383 | 1.96 | 0.486 | 0.627 | بەڵگەدارنیە |
| مێ | 189 | 43.53 | 6,97 | | | | | |
| پسپۆری | | | | | | | | |
| زانستی | 181 | 43.88 | 7,44 | 383 | 1.96 | 1.36 | 0.172 | بەڵگەدارنیە |
| مرۆڤایەتی | 204 | 42.89 | 6,71 | | | | | |

خشتەی (14)دەرخستنی جیاوازی لە ئاستی خوێندەواریی میدیایی سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی (ڕەگەز و پسپۆڕی خوێندن)

## ب: بەپێی زانکۆ

بۆ دەرهێنانی ئەو ئەنجامە توێژەر (One way-ANOVA)ی بەکارهێناوە دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی خوێندکارانی زانکۆی صلاح الدین_هەولێر (43.42) بە لادانی پێوەری (7.11) و ناوەندی ژمێرەیی خوێندکارانی زانکۆی دهۆک (41.72) بەلادانی پێوەری (6.92) و ناوەندی ژمێرەیی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی (44.94) بەلادانی پێوەری (7.05) و ناوەندی ژمێرەیی خوێندکارانی زانکۆی هەڵەبجە (43.94) و بەلادانی پێوەری (5.87) وەکو لە خشتەی ژمارە (15) خراوەتەڕوو.

خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەرزترین ئاستی خوێندەواریی میدییان هەیە و لە پلەی دووەمدا خوێندکارانی زانکۆی صلاح الدین دێن و لە پلەی سێیەمدا خوێندکارانی زانکۆی هەڵەبجە و دوا پلەش خوێندکارانی زانکۆی دهۆکە، کە نزمترین ئاستی خوێندەواریی میدیاییان هەیە و بەڵگەدارە لەگەڵ هەریەکە لە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی و صلاح الدین. بە ڕای توێژەر سلێمانی وەک شارێک، خاوەن ژینگەیەکی کراوەترە لە ڕووی میدیاییەوە، ڕێکخراوی مەدەنیی چالاکتر، کولتوورێکی زیاتری گفتوگۆ و ڕەخنەگرتن، ئەم ژینگەیە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کارامەیی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لەنێو تاکەکاندا پەرەپێدەدات، ئەمە لە کاتێکدا خوێندکارانی زانکۆی دهۆک نزمترین ئاستی خوێندەواریی میدیاییان هەیە، خوێندکارانی زانکۆی صلاح الدین، ئەوان بەرکەوتنیان لەگەڵ سۆشیال میدیادا زۆرە و ئاستی خوێندەواریی میدیاییان مامناوەندە و لە دهۆک باشترن، ئەوان لە شوێنێکی ناوەندیدان لەنێوان سێ زانکۆکەی تردا.

| | ژ.نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|
| صلاح الدین_هەولێر | 138 | 43.4275 | 7.11110 |
| دهۆک | 119 | 41.7227 | 6.92199 |
| سلێمانی | 111 | 44.9459 | 7.05799 |
| هەڵەبجە | 17 | 43.9412 | 5.87868 |
| کۆی گشتی | 385 | 43.3610 | 7.07453 |

خشتەی ژمارە (15)

خستنەڕوی ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نمرەی خوێندەواری میدیایی بەپێی زانکۆ

**دووەم: زانیاریی هەڵە**

**آ: بەپێی ڕەگەز و پسپۆڕی خوێندن**

بۆ دەرهێنانی ئەو ئامانجە توێژەر (Independent sample T-test )ی بەکارهێناوە، دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی نێرە بریتییە لە (41,68) بە لادانی پێوەری (10,83) و ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی مێ (44,24) بە لادانی پێوەری (9,70) و نمرەی ئازاد (383) و بەهای (T=2,44) لەسەر ئاستی بەڵگەداریی ئاماریی (0,015) هەروەها ناوەندی ژمێرەیی پسپۆڕی زانستی (43,70) بە لادانی پێوەری (10,39) و ناوەندی ژمێرەیی پسپۆڕی مرۆڤایەتیی (42,26) بەلادانی پێوەری (10,31) و نمرەی ئازاد (383) و بەهای (T=1,35) لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0,176)، لەبەر ئەوەی ( P=0,015 <0,05) کەواتا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە ئاستی زانیاری هەڵە بەپێی ڕەگەز لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێ، بەڵام لەبەر ئەوەی (0,176 >0,05) جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی نیە لە ئاستی زانیاری هەڵە بەپێی پسپۆڕی خوێندن وەکو لە خشتەی ژمارە (16)دا خراوەتەڕوو. ئەم دەرئەنجامانە چەند خاڵێکی گرنگ دەخەنەڕوو، بوونی جیاوازیی بەڵگەدار لەسەر بنەمای ڕەگەز، بە تایبەت لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێینە، شایەنی تێڕوانینە، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ،کە ڕەگەزی مێ زیاتر هۆشیارن بەرانبەر بە مەترسییەکانی زانیاریی هەڵە، یان شێوازی جیاوازیان لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و وەرگرتنی زانیاریدا هەیە، کە وایان لێدەکات وریاتر بن، ئەمەش دەتوانێت پەیوەندی بە فاکتەرە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانەوە هەبێت، کە کاریگەرییان لەسەر شێوازی کارلێککردنی ڕەگەزەکان لەگەڵ میدیادا هەیە. لە بەرانبەردا، نەبوونی جیاوازیی بەڵگەدار لەسەر بنەمای پسپۆڕیی خوێندن، وەک لە ئاستی گشتیی خوێندەواریی میدیاییدا دەرکەوت، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە مەترسیی زانیاریی هەڵە و پێویستیی مامەڵەکردن لەگەڵیدا، بابەتێکی گشتییە و پسپۆڕییەکی دیاریکراو ناگرێتەوە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە، کە خوێندکارانی هەردوو پسپۆڕیی زانستی و مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی هاوشێوە ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە دەبنەوە و ئاستی توانایان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا وەک یەک نزیکە. ئەم دەرئەنجامە پشتگیری لەوە دەکات، کە پرۆگرامەکانی خوێندەواریی میدیایی دەبێت بە شێوەیەکی گشتگیر بۆ هەموو پسپۆڕییەکان دابڕێژرێن، بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی ڕەگەزی لە پەرەپێدانی ستراتیژییەکاندا.

| گۆڕاو | ژ.نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهات Tخشتەیی | بەهای T دەرهێنراو | ئاستی بەڵگەداری | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **ڕەگەز** | | | | | | | | |
| **نێر** | 196 | 41,68 | 10,83 | 383 | 1,96 | 2,44 | 0,015 | بەڵگەدارە |
| **مێ** | 189 | 44,24 | 9,70 | | | | | |
| **پسپۆڕی** | | | | | | | | |
| **زانستی** | 181 | 43,70 | 10,39 | 383 | 1,96 | 1,35 | 0,176 | بەڵگەدارنیە |
| **مرۆڤایەتی** | 204 | 42,26 | 10,31 | | | | | |

خشتەی (16)

دەرخستنی جیاوازی لە ئاستی زانیاریی هەڵە بەپێی (ڕەگەز و پسپۆڕی خوێندن)

**ب: بەپێی زانکۆ**

بۆ دەرهێنانی ئەو ئەنجامە توێژەر (One way-ANOVA)ی بەکارهێناوە دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی خوێندکارانی زانکۆی صلاح الدین_هەولێر (43,19) بە لادانی پێوەری (10,71) و ناوەندی ژمێرەیی خوێندکارانی زانکۆی دهۆک (40,47) بەلادانی پێوەری (11,14) و ناوەندی ژمێرەیی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی (45,46) بەلادانی پێوەری (8,65) و ناوەندی ژمێرەیی خوێندکارانی زانکۆی هەڵەبجە (41,64) و بەلادانی پێوەری (8,46) وەکو لە خشتەی ژمارە (17) خراوەتەڕوو .ئەم ئەنجامانە هاوشێوەی ئەنجامەکانی جیاوازیی ئاستی خوێندەواریی میدیایی بەپێی زانکۆن، زانکۆی سلێمانی بەرزترین ئاستی خوێندەواریی میدیایی و زانکۆی دهۆک نزمترین ئاستی هەیە. ئەم هاوشێوەییە زۆر گرنگە و پشتگیری لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان خوێندەواریی میدیایی و توانای مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵەدا دەکات.

| | ژ.نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|
| صلاح الدين_هەولێر | 138 | 43.1957 | 10.71520 |
| دهۆک | 119 | 40.4790 | 11.14454 |
| سلێمانی | 111 | 45.4685 | 8.65481 |
| هەڵەبجە | 17 | 41.6471 | 8.46272 |
| Total | 385 | 42.9429 | 10.36304 |

خشتەی ژمارە (17)

خستنەڕوی ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نمرەی زانیاریی هەڵە بەپێی زانکۆ

## دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

لەم بەشـــەدا، گرنگترین ئەو دەرەنجامانە دەخرێنەڕوو، کە لە بەشـــی کردەیی توێژینەوەکەوە بەدەستهاتوون، بە پشتبەستن بە ئامانجە دیاریکراوەکان:

١. بەرتوێژان بە ڕێژەیەکی بەرچاو سـۆشـیال میدیا بەکار دەهێنن، زۆرینەشـیان بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیارییە.

٢. بەرتوێژان ئاگادارن، کە سـۆشـیال میدیا سـەرچاوەیەکی سـەرەکیی زانیاریی هەڵەیە، بەڵام هێشتا وەک سەرچاوەی هەواڵ پشتی پێ دەبەستن.

٣. متمانەی بەرتوێژان بە زانیارییەکانی سۆشـیال میدیا بێلایەنە، ئەمەش نیشـانەی لاوازییە لە هەڵسەنگاندنی وردی زانیارییەکان.

٤. زۆرینەی بەرتویژان لە ڕێگەی هەوڵی تاکەکەســییەوە ئاشــناییان بە خوێندەواریی میدیایی پەیدا کردووە، نەک لە ڕێگەی خوێندنی فەرمی، ئەمەش کەموکوڕیی سیستەمی پەروەردەیی و خوێندنی باڵا دەردەخات.

٥. جیاوازیی ڕەگەزی و پسـپۆڕی لە ئاسـتی خوێندەواریی میدیاییدا نەبوو، بەڵام ڕەگەزی مێ هۆشیارترن بەرانبەر بە زانیاریی هەڵە.

٦. جیـاوازیی بەڵگەداری ئـامـاریی لە خوێنـدەواریی میـدیـایی و مـامـەڵەکردن لەگەڵ زانیـاریی هەڵەدا بەپێی زانکۆ هەبوو، زانکۆی ســلێمانی بەرزترین ئاســت و زانکۆی دهۆک نزمترین ئاستی هەبوو.

٧. پەیوەندییەکی ڕاســـتەوانە و بەهێز لەنێوان خوێندەواریی میدیایی و توانای مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵەدا هەیە.

٨. خوێندەواریی میدیایی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە و بەرچاوی هەیە لە بەهێزکردنی توانای تاک بۆ ناسینەوە و مامەڵەکردنێکی دروست لەگەڵ زانیاریی هەڵەدا.

## ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

لەســـەر بنەمای دەرەنجامە گرنگەکانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر ئەم ڕاســـپاردانەی خوارەوە ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات:

**یەکەم: ڕاسپاردە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

١. بڕیاردان لەســـەر زیادکردنی بابەتی خوێندەواریی میدیایی و زانیاریی (Media and Information Literacy) وەک بابەتێکی ناچاری (پێداویســـتیی زانکۆ) بۆ قۆناغی یەکەمی سەرجەم بەش و کۆلێژەکان، بەبێ جیاوازیی لەنێوان پسپۆڕییە زانستی و مرۆڤایەتییەکاندا.

٢. داڕشـــتنی پرۆگرامێکی خوێندنی یەکگرتوو و ســـتاندارد بۆ ئەم بابەتە، کە کارامەییە کردارییەکانی وەک (پشـکنینی سـەرچاوە، ناسـینەوەی هەواڵی سـاختە، مامەڵەی ئەخلاقی لەگەڵ زانیاریی) لەخۆبگرێت و بە شـــێوەیەکی بەردەوام نوێبکرێتەوە بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکاریی و پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان.

٣. پشـــتگیریکردنی دامەزراندنی (یەکەی هۆشـــیاریی دیجیتاڵی) لەناو زانکۆکاندا، کە ئەرکی ســـەرەکییان بریتیبێت لە ئەنجامدانی چالاکی و بڵاوکردنەوەی هۆشـــیاری لە دەرەوەی چوارچێوەی وانە فەرمییەکان.

**دووەم: ڕاســـپاردە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پلاتفۆرمەکانی پشـــکنینی ڕاســـتییەکان (Fact-Checking):**

١. پەرەپێدانی بەشـی تایبەت بە (پشـکنینی ڕاسـتییەکان) لەناو دەزگا میدیاییەکاندا و کارکردن لەســـەر ڕاســـتکردنەوەی ئەو زانیارییە هەڵانەی، کە بە خێرایی لە ســـۆشـــیال میدیادا بڵاودەبنەوە، بەتایبەت ئەو بابەتانەی بە ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیانەوە پەیوەستن.

